www.pertwk.com

PDF4Kurd

# سەربازێکی ئەمێریکایی

## بەشێك لە یاداشتەکانی

# ژەنەراڵ تۆمی فرانکس

باسط حەمە غەریب

کردوویەتی بەکوردی

سلێمانی
2006

www.pertwk.com

**حکومەتی هەرێمی کوردستان**

**وەزارەتی رۆشنبیری**

**بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان**

www.roshnbiri.org

khanaywargeran@yahoo.com

- **ناوی کتێب: سەربازێکی ئەمێریکایی**
- **نوسەر: ژەنەراڵ (تۆمی فرانکس) بە هاوکاری (مالکۆڵم ماکۆنیل)**
- **بڵاوکراوەی (خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی ـ ریگانس بۆکس)**
- **سەرچاوە: رۆژنامەی (الشرق الاوسگ)**
- **بابەت: یاداشت (بیرەوەریی)**
- **وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: باسط حەمە غەریب**
- **سەرپەرشتیاری هونەری: زاناکەمال**
- **تایپ: هێدی محەمەد**
- **دیزاین: بازیان جەلال**
- **زنجیرە:** 138
- **تیراژ:** 1500
- **ژمارەی سپاردنی (**115**) وەزارەتی رۆشنبیری پێدراوە**
- **چاپ:**

www.pertwk.com

**ژەنەراڵ تۆمی فرانکس** فەرماندەو بەڕێوەبەری ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی ئەفغانستان لەڕێژیمی تاڵیبان لە ئۆکتۆبەری (2001) و لەچوارچێوەی ئۆپەراسیۆنی (ئازادیی هەمیشەیی – Freedom Enduring) و فەرماندەی هێزەکانی هاوپەیمان لەجەنگی رزگارکردنی عێراق و رووخاندنی رژێمی سەدام حسێن لەئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی عێراق ( Iraqi Freedom)دا, لەمانگی ئابی ساڵی 2004دا بیرەوەرییەکانی خۆی لە کتێبێکدا بڵاوکردەوە بە ناونیشانی (سەربازێکی ئەمێریکایی).

ژەنەراڵ تۆمی فرانکس ئەم کتێبەی بەهاوکاری (مالکۆلم ماکۆنیل) نوسیوەو خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی (ریگانسبۆکس) لە 567لاپەڕەی قەبارە ناونجیدا بۆی بڵاوکردەوە. کتێبەکەی لەچواربەش پێك هاتووە:



بەشی یەکەم: بەناونیشانی (ڕەگە قووڵەکان), کە تەرخانکراوە بۆمێژووی ژیانی و ئەو بەهایانەی لە ژینگەو خێزان و کۆمەڵگەکەیدا بۆی ماوەتەوە.

بەشی دووەم: بەناونیشانی (سەربازێکی پیشەیی - پرۆفیشناڵ), کە تەرخانی کردووە بۆ سروشت و پێکهاتەو ئەرکەکانی سوپای ئەمێریکا, و ئاماژەی بەوەداوە کە هەرلەو کاتەوەی ئەو ئەرکەکانی وەرگرت ئەو سوپایە بووە سوپایەکی مۆدێرن و تازەگەر.

بەشی سێیەم: کەناونیشانی (فەرماندەی سوپا)ی بۆ داناوە, سەرنج راکێشترین بەشی کتێبەکەیە, و لەسێ بەش پێکهاتووە, تیایدا باسێکی وردی ئەو ئەو چوارچێوە جیۆگرافیکە ئەکات, کە ئەو تیایدا بەڕێوەبەرێتیی ئۆپەراسیۆنەکانی گرتە دەست و ناونیشانی (دەوروبەرێکی ترسناك)ی بۆداناوە.

دووبەشەکەی تریشی ناوناوە (جۆرێکی نوێی جەنگ) و (سەرکەوتنێکی مێژوویی).

بەشی چوارەم: کە کۆتایی کتێبەکەیە, تەرخانی کردووە بۆ باسی تێگەیشتنی خۆی لە جەنگ و شەڕو (ئۆپەراسیۆنی ئازادیی عێراق) و جیاوازیی ئەو هاوپەیمانێتیەی ئەو فەرماندەیی ئەکرد لەگەڵ سەرجەم هاوپەیمانێتییەکانی پێشوو.

بایەخی ئەم کتێبە ئەوەیە کە سەرەنجام ژەنەراڵ (تۆمی فرانکس) هاتە قسەو لەو بێدەنگییە هاتە دەرەوە, کەوای لە

www.pertwk.com

میدیای ئەمێریکا کردبوو ناوی بنێت (هاوبەشی بێدەنگ, یـا ئـارام - partaner Silent), و رازی گـەڵ رووداو ئاشکرابکات, کەنەك هەرتەنیا لایەنێك بووە تیایدا, بەڵکو خۆی لەناوجەرگەی رووداوەکاندا بووە.

جگە لەوەش ئەم کتێبە یەکەم باسە لەمێژووی ئەو رووداوانەی هێشتا لەناوچەکەدا گەرمن و هێشتا رەنگدانەوەی لەسەرژیانی ناوچەکە هەیە.

ئەم بەشە لەیاداشتەکانی ژەنەراڵ تۆمی فرانکس رۆژنامەی (الشرق الأوسط) بەدە ئەڵقە لەماوەی نێوان 8ی ئاب تا 10ی ئەیلولی 2004 بلاوی کردەوە و پێشتر کورتەیەکی ئەم یاداشتە لە گۆڤاری (خاك)دا بلاوکرایە و لەسەرداوای ژمارەیەکی زۆری خوێنەران کە بەڵێنمان پێدابوون, بە باشمانزانی سەرجەم دە ئەڵقەکە بکەینە کوردی و لەنامیلەکەیەکدا بلاویبکەینەوە.

بەداخەوە پرۆسەی کردنەکوردیی نەبووەتە خەمی هەزاران کوردی خوێندەواری زمانزان کەلەولاتانی ئەوروپادا ئەژین, ئەگینا ئەبوو لەماوەیەکی کورتدا تەواوی ئەم کتێبە و دەیان کتێبی ترمان بە کوردی ببینیایە, کە بەشێکی زۆریان پەیوەستن بەو رووداوانەوەی زۆرنزیکن لە کوردەوەو کوردستان و خەڵکی کوردستانیش بەشێکن لەرووداوەکان.



بەو هیوایەی بەم زووانە سەرجەم کتێبەکە بەزمانی کوردی لە کتێبخانەی کوردیدا ببینین.

www.pertwk.com

**كات: 19ی مارسی 2003**

لەسەركورسییە چەرمەكەم, خۆم بەپێشدا لاركردبووەوەو چاودێری سكرین (شاشە)ی بەتاڵی ڤیدیۆكەم ئەكرد.

پاش ساتێك وەستان, دیمەنی ژووری بەدواداچوونی بارودۆخەكان لەكۆشكی سپی سەرنجی راكێشاین. سەرۆك (جۆرج دەبلیو بوش)لەسەرەوەی مێزەكە لەنێوان (دیك چینی) جێگری سەرۆك و(كۆڵن پاوڵ)ی وەزیری دەرەوەدا دانیشتبوو, هەر پێنج ئەندامەكەی تری (ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی) یش لەمبەرو ئەوبەری مێزەكە دانیشتبوون, لەبەرامبەر ئەو سكرینەی وێنەی ئێمەی پیشان ئەدان, هەروەك چۆن ئێمەش ئەوانمان ئەبینی.



چاكەتی پیاوەكان رەشێكی شیك بوو, و دكتۆرە (كۆندالیزا رایس)یش چاكەتێكی سادەی لەبەردابوو. ئەگرا ئەوانە ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی كۆمپانیایەك بن, بەڵام بابەتی ئەم كۆنگرە ــ كۆبوونەوە ڤیدیۆییەی كۆیكردبووینەوە, قازانج و زیان نەبوو, بەڵكو (جەنگ) بوو.و لەوێوە گەر سەرۆك فەرمانی پێبدامایە, ئەوا هەزاران سەربازی هاوپەیمان و هێزەكانی مارێنز لەماوەی چەند سەعاتێكدا لە سنورەكانی عێراقەوە هێرشیان ئەكرد. و سەدان فڕۆكەی جەنگی ئەمێریكایی و بەریتانیایی و ئوسترالیایی پشتیوانی هێزەكانی سەرزەوییان ئەكرد.

پرسیم: ((جەنابی سەرۆك ئایا گوێتان لەدەنگی منە؟)).

وەڵامم درایەوە: ((بەڵێ تۆمی, گوێمان لێتە, بەروونی دەنگت ئەبیستین. لێرە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی دانیشتوون)).

دەستم كرد بەقسەكردن: ((گەورەم, ئەمەوێت سەرەتا كورتەیەكتان سەبارەت بەفەرماندە سەربازییەكانمان پێشكەش بكەم و پاشان رێیان بدەم ئەوان راپۆرتێكی خێراتان لەسەر بارودۆخەكە پێشكەش بكەن.بەژەنەراڵ (بوز موسلا) دەست پێ ئەكەم)). سەرم بەلای چەپدا وەرگێڕا, (بوز) بەرگی بیابانیی هێزی ئاسمانیی ئەمێریكای لەبەردابوو, نیشانە سێ ئەستێرەكەی لەلاملیدا بوو. و لەتەنیشت ئەو لەسەر مێزە

www.pertwk.com

هێلکەییەکە (گلین تۆربی) جێگری مارشاڵ لە هێزی ئاسمانی شاهانەی بەریتانیا دانیشتبوو, کە فەرماندەیی هێزی ئاسمانیی بەریتانیای ئەکرد لەناو هاوپەیمانیدا, و فەرماندەی دەستە (جیف براون) فەرماندەی هێزی ئاسمانیی ئوستراليا لای راستمەوە دانیشتبوو.

بوز وتی: ((جەنابی سەرۆك فەرماندەییەکەمان بەتەواوی ئامادەیەو هێزەکانی هاوپەیمانیش ئامادەن. و ئێستا فڕۆکەکانی هێزی ئاسمانیی بەئاسمانی عێراقدا ئەسوڕێنەوە. جەنابی سەرۆك چاکترین هێزی جیهانمان هەیە لەلایەنی مەشق و کەلوپەل و هاندەرەوە, و ئێمە بەتەواوی ئامادەی جێبەجێکردنی ئەم ئەرکەین)).

جۆرێك لە هەراسانی بەدانیشتوانی ئەولاوە دیاربوو. ئاشکرابوو کە کۆلن پاوڵ ماندووە, تا ئەو رادەیەی من هەستم پێ ئەکرد. و سەرۆکی راستەوخۆم (دۆناڵدرامسفێڵد)ی وەزیری بەرگریی ئارام و لە قوڵایی بیرکردنەوەدابوو. لە تەنیشتیەوە ژەنەراڵ (دیك مایرز) سەرۆکی دەستەی ئەرکانی هاوبەش دانیشتبوو, و دەموچاوی گرژدیاربوو. (جۆرج تینیت)ی بەرێوەبەری (ئاژانسیهەوالگریی ناوەندیی) لەوسەری مێزەکەوە دانیشتبوو, و بەوردی گوێی گرتبوو. ئەوان لەترسناکیی ئەم ساتە تێئەگەیشتن. بەغدا دوائامانجی هێزەکانمان بوو. و ئەرکەکەمان بەزاندنی دوژمن و روخاندنی



یەکێك لەترسناکترین رژێمە دیکتاتۆریەکانی جیهان و سەرکوتکەرترینیان بوو, ئەویش رژێمی بەعسە کە سەدام حسێن سەرۆکایەتی ئەکات.

دوای ئەوە, کە سەیری سکرینەکەم ئەکرد, سەرۆك بوشم بینی قسەئەکات, بەڵام من هیچ گوێم لەدەنگی نەبوو, دیاربوو هەڵەیەك هەیە لە تەکنیکی دەنگ لەرێی مانگە دەستکردەکانەوە. و هیوام خواست کە ئەمە نیشانەیەکی خراپ نەبێت.

دووبارە سەرۆك کەوتەوە قسە, بەڵام وێنەکەی وەستابوو. رامسفێڵد بەدەست ئاماژەی کردو پەنجەی برد بۆلای گوێیەوە و شتێکی وت. پاشان ژەنەراڵ (بوز) خۆی لارکردەوەو پلاکێکی کوژاندەوە لەسەر بۆردی پلاکە رەشەکانی بەردەمم. دیاربوو بەبێ مەبەست دەنگەکەم بڕی بوو.

بە پەشیمانیەوە وتم: ((جەنابی وەزیر, ئەم شتەم لەسەر ئامێرەکەم دۆزییەوە, ئێستا ئەتوانم بەروونیی ودەنگی بەرز قسەت لەگەڵ بکەم)).

ئەم هەڵەیەی من ئالۆزیی کەشەکەی رەواندەوە, و دەنگی پێکەنین لەژووری بەدواداچوونی کۆشکی سپییەوە بەرز بووەوە. و سەرۆك بەخەندەوە وتی: ((گوێ مەدەرێ تۆمی, باوەڕمان لەق نەبووە. خۆشبەختانە مامەڵە لەگەڵ کۆمەڵێك فڕۆکەوان ئەکەین کەلە تەنیشتتەوە دانیشتوون)). و تۆنی

www.pertwk.com

دەنگی گۆڕا. و وشەکانی دیاریکراوبوون, وتی: ((ژەنەراڵ)), ڕووی قسەکانی کردە (بوز موسلا): ((هەموو شتێکت لەبەردەستدایە بۆ بەدیهێنانی سەرکەوتن؟))

– ((بەدڵنیاییەوە گەورەم)).

سەرۆك پرسی: ((شادمانیت بەستراتیژییەکەت؟))

– بوز وەڵامی دایەوە ((بەتەواویی)).

ستراتیژییەکەتەکەمان بۆ شکست پێهێنانی سەدام و ڕزگارکردنی عێراق پێکهاتبوو لەکارنامەیەکی ئاڵۆز و ورد کە من و تیمەکەم بەدرێژایی چەند مانگێك لەگەڵ دۆن ڕامسفێلد ئامادەمان کردبوو, کارنامەیەکی ناوازە لەمێژووی سەربازیدا.

لەکاتی ئۆپەراسیۆنی (گەردەلولی بیابان)دا هاوپەیمانان (560هەزار سەرباز)یان لە (14) تیپدا بڵاوکردبووەوە, و جەنگی زەمینیی دوای هەڵمەتێکی ئاسمانیی زۆر چڕوپڕو بۆماوەی پێنج هەفتە دژی ئامانجەکانی دوژمن, دەستی پێکرد, کەچی من لەئۆپەراسیۆنی (ئازادی عێراق)دا فەرماندەیی هێزێك ئەکەم نیوەی ئەو هێزەیە کەلەساڵی (1991)دا سوپای عێراقی بەزاند. ( ئەم هێزەی من پێك هاتووە لە پێنج تیپ, کەنیوەی ئەوکاتە زرێپۆش و تۆپیان پێیە). بەڵام ئێمە ئەمجارە لای ڕووباری فورات ناوەستین. بەڵکو پلانمان داناوە درێژە بەپێشڕەویی بدەین و هەموو ڕێگەکە تا بەغدا ببڕین و بگرە ئەولاتریش. و بەپێی ستراتیژییەتەکەمان, هێرشی



ئاسمانیی یەکلاکەرەوە کاتێك دەست پێ ئەکات کە هێزە زەمینییەکان ئۆپەراسیۆنەکانی خۆیان دەست پێ ئەکەن, ئەمەش بەسەرکێشییەکی ترسناك ئەژمێردرێت. بەڵام لەماوەی خزمەتێکی (38) ساڵەدا وەك سەربازێك, فێری ئەوەبووم کە جیاوازیی هەیە لەنێوان سەرکێشی و قوماردا.

دوای ئەوە ژەنەراڵ (دەیڤید ماکیرنان) فەرماندەی هێزی زەمینیم لەکوەیت ناساند.ئەویش وتی: ((جەنابی سەرۆك 170 هەزار سەربازی پیادەو مارێنزی ئەمێریکاو بەریتانیاو ئوستراليا ئامادەن)).

سەرۆك وتی: ((شانازی ئەکەین بەبەریتانیایی و ئوستراليایيەکانەوە)).

دەیڤید وتی: ((ئێستا کە ئێمە لەگفتوگۆداین, هێزەکانمان بەرەو پێگەکانی هێرشبردنی پێشەوە لەپێشڕەویدان, لەسەرسنوری کوەیت. و توانای لۆجستیمان لەشوێنی خۆیدایە بۆ بەردەوامبوونی چالاکییەکانمان تا ئەوپەڕی باکوورو بۆهەر کاتێك کە پێویستمانە)).

جۆرج بوش پرسی: ((ژەنەراڵ, ئایا هەموو شتێکت لەبەردەستدایە بۆ سەرکەوتن؟))

- ((بەڵێ گەورەم)).

- ((لە ستراتیژییەتەکە ڕازیت؟))

- ((بەڵێ گەورەم)).

www.pertwk.com

پاشان سەرەی جێگری ئەدمیراڵ (تیم کیتینگ)فەرماندەی هێزی دەریایی لەبەحرەین هات. و باسی هێزەکەی کرد کە پێکهاتووە لە (149)کەشتیی, (60)یان هی هێزەکانی هاوپەیمانە_کەلەخۆرهەڵاتی دەریای ناوەڕاست و دەریای سور و کەنداودا بڵاوبوونەتەوە, ئەمەش کەشتیگەلێکە کە پێکهاتووە لە (5)کەشتی فرۆکە هەڵگر: ((ئامادەن بۆدەست بەکاربوون جەنابی سەرۆك)).

جارێکی تر بوش لێی پرسیەوە: ((هەمو پێویستیەکانت لەبەردەستدایە؟))

- ((بەڵێ لەبەردەستماندایە گەورەم.)

سەرۆك بوش کورسییەکەی بردە دواوەو خەندەیەکی کرد, ((ئیتر پرسیار لەبارەی پلانەکەوە ناکەم, چونکە ئێوە خۆتان ئامادەتان کردووە)).

گوێم لە پێکەنینی ئامادەبووانی کۆنگرە ڤیدیۆییەکە بوو. چونکە سەرۆك هەمان توانای سروشتیی سەرکردەیەکی هەیە بۆ حەواندنەوەی ئەوکەسانەی لەبەردەستیدا کارئەکەن.

پاشان سەرەی ژەنەراڵ (ئیرل هالستۆن)ی فەرماندەی هێزەکانی مارێنز هات, کە هەرلە بەحرەینە, و فەرماندەیی هێزێکی چاودێریی پێشهاتەکان ئەکات, و ئەویش دوپاتی کردەوە کە: ((ورەمان بەرزە)) و پاشان وتی: (( هێزەکانمان ئامادەی بەرپەرچدانەوەی هەر ڕووداوێکن,سەبارەت بە چەکی بایۆلۆژیی و کیمیایی)).



لەگۆڕەپانی ئۆپەراسیۆنەکانیشدا کوڕان و کچانی لاو, بەرگی خۆپارێزیی (دژیچەکی بایۆلۆژیی و کیمیایی)یان لەبەرئەکرد, پێش ئەوەی کەلوپەلی جەنگ لەخۆیان ببەستن. و بەپێی تازەترین زانیاریی هەواڵگریی کەبەدەستمان گەیشتبوو, یەکەکانی عێراق لەبەرەی شەڕو تیپەکانی گاردی کۆماریی, چەکداربوون بەگازی دەمارگازی خەردەل, لەوانەشە بەچەکی (ئەنتراکس) و ژەهری (پلۆتۆنیۆم).

نە من و نە ژەنەراڵ (هالیستۆن) نەمانتوانی راستیی ئەو زانیارییانە دووپات بکەینەوە تائەوکاتەی چووینە ناو عێراقەوە, بەڵام عێراقییەکانمان ئەبینی کە سەرگەرمی مەشق بوون لەسەر چۆنیەتی کارکردن لە ژینگەی چەکی کۆمەڵکوژدا, و ئەو پەیوەندییە تەلەفۆنیی و بێسیمانەی لەنێوانیاندا ئاڵوگۆڕ ئەکراو ئێمە گوێمان لێگرتبوو, ئاماژەیان ئەدا بەوەی کە نیگەرانن لە (کیمیایی و ژەهر) و لەبەرئەوەی عێراقییەکان ئەزانن ئێمە چەکی کۆمەڵکوژمان پێ نییە, بۆیە پێم وایە ئەو ئامادەکارییەی ئەوان مانای وایە کەخۆیان بەکاری دێنن. بێگومان بووم کەلەرۆژانی داهاتوودا چەکی کۆمەڵکوژ دژی هێزەکانمان بەکار ئەهێنرێت. چونکە دوژمن تۆپ و موشەکی پێویستی هەیە بۆ هاویشتنی ئەو جۆرە چەکانە. و بەپێی ئەرکەکەم وەك فەرماندەی فەرماندەیی ناوەڕاستی هێزەکانی ئەمێریکا ئەبێت دڵنیابم لەوەی کە

www.pertwk.com

هێزەکانمان کاتێك فەرمانی شەڕکردنیان پێئەدرێت, پارێزراو ئەبن لە ئەگەری هەر مەترسییەکی دوژمن.

بێگومان من دڵشادبووم بە پێکهێنانی تیمەکەی (ئیرل هالیستۆن) بۆ وەڵامدانەوەی هەر مەترسییەك سەبارەت بەچەکی کۆمەڵکوژ کە هێزەکانی ئەمێریکا لەوانەیە ڕووبەڕووی ببنەوە. بەڵام بەشێوەیەکی زۆر جدی مامەڵەم لەگەڵ ئەو بەرپرسیارییەتەی خۆم ئەکرد, سەبارەت بەدابینکردنی ئەوپەڕی پارێزگاریی بۆ ڕۆڵەکانمان, لەکاتی جێبەجێکردنی ئەرکەکانی سەرشانیاندا. و ئەشمزانی کەرادەی ئامادەیی یەکە سەربازییە جیاوازەکان لەهەرئاستێکدا بێت, ئەوا هەندێك لەو لاوە ئازایانە هەر ئەکوژرێن, و بێگومان ژمارەیەکشیان بریندار ئەبێت. و ئەم لایەنە لەجەنگ زیاتر ئەو کەسانە پشتگوێی ئەخەن کە ئەزمونی شەڕیان نییە. من یەکەم وانەی ئەم ڕاستییە ئازاراوییەی جەنگ (35)ساڵ لەمەوبەر فێربووم, ئەوکاتەی چاودێری تۆپخانەبووم لە کێڵگەکانی مەرەزەو زۆرنگاوەکانی (مانگرۆف) لەدەلتای میکۆنگی ڤێتنام.

کاتێك سەربازەکانمان و هێزەکانی پیادەی دەریایی (مارێنز) ئەمشەو ودوای ئەوەی فەرماندەکانیان فەرمانی دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنەکانیان بۆدەرئەکەن و ئەکەونە پێشڕەویی بەناو بیابانە لمینەکانی سنوری عێراقدا بەرەو



کێڵگە تاریکەکانی مین, ئامادەن گیانیان فیدا بکەن, بەڵام ئێستاشی لەگەڵدا بێت, تەنانەت دوای ئەو هەموو ساڵە دورودرێژەی خزمەتکردن لەسوپادا, کەچی هێشتا هەست بە ئەبلەق بوون ئەکەم بەرامبەر بەو بارودۆخە, واتە کاتێك من لەناوەندی فەرماندەیی (ئێرکۆندێشندار)دا لە (قەتەر) دانیشتووم و سەیری نەخشە ژمارەیی(دیجیتاڵ) یەکانی سەر دیوارەکان ئەکەم, لەهەمان کاتدا بەسەر پشتی تانکەکانی (ئەبرامز), یا ئۆتۆمبیلێکی جەنگاوەری (برادلی)یەوەم, و هات بەمێشکمدا کە خەریکە بخنکێم بەهۆی تەپوتۆزو دوکەڵی ڕەشی گازۆییل و بۆنی عارەقی ترس هەڵئەمژم.

بەردەوام بووم لەسەر ناساندنی فەرماندە سەربازییەکانم لەڕێی تۆڕی پەیوەندیی ڤیدیۆیی لەچەندین شوێنی جیاوازی ناوچەکەوە. و لەپێگەیەکی مەیدانی بیابان لەنزیك سنوری سعودیە و عێراق ژەنەراڵ (دیك دیلی) فەرماندەی یەکەکانی هێزی تایبەت (یەکەی 20) بەسەرۆك بوشی ڕاگەیاند کە: ((سەبازەکانی ئامادەن جارێکی تر بەشداری جەنگ بکەنەوە)).

ئەو هێزە تایبەتانەی کەژەنەراڵ دیلی فەرماندەیانە, لە (ئۆکتۆبەر (تشرینی یەکەم)ی ساڵی 2001)داو دوای کەمتر لە مانگێك لەپەلامارەکانی (11ی سێپتەمبەری 2001)بەشداریی جەنگی ئەفغانستانیان کردبوو. و لەو

www.pertwk.com

جەنگەدا فەرماندەیی ناوەڕاست و هاوپەیمانە ئەفغانییەکانی، ڕژێمی بزوتنەوەی تاڵیبانیان بەزاندو لەماوەی (76)ڕۆژدا ئەو پەناگەیەیان تێکوپێك شکاند کە ڕێکخراوی (قاعیدە)ی پەنادابوو. و وا ئێستا لەماوەی کەمتر لەدووساڵدا فەرماندەیی ناوەڕاست بەرەو جەنگێکی تازە بەڕێوەیە.

لەو کاتەدا کە فەرماندە سەربازییەکان ئامادەیی خۆیان بۆئەم جەنگە دووپات ئەکردەوە، سەیرێکی دروشمی سەربازیی فەرماندەیی ناوەڕاستم کرد کە بەدیواری ژووری پەیوەندییەکەوە هەڵواسرابوو، و سەرنجمدا ئەو ناوچەیەی ئەکەوێتە سنووری لێپرسراوێتیی ئێمەوە (25)وڵات لەخۆی ئەگرێت، هەر لەکیشوەری ئەفریقاوە بەرەو دورگەی عەرەب و ئێران و عێراق و ئەفغانستان و پاکستان و بەرەو ناوچەی ئاسیای ناوەڕاستی سۆڤیەتی پێشوو، تا سنوری قەرقیزستان لەگەڵ چین.

لەم ناوچە ئاڵۆزەدا نیوملیار کەس ئەژین کەزۆربەیان گەنجانی هەژارو توڕەن لە مەینەتییەکانیان. چونکە چەندین دەیەیە جەنگ بەرۆکی ئەم ناوچەیەی گرتووە کە سەرچاوەی 65٪ی ئەمباری جیهانە لەنەوت و گازی سروشتیی.

تا ئێستاش ئامۆژگارییەکەی فەرماندەی پێشخۆم، ژەنەراڵ (ئەنتونی زینی)م لەیادە، پێش ئەوەی لە(جولای (تەموز)ی 2000)دا لێپرسراوێتیی فەرماندەیی وەرگرم، زینی پێی



وتم: ((تۆم... ئەرکەکەت چڕئەبێتەوە لەسەرپەرشتیکردنی ئاشتی و ئاسایش و ئارامیدا، بەڵام ناوچەکە بەهۆی یاخیبوونی تایەفەیی و ڕەگەزییی و ڕقوکینەی ئاینییەوە ئەکوڵێت و زەوییەکی بەپیتە بۆ تیرۆریزم. ئەگەر ئەمێریکا لەداهاتوودا لەجەنگێکی سەرەکیدا بەشداری بکات، ئەوا ئەو جەنگە لەم ناوچەیەی جیهاندا ئەبێت. ئەم ناوچەیە ترسناکە)).

دوای کۆتاییهاتنی ڕاپۆرتی فەرماندەکان، جارێکی تر کەوتمەوە قسەکردن بەئارامی و لەسەرخۆ، چونکە ئەمزانی ئەم ساتە مێژوییە چەند گرنگە.

بەسەرۆکم ڕاگەیاند کە هێزەکانمان ئامادەن و سەعاتی هێرشەکەمان (9)ی شەوە بەکاتی عێراق، و (6)ی ئێوارە بەکاتی گرینچ و(1)ی پاش نیوەڕۆ بەکاتی کەناری خۆرهەڵاتی ئەمێریکا.

سەرۆك بوش ئاوڕێکی بۆدامەوەو وتی: ((باشە... لەپێناو ئاشتی لەجیهانداو لەپێناو ئاسایشی وڵاتەکەمان و ئاسایشی سەرجەم جیهانی ئازاد دا.......)) و پاشان تۆزێك وەستا، و لەکاتێکدا زۆر بەبایەخەوە گوێمان لێگرتبوو، بەردەوام بوو لەسەر قسەکانی: ((....و لەپێناو ئازادیی گەلی عێراقدا، ڕێنمایی پێویست ئەدەم بەدۆناڵد رامسفێڵدی وەزیری بەرگریی بۆ جێبەجێکردنی ئۆپەراسیۆنی ئازادیی عێراق)

www.pertwk.com

پاشان سەرۆك وتی: ((تۆمی.. خوا هێزەكانی ئەمێریكا بپارێزێت)). و لەو كاتەدا ئەوماوەی حەوت هەزار میلە سڕایەوە كەلەنێوان من و كۆشكی سپیدا بوو, و وەڵامی سەرۆك بوشم دایەوە و وتم: ((خوا ئەمێریكا بپارێزێت)). سڵاوی سەربازیم بۆ فەرماندەی گشتی كرد و ئەویش وەڵامی سڵاوەكەی دایەوە.

شەقامەكە پڕ بوو لەتەنكەری سوتەمەنی تانكەكان و دەنگی فڕینی فڕۆكەكانی چاودێری لەدەرەوە ئەبیسترا. لەسەر پلیكانەی فڕۆكەكەم راوەستام. وا سەرۆك رێنمایی داومەتێ بۆ دەستپێكردنی جەنگ. هێزەكان لەئامادەباشیی تەواودان, بەڵام ئەو پرسیارەی لەمێشكمدا بوو ئەوە بوو كە: ((ئایا خۆم ئامادەم؟))

لەو كاتەدا تەماشای فڕۆكەیەكی زەبەلاحی خۆڵەمێشی رەنگم ئەكرد كەلەسەر رێگەكە خۆی ئامادە ئەكرد بۆ فڕین... ئەو دیمەنە باوەڕبەخۆبوونێكی قووڵی پێبەخشیم. بەلامەوە سەیربوو كە بیرم لەساڵانی تر نەكردەوە, كاتێك ئەفسەرێكی فەرماندە بووم, یا لەوپەروەردە سەربازییەی لەكاتی كاركردنم لەبواری سەربازیدا وەرمگرتبوو. لەراستیدا خەیاڵم بردمیەوە بۆ شارۆچكە بچووكەكانی باشوری خۆرئاوای ئەمێریكا, شوێنی گەورەبوونم. ئەوە ئەو ژینگەیەیە.... خێزانەكەم و هاورێكانم و بیروباوەڕم ئەو بەهایانەیان پێكهێناوە كە بڕوام پێیەتی و



پێشتریش و چەندین ساڵ پێش ئەوەی بچمە خزمەتی سەربازییەوە كەسایەتی منی دروست كردبوو, بۆیە لە ناخی خۆمدا وتم: ((سەركەوتن لەهەڵمەتی سەربازیی داهاتوودا, پەیوەستە یا پشت ئەبەستێت بەكەسایەتی و هەستكردن بەئامانج و مەبەست و بەهاكان, بەهاكانی گەلی ئەمێریكاو سەرۆك و بەها تایبەتیەكانی خۆم و بەهاكانی هێزەكانمان, زیاتر لەوەی بەتەنیا پشت ببەستێت بەهێزی سەربازیی)).

### رامستاین, ئەڵمانیا: مارس (ئازار)ی 2002

سكرینەكە تاریك بوو, و ژووری چالاكییەكان روناك بووەوە, و لەسەرەوەی مێزەكە وەستام. نیوەڕۆیەكی درەنگی (21ی مارس (ئازار)ی 2002)بوو, و لەكۆتایی رۆژێكی كاركردنی تاقەت پڕوكێندابووین كە تیایدا لەگەڵ فەرماندەكانی فەرماندەیی ناوەڕاست لەسەنتەری ئۆپەراسیۆنەكانی ناتۆ لەبەری ئەوبەری (ئۆتۆبان)ی نزیك بنكەی ئاسمانیی رامستاین, ئەگەرەكانی بارودۆخی عێراقمان هەڵسەنگاند. ئەوە یەكەم جاربوو كە فەرماندەكانی هێزەكانی زەمینی و ئاسمانی و دەریایی, ژێر فەرماندەیی من, لەیەك شوێندا لەگەڵم كۆببنەوە بۆ گفتوگۆ سەبارەت بەشێوەو

www.pertwk.com

مەودای ئەو ئۆپەراسیۆنە سەربازییە چاوەڕوانكراوەی بۆ روخاندنی رژێمی سەدام حسێن بەڕێوەیە.

گۆشەنیگاكان بریتی بوون لە حەوت هێڵی ئۆپەراسیۆن ونۆ توێژی بەرجەستەكەری سەنتەرەكانی سەرنج راكێشی عێراق. و لەوێدا كورتەیەكی گفتوگۆی نێوان خۆم و سەرۆك و ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەییم پێشكەش كرد كە لە كێڵگەی (كرۆفۆرد) و لەكۆشكی سپی ئەنجامەمان دابوو. و وتم: ((ئەگەر سەرۆك جەنگی راگەیاند, ئەوا ئۆپەراسیۆنەكەمان بریتی نابێت لە كۆپییەكی تری جەنگی كەنداو. بەخێرایی و بەتوندییەكی نائاسایی پەلاماری عێراق ئەدەین. نەك بەخاوەخاو وهێواشی و هێرشەكانمان لەزۆرترین ژمارەی ئەو ولاتانەوە ئەنجام ئەدەین كە گفتوگۆكانی ئەمێریكا بەزۆرو بەخوایشت رازییان ئەكات كە رۆڵ ببینن)). و وتم: ((ئازیزانم: دزێك لەناو ماڵەكەدایە)). هەموویان لەم دەستەواژەیە تێئەگەن كەلەناو هێزە تایبەتەكاندا بەكاردێت( ئەگەر دزێك لەقاتی خوارەوەی ماڵەكەدا بوو, و دەمانچەشی پێبوو, تۆ ناچیتەوە ناو جێگەكەت و بێخەم بخەویت)).

ئەمە ئەركێكی بەپەلەیەو پێویستی بەهەموو بیروهۆشمان هەیە. ئێمە پلانێكی كۆنكرێتی چەسپاومان ئەوێت,و پلاندانێكی بەكۆمەڵ كە رێخۆشكەربێت بۆ جێبەجێكردنێكی بەكۆمەڵ. پاشان دەستم هەڵبڕی و وتم: ((یەك خاڵ ماوە. ئەوەی ئەمرۆ گفتوگۆمان لەبارەیەوە كرد, لەنێوان ئەو



كەسانەی ئێستا لەهۆڵەكەدا دانیشتوون ناچێتە دەرەوە. ئەم مەسەلەیە هی دزەپێكردن نییە)).

ئەو كاتە وام هەست كرد كە پەیامەكەم گەیشتووە و ئامانجەكەی خۆی پێكاوە. و هەستم كرد دانیشتنەكەمان زۆر سەركەوتووبووە, چونكە فەرماندەكان هەستیان بەگەورەیی ئەو ئەركە كرد كە كەوتۆتە ئەستۆیان. و پێم وایە بەتەواوی لەقسەكانم تێگەیشتوون لە بارەی كاری بەكۆمەڵ و دزەپێكردنی باسەكانەوە. بەڵام سەرلەبەیانی یەكێك لەرۆژەكانی مانگی مایۆ(ئایار) كە گەڕابوومەوە بۆ (تامبا)، ئەدمیرال (كریگ كویگلی) بەڕێوەبەری نوسینگەكەم بۆ كاروباریی گشتی, هاتەلام و ژمارەیەكی رۆژنامەی (لۆس ئەنجلس تایمز)ی بۆ هێنام, وتارێكی (لۆلیات ئاركین)ی تیابوو, پڕبوو لەو زانیاریانەی لەكۆنگرەی (رامستاین) لەسەر پلانەكانمان لەبارەی عێراقەوە دزەیان پێكرابوو. و ئەو سەرچاوەیەی لە وەزارەتی بەرگریی (پینتاگۆن)ەوە قسەی لەگەڵ (ئاركین) كردبوو, پلانەكەمانی بەسادەو كورتبین لە قەڵەم دابوو. (ئاركین)یش رەخنەی لەپرۆسەی پلاندانانەكە گرتبوو بەوەی (دووبارەیە) و لەمانگی فێبرایر (شوبات)ی رابردوودا ئاشكرابووە. و ئاماژەی بەوەش دابوو, كە زانیارییەكانی لە (لێپرسراوانی گەورەی وەزارەتی بەرگریی, لەسڤیلەكان وەرگرتووە كە پەیوەندییان بەهیچ كام لە

www.pertwk.com

هێزەکانمانەوە نییە) و سەرچاوە نەناسراوەکەی پینتاگۆن، فەرماندەیی ناوەڕاستی تاوانبارکردبوو بەوەی بەشێوەیەکی زەق هیچ تواناو ستراتیژییەتیان نییە. و گوایە هۆکارەکانی سەرکەوتنی ئۆپەرسیۆنەکانی (گەردەلولی بیابان) و (هەڵمەتی ئاسمانی سەرکۆسۆڤۆ) و (ئۆپەراسیۆنەکانی ئەفغانستان)یان پشتگوێ خستووە.

وتارەکە هەندێك زانیاریی زۆری نهێنی تیابوو کە پەیوەیست بوو بەهەندێك لەبەشەکان، لەوانەش شێوازی هێرشی هاوکاتی زەمینیی و ئاسمانیی و لەچەند قۆڵێکەوە.

ئاشکرابوو کە یەکێك لە ئامادەبووانی کۆبونەوەکەی (رامستاین) ناوەڕۆکی کۆبونەوەکەی بۆ ئەندامێکی نەناسراوی تاقمی پینتاگۆن گێڕاوەتەوەو ئەویش هەمووی ئاشکراکردووە (رشاوەتەوە) و رەخنەی لەو شێوازانە گرتووە کە گەلاڵەمان کردوون بۆ ئۆپەراسیۆنەکان، چونکە وادیارە لەگەڵ بۆچوونی ئەو بۆ شتەکان نەگونجاوە.

لە وتارەکەدا بەدەق نوسرابوو: (پلانەکەی عێراق کە ئێستا لە قۆناغی گەلاڵەبووندایە هێشتا بەفەرمیی نەخراوەتە بەرباس لەنێوان فەرماندەی هەموو هێزەکاندا).

بێگومان رێنادەم تووڕەبوونم لەم جۆرە رەفتارانە کاریکاتە سەرکارەکەم، بەڵام رای خۆم ئەگەێنمە وەزیری بەرگریی



سەبارەت بەو دەمشڕانەی ناو پینتاگۆن، کە ژیانی کوڕان و کچانی ئەمێریکا ئەخەنە مەترسییەوە.

نیوەڕۆی رۆژی دواتر بەرامسفێلدم وت: ((جەنابی وەزیری، ئەگەر تووڕە دێمە بەرچاوت، ئەوە لەبەرئەوەیە کەبەراستیی تووڕەم)) و رادەی ئەو زانیارییانەم لەبارەی قۆڵە جیاوازەکانەوە بۆروون کردەوە کەلە وتارەکەی (ئارکین)دا هاتبوو. و پاشان وتم: ((داوای من ئەوەیە کە هەموو کەسەکانی نوسینگەی وەزیری بەرگری و دەستەی ئەرکانی هاوبەش، ئەوانەی ئاگایان لە پلانەکەمانە، بخرێنە بەرتاقیکردنەوەی (بۆلیگراف) و ئەگەر دەرکەوت کێ ئەو زانیارییە زۆر نهێنییانەی دزەپێکردووە، دادگایی بکرێت)).

رامسفێلد بوارێکی دامێ تا کەمێك ئارام ببمەوە، پاشان وتی: ((ئەم شتە ناماقوڵە)).

وتم: ((جەنابی وەزیر، واشنتۆن تەنیا (قاپ)ە لەسەر ئەم هەسارەیە کەلەسەرەوە دلۆپە ئەکات (لیی ئەچێت).)) و وەزیری بەرگری وتی: ((جەنابی ژەنەراڵ، من ئەم مەسەلەیە یەکلاییی ئەکەمەوە)).

لەرۆژانی داهاتوودا رامسفێلد چەند کۆبوونەوەیەکی (دانپیانانی مەسیحی) لەگەڵ فەرماندەی هێزەکان و کارمەندانی نوسینگەی وەزیری بەرگریی سازکرد.

www.pertwk.com

نائومێدی خۆمم لەبارەی ڕووداوی دزەپێکردنەکەوە بۆ فەرماندەکانی فەرماندەیی ناوەڕاست و کارمەندانی ئیدارەکەم دەربڕی. و ئیتر دزەپێکردنەکان کەم بوونەوە, هەرچەندە دووبارە چەند دزەپێکردنێکی سوك ڕوویاندا, بەلام زیاندارنەبوون هێندەی ئەو زیانەی چروکترین کەس پێی گەیاندین, کاتێك لەگەڵ ئەو ڕۆژنامەنوسە قسەی کردبوو.

دەقی تەواوی وتارەکە لەسایتی ڕۆژنامەکەدا لەسەر ئینتەرنێت هەیە.

## ڕامستاین, ئەڵمانیا, مارس (ئازار)ی 2002

ژووری چالاکییەکانی کۆکشی سپی هەوایەکی فێنك و خۆشی هەبوو, بەتایبەت لەو گەرما پڕوکێنەرەی واشنتۆن لەمانگی (ئۆگەست)دا.

(کۆڵن پاوڵ) و (جۆرج تینیت) تازە گەیشتبوون, وترافیکی ناوشار دوای خستبوون, یەخەی کراسەکانمان هەموو بەعەرەق تەڕبووبوو.

لەوکاتەدا کە پاوڵ خەریك بوو لەتەنیشت سەرۆکەوە دانیشێت یەکێك لەئامادەبوان بەسوعبەتەوە وتی: ((تائێستاش بریتانیاییەکان واشنتۆن وەك شارێکی مەداری دائەنێن (وەك ئاماژەیەك بۆ گەرمی کەشەکەی) و بەناوچەیەکی سەختیشی ئەزانن لەبەرسەختی ژیان تیایدا)).



من و (جین ڕینوارت) ئەو ڕۆژە هاتبووین بۆ کۆشکی سپی, کەیەکەم دوو شەممەی مانگی ئاب بوو, بۆ بەرچاو ڕۆشنکردنەوەی سەرۆك و ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی سەبارەت بەدوا گەڵاڵەی پلانەکەمان سەبارەت بە عێراق کە بە (ئۆبلان) ئەناسرا, و ئیتر تەنیا واتایەکی تیۆریی نەبوو, بەڵکو بووبووە پلانێکی هەمەلایەنە لە گۆشت و خوێن.

بێگومان باسی ئەو گۆڕانکارییانە ئەکەین کەلە کۆبوونەوەی مانگی مایسی ڕابردوومانەوە تا ئێستا ڕوویانداوە, کاتێك ژمارەیەك ڕێگەی سەربازیم شیکردەوە بۆ ڕاماڵینی سەدام حسێن لەدەسەلات. و لەیەکێك لەکاریگەرترین ئەو وتارانەی کەلە ژیانمدا گوێم لێبووە, کۆڵن پاوڵ وتی: ((جیهان ئێستا زۆر جیاوازە لە سالانی(1990-1991), کاتێك هاوپەیمانیی جیهانیی پێکهێنرا بۆدەرکردنی سەدام حسێن لەکوەیت.

پاوڵ وتی: ((لەناو ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیی و نەتەوەیەکگرتووەکاندا ئێستا بواری پێکهێنانی هاوپەیمانییەکی فراوان نییە کە ڕێبدات بەیەك هەڵوێستیی سەبارەت بەکارێکی سەربازیی)).

ئەم بەشدارییەی پاوڵ, نێگەتیف نەبوو, بێگومان پۆزەتیفیش نەبوو, بەڵکو هەوڵێك بوو بۆ ئاشکراکردنی واقیعەکە وەك ئەو ئەیبینێت. و کاتێك گوێم لێ ئەگرت, ئەو

www.pertwk.com

هاوسەنگییە سەیرەم بەلاوە سەرنج راکێش بوو کە قسەی پێ ئەکرد.

وەزیری دەرەوە هۆشیارکردنەوەیەکی ئاشکرای دەرئەبڕی، ئەویش ((کارەکە ئاسان نابێت)).

لەزۆر شوێنی قسەکانی (پاوڵ)دا, سەرۆك و جێگری سەرۆك سەریان بۆ ئەلەقاند وەك نیشانەی رەزامەندیی.

پاوڵ وتی: ((نازانم کە ئایا ئەتوانین هەموو ئەو پشتیوانییە نێودەوڵەتییەی پێویستمانە بەدەستی بێنین یان نا, بەڵام هەموو هەوڵ و توانای خۆمان لەم پێناوەدا ئەخەینەگەڕ)).

ئەمزانی کە دۆخەکە لەنەتەوە یەکگرتووەکان سەخت ئەبێت, بەڵام زۆر بەوردیی بیرم لەوەش ئەکردەوە, کە پێویستییەکانمان لەهاوپەیمانان چییە, و رام وابوو ئەو وڵاتانەی کەوتوونەتە ناوچەی فەرماندەیی ناوەڕاستەوە هەموو یارمەتییەکی پێویستمان ئەدەن, تەنانەت ئەگەر ئەو یارمەتییەشمان نەدەن کە خۆمان بە ئاواتییەوەین. و لەماوەی نێوان ناوەڕاستی مایس و کۆتایی تەمموزدا سێ گەشتم کرد بۆناوچەکە, و زیاتر کارم ئەکرد بۆ چاککردنی ژێرخان و پتەوکردنی هێزەکانمان. و چاویشم کەوت بە فەرماندەکان لەقەتەر و عومان و ئیماراتی یەکگرتووی عەرەب و بەحرەین



و ئوردون, وەك هەموو جارێکیش سەردانی هێزەکانمانم کرد لە ئەفغانستان.

(مەیجەر ژەنەراڵ - دان ماکنیل)ی فەرماندەی تیپی (18)ی بەفڕۆکە گواستراوە, فەرماندەیی هێزی(180)ی ئەکرد کە هێزێکی تایبەتە بەهاوپەیمانان, و فەرماندەییەکەی لە بنکەی ئاسمانی (باگرام) جێگیرکردبوو.

لەساڵانی (90)دا لەکۆریا لەگەڵ دان کارم کردبوو, سەربازێکی پێگەیشتوو, بەتواناو دانابوو, و دڵشادبووم کە یەکێك بێت لەئەندامانی تیمەکەمان. و سەرۆك بوشیش دوپاتی کردبووەوە کەهێزی چالاکیمان لەئەفغانستان بپارێزین, تەنانەت گەر پلانی (1003- ڤی)ی تایبەت بە عێراقیشمان جێبەجێکرد. منیش بەوەڕازی بووم. و بەسەرۆکم وت: ((جەنابی سەرۆك, لەهەمان پلەی ئامادەییدا ئەمێنینەوە لە ئەفغانستان, چونکە چالاکییەکانمان لەوێ, ئەبێتە قۆڵێکی چالاکییەکانمان لەعێراق)). و لەم بارەیەوە لەگەڵ رامسفێڵدیش قسەمکردبوو, و لەسەرئەوە رێکەوتبووین کە ژمارەی هێزەکانمان لە ئەفغانستان (9500)سەرباز بێت, مەگەر پێشهاتێك ناچاری گۆڕانکارییمان بکات, و ئەوکاتەش مەسەلەکە ئەخەینە بەرباس.

(دان ماکنیل)یش هەمان ئەوکەسەبوو, کەلەوێ پێویستمان بوو, تا بەردەوام گوشاربخاتە سەر (ئوسامە بن لادن) و

www.pertwk.com

پاشماوەکانی (قاعیدە) و کاتێکیش نزیك بووینەوە لەهێرشکردنە سەر عێراق, دان هاتە ناو تیمی فەرماندەییەوەو بووە ئەندام لەفەرماندەیی ناوەڕاستدا, و ئامادەی هەموو دانیشتنەکانی پلاندانان و شیکردنەوە ئەبوو.

دوای ئەوەشی کە ناساندم بەسەرۆك موشەرەف و سەرۆك حەمید کەرەزای, پەیوەندەییەکی باشی لەگەڵ هەردوو سەرۆك و سەرکردەکانی ناوچەکە دروستکرد. هەرلەئەنجامی فەرمانده‌یی ئەو, هێزەکانمان لەئەفغانستان بەهیچ شێوەیەك توشی مەینەتیی نەبوون.

لەکاتێکدا ئەندامانی ئەنجومەنی ئاسایشیی نەتەوەیی گوێیان لێگرتبووم, وێنایەکی ئەو پێشکەوتنانەم بۆکردن کە بەدەستمان هێنابوو, و وتم: ((جەنابی سەرۆك, ئەگەر بڕیاری جێبەجێکردنی ئۆپەراسیۆنێکی سەربازیی لەعێراقدا درا, ئەوا ئێمە ناچارنین بەتەنیا جێبەجێی بکەین, چونکە ڕێکەوتنی بنەمایی چاکمان هەیە لەهەموو ناوچەی کەنداودا, بۆ بەکارهێنانی خاکی ئەوان و تێپەڕبوون بەئاسمانیاندا و دانانی بنکەو ناوچەی لێوەدەرچوون)). ژوورەکە ئارام بوو.

من پێشتر لەگەڵ فەرماندە ناوچەییەکانی ئەو وڵاتانەو وەزیرانی بەرگرییان, مەسەلەی گەشەپێدانی ئەو بنکە سەربازییانەم باس کردبوو کە بۆ مەشق و ناردنی هێز بۆ



ئەفغانستان بەکاریان ئەهێنن, و بەدەستپێشکەرییەکی تایبەتی خۆشم پێم ڕاگەیاندبوون, کە ئێمە ژێرخان و ژمارەی هێزکانمان گەشە پێ ئەدەین, لەکاتێکدا ئەگەر ناچاربووین بەزەبری هێز عێراق چەك بکەین. و کوەیت هەمیشە ئامادەبوو, و ئێمەش زۆر پشتمان پێ ئەبەست, چونکە بنکەی سەرەکیمان بوو.

ئێستاش پابەندیی شاعەبدوڵای دووەم لەئوردون و سەرانی وڵاتانی کەنداویشمان مسۆگەر کردووە, بۆ ڕێگەدان بەهێزەکانمان بۆ ئامادەباشیی و دانانی بنکەو تێپەڕین بەبواری ئاسمانییاندا, ئەویش سەبارەت بەهێزەکانی دەریایی و فڕۆکەکانی چاودێریی و فڕۆکە جەنگییەکان و فڕۆکەکانی سوتەمەنی هەڵگرو فڕینی ئاسایش, لەژمارەیەك لە وڵاتانی دراوسێی عێراق.

(شێخ حەمەد بن خەلیفە ئال سانی)یش ڕێگەی دابووین فڕۆکەکانمان لەبنکەی (عیدید) دابەزن, و فەرماندەیی گەڕۆکیشمان بەرینە سەربازگەی (سیلیە) دوای تەواوبوونی کارەکانی( لەلایەن بەڵێندەرەکانمان کەلە فلۆریداوە هاتوون).

کاتێك بوومە فەرماندەی فەرماندەیی ناوەڕاست لەیەکەم کۆبوونەوەم لەگەڵ میری قەتەر بەبیرم هێنایەوە کەپێشتر داوام لێکردووە پێم بڵێت کەمن ئەتوانم چی بۆبکەم. میریش بەخەندەوە پێی وتم

www.pertwk.com

((دەهەزار سەربازی ئەمێریکاییم بۆ بنێرە)) و لەگەڕانەوەی دواجارمدا داواکەیم بەجێهێنا و پێم وت: (( هەچەندە دووساڵ دواکەوتم, بەڵام سەربازە ئەمێریکاییەکانت بۆ ئەنێرم)).

کۆڵن پاوڵ زۆر بەبایەخەوە گوێی رادێرابوو کاتێك بەشان و باڵی باڵیۆزەکانی ئەمێریکام لەناوچەکەدا هەڵئەدا, کە یارمەتیدەرم بوون لەبەدیهێنانی ئەو سەرکەوتنانەی لەناوچەکەدا بەدەستم هێناوە. و پێکەنی و ئەویش سوپاسی دیپلۆماتەکانی وەزارتەکەی کرد لەبەرامبەر بەرهەمەکانیاندا. و وتی: ((ئەو کەسانە مەعدەنەکەیان چاکە)).

بەردەوام بووم لەقسەکانم و وتم: ((جەنابی سەرۆك, وەك بە رامسفێڵدی وەزیری بەرگریم راگەیاندووە, ئێستا هەموو سەرکردەکانی ناوچەکە لەوە گەیشتوون کە ئێمە پلانی باری نائاسایی دائەنێین و تۆ بڕیاری راگەیاندنی جەنگت داوە)).

رامسفێڵدیش سەری ڕەزامەندی بۆ لەقاندم.

بەسەرۆکم وت: ((لەگەڵ گەشتە بەردەوامەکانی کەشتییە فڕۆکە هەڵگرەکان, و زیادبوونی شەپۆلی بڵاوکردنەوەی هێزەکان بەمەبەستی (مەشق) و بەتایبەت کەتیبەکانی تیپی سێی پیادە, لەکوەیت و لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی فڕۆکەکانی



بەردەستمان لەپرۆسەی (سازورن وۆچ)دا ئێستا نزیك بووینەتەوە لە کۆکردنەوەی هێزێك کە توانای جێبەجێکردنی هەرکام لە پلانە جیاوازەکانی هەبێت, سور, سپیو شین, ئەگەر پێویستی کرد)).

دیارە لە (11سێپتەمبەر)ەوە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی گەڵێ زانیاریی سەربازی دەرخ کردبوو, بەڵام ئەم جارە ئەیویست چاکتر تێبگات.

درێژەم پێداو وتم: ((تیپی سێی پیادە, تیپێکی پیادەی میکانیکیە,چەکی چۆنایەتی و تۆپخانەی هەیە, و چەند ساڵێك شارەزایی بیابانی هەیەو بەشێوەیەکی دەوری, هێزەکانی لەرێی کوەیتەوە ئاڵوگۆڕپێ ئەکات, و پێناچێت گەیشتنی لیواکانی تیپی سێ لەدەورەی مەشقدا, عێراقییەکان زۆر نیگەران بکات, و لەگەڵ هەبوونی بنکەی هاویشتنی موشەکی دوروبوردی سەربەهێزەکانی مارینزو فڕۆکە جەنگییەکان, ئەوان هەوالگرییان هێندە پێشکەوتوو نییە کە توانای هەستکردنیان بەو زیادبوونی ژمارەیە هەبێت)).

سەرۆك وتی: ((زۆر باش لەوە تێئەگەم)).

بەدەم سەیرکردنی کاغەزەکانی بەردەمم و تێبینییەکانمەوە, وتم: ((لەکانونی دووەمی رابردووەوە زیاتر لە (4000) دەرچووونی ئاسمانیمان هەبووە لەسەر عێراق.

www.pertwk.com

بەڵام بەرگریی ئاسمانیی عێراق تەنیا (52)جار ئاگری چەکەکانیان رووکردووەتە فرۆکەکانمان, یان ناوچەی دژەفڕینیان پێشێل کردووە, کە ئەمەش دووهێندەی رێژەی ساڵی رابردووە)).

لێرەدا کۆندالیزارایس, پرسی: ((ئایا بەکەمکردنەوەی دەرچوونە ئاسمانییەکانمان, ئەتوانین زیانەکانمان کەم بکەینەوە؟))

وتم: ((کۆندی, بەڵێ لەقۆناغێکی داهاتوودا ئەکرێت ئەو شتە ماناداربێت, بەڵام هێشتا کاتی نەهاتووە, چونکە ئێمە ئەمانەوێت رێگەی وەڵامدانەوەی چەکە دژە ئاسمانییەکانی عێراق بەکاربێنین بۆ کەمکردنەوەی توانای سیستەمی بەرگریی ئاسمانیی عێراق. ئەگەر بڕیاری جەنگ درا, ئەمانەوێت بەرگری ئاسمانییان لەلاوازترین ئاستدا بێت)).

**■ گاردی کۆماریمان بە تەکنەلۆژیا تێك نەشکاند.**

لەکاتی بەسەرکردنەوەی نەخشەی وردەکارییەکاندا, بیرم چووبەلای گفتوگۆیەکی تایبەتیدا کە بەنیازم لەماوەی سەعاتی داهاتوودا لەگەڵ دۆناڵد رامسفێڵد ئەنجامی بدەم, چونکە لەوکاتەوەی ئۆپەراسیۆنەکەی تیپی زرێپۆشی یەك لەپرۆسەی (گەردەلولی بیابان)ی ساڵی (1991)دا



سەرکەوتنی بەدەست هێنابوو, هاتبوومە سەر ئەو بڕوایەی کەشێوازی فێڵکردن ئەگەر بەچاکیی ئامادەکرابێت و بەچاکیی جێبەجێبکرێت, لەگەڵ فەرماندە سەربازییەکانی عێراق و سەرکردەکانی رژێمەکەی سەرکەوتوو ئەبێت. چونکە زانیارییە سیخورییەکانی ئەوان نزیکەی بەشێوەیەکی گشتی ئاراستەکراوە بۆ ئاسایشی ناوخۆ, سەرکوتکردنی کوردو شیعەو پێشگیریی لەکودەتای سەربازیی, نەك بۆ شەڕکردن لەجەنگدا.

بابەتێکی گرنگی تریشم هەبوو کەلەگەڵ رامسفێڵد باسی بکەم, چونکە ژمارەیەك لەو سەرکردە عەرەبانەی پەیوەندیی پتەوم لەگەڵیان هەیە, زانیاریی بەنرخیان داومەتێ کەلە دەرەنجامی پەیوەندییە تایبەتییەکانان لەگەڵ سەدام حسێن هەڵێنجراوە.

ئەوەشم ئەزانی کە ئەم سەکردانە ئەکرێت وەك کەناڵی زۆر گرنگ بەکاربهێنرێن کەلەرێیەوە زانیاریی و (سەرلێشوێنەر) بگەیەنینە رژێمی عێراق.

لەکۆتایی روونکردنەوەکەمدا چوومە سەر دوا نەخشەی روونکردنەوە سەبارەت بە (دەستپێکێکی خێرا) و ئەوەم روونکردەوە کە ئێمە ئێستا لەبەردەم دەستنیشانکردنی وادەیەکی جێگرەوەداین. باسی ئەوەشم کرد کە ئەگەر هەنگاوێکی گەورەمان نا لەدابینکردنی پێداویستییەکانمان

www.pertwk.com

لەناوچەکەدا, ئەوا لەوانەیە بتوانین هەڵمەتی ئاسمانیی کورت بکەینەوەو ئۆپەراسیۆنە زەمینیی و ئاسمانییەکان هاوکات بکەین, بەمەرجێك پێش ئەوە چالاکیی چڕوپڕی هێزەکانی تایبەت ئەنجام بدەین.

دیارە ئەمە زیاتر واتایەکی شۆڕشگێڕیی هەبوو, بەدەر لەنەریتە باوەکان, بەڵام خۆ منیش بەدرێژایی ژیانم لە نەریتە باوەکان یاخی بووم, و هەرکاتێك بوار نەبووبێت لەچوارچێوەی نەریتە باوەکاندا ئەرکەکەمان ئەنجام بدەین, یەکسەر هەوڵم داوە ڕێگەیەکی تر بدۆزمەوە. و ئەتوانم بڵێم ئەم شێوازی بیرکردنەوەیەی کە پەیڕەوی ئەکەم بەشێوەیەکی گشتی, بەردەوام ئەمخاتە دەرەوەی بازنەی ئاراستەی کۆنەپارێزی ناو سوپاوە. گەردەلولی بیابانیش ئەو بڕوایەی پتەوترکردم, کەخێرایی مانۆڕو غافلگیرکردنی تەکتیکیی, توانای جەنگیی زۆر زیاتر ئەکەن. و لەباشووری عێراقیش لەمانۆڕێکدا کە هاوکات بوو لەگەڵ ڕەشەبایەکی بیابانیدا, کە چاو چاوی نەئەبینی, توانیان دوژمن غافلگیر بکەن و گورزی کوشندە لە هەندێك فەیلەقی لاوازی گاردی کۆماریی بوەشێنن, و خێرایی جموجوڵی فەوجەکانمان, لیواکانی عێراقی تێکشکاند کەلەناو سەنگەردا بوون, و ئەوە تەنیا تەکنەلۆژیا نەبوو کە سەرکەوت بەسەر گاردی کۆماریدا لەبەرەکانی شەڕی وەك فەیلەقی مەدینە, بەڵکو کاریگەریی جموجووڵی خێرا



بوو. و لەزۆر لەخاڵەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی سەرەتاماندا, هێزەکانی عێراق ژمارەیان زۆرزیاتربوو لە ژمارەی هێزە هێرشبەرەکانمان. و وەك لەزانستی فیزیادا هەیە, کاریگەریی یەکەکە خێراییەکەی زیادکرد.

■ **رامسفێڵد پێشنیاری یەکی شوباتی کرد بۆ پەلاماردان.**

■ **تەنیا 4کەس وێنەی تەواوی پلانی هێرشەکانیان لابوو.**

لەسەرەتای پرۆسەی (ئازادی هەمیشەیی)یەوە لەئەفغانستان لەگەڵ داواکانی رامسفیلد راهاتبووین, بەڵام ئێستا پلاندانەرەکان, کە زۆر بەگەرمی کارئەکەن لەسەر بارودۆخی عێراق, هەستیان ئەکرد لێشاوی ئەرکەکانی ڕۆژانەو پرسیارەکان گەیشتووەتە رادەی شەڕ پێفرۆشتن.

ئەم ئەفسەرانە کە (جین) ناوی نابوون (مێشکە 50پاوەنییەکان) گرنگترین کەسانی فەرماندەیی بوون. و کۆلۆنێل (مایك فیتس جیراڵد) و کۆلۆنێل (دیف هالڤرسۆن) پلاندانەری سەرەکی بوون, و کاراترین و قوربانیدەرترینی ئەو کەسانە بوون کە ئەمناسین, بۆیە ئەگەر هەستی نیگەرانییان پیشاندایە, ئەبوو بەزوویی ڕووبەڕووی کێشەکانیان ببمەوە.

بەشی سەرەکیی هەستکردنیان بەنیگەرانیی لەو گوشارەوە بوو کەئەبوو هەوڵێکی زیاتر بخەنەگەڕ سەبارەت بەپاراستنی نهێنییەکان و ڕێگرتن لە دزەکردنی زانیارییەکان.

www.pertwk.com

كۆمەڵێكی كەم لە گەورە ئەفسەرانی فەرماندەیی ناوەڕاست ئاگایان لە چەند بەشێكی گرنگی پلانەكە هەبوو, و تەنیا چواركەسیان وێنەیەكی تەواوی پلانەكەیان لابوو, و ئەندامەكانمان لەیەك جیاكرابوونەوە, كە ئەمەش كارێكی باش نییە بۆ تیمێك كە پەیوەندیی پتەویان لەنێواندا بێت. بۆیە لەبەردەم ژوورەكەدا راوەستام و وتم: ((ئۆكەی(OK). ئەمە رێكەوتنەكەمانە. ئەزانم كە نوسینگەی وەزیری بەرگریی و رامسفێڵد و وۆڵفۆیتز و فیث, داواكارییان زۆرە, بەڵام خۆئەوان دوژمن نین, مەچنە بواری بیركردنەوە بەشێوازی پیاوانی چاك و پیاوانی خراپ, چونكە ئێمە هەموومان لەهەمان بەرین)). پاشان وتم: ((مەسەلەی نوسینگەی وەزیری بەرگریی لەسەرمن, هەرهەموویان, بە (دوفیث)یشەوە كەلێرە واناوبانگی دەركردووە كەگێلترین پیاوی جیهانە.

ئەركی ئێوەیە كە من هەست بە گەرموگوڕیی بكەم, ئێمە كەسانی پیشەیین, كەواتە بالەپێناوی موچەكانماندا كاربكەین)).

پێموتن: ((لەوانەیە لەناو خۆماندا بۆڵەبۆڵ بكەین سەبارەت بە گوشاری كارەكان, بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە كە دەست هەڵگرین لەوەفاداریمان بۆسەرۆك)).



ئەم دووبارەبوونەوەیە بەردەوام بوو, و جارێكی تر رۆژو شەوەكان وەك قۆناغی دوای (11ی سێپتەمبەر)یان لێهاتەوە.

رامسفێڵد ئەیویست بزانێت پلانەكانمان بۆباری نائاسایی چییە, لە دۆخێكدا ئەگەر هات و سەدام حسێن ویستی لەرێگەی كارێكی سەربازییەوە بمانوروژێنێت (ئیستیفزاز), لەبابەتی پەلاماردانی كوردەكان, یان بەئەگەری زیاتر خستنەخوارەوەی فڕۆكەیەكی هێزەكانی هاوپەیمان لەناوچەی دژەفڕین. ئەمە وای لێكردین بیر لەهەموو جێگرەوەكانی بەرپەرچدانەوە بكەینەوە, لەوانەش پلانی (الغریر) كە هێمایە بۆ كاردانەوەیەكی دیاریكراومان ئەگەر هاتوو بەرگریی ئاسمانیی دوژمن یەكێك لە فڕۆكەكانمانی خستە خوارەوە.

بەم پیاچوونەوەیەمان گەیشتینە سێ ئاستی بەرپەرچدانەوە: سورو سپی و شین.

- (سور) لە هەموویان كەم جوڵەترە, وەڵامەكەمان بەكارهێنانی راستەوخۆی موشەكی تۆماهۆك ئەبێت دژی بنكەگرنگەكانی بەرگریی ئاسمانیی عێراق.
- (سپی) هێمایە بۆ فراوانكردنی ئاستی بەكارهێنانی موشەكەكانی تۆماهۆك و هێرشی ئاسمانیی بۆماوەی (48)سەعات.

www.pertwk.com

- بەڵام (شین)واتە هێرشی ئاسمانیی و بەدوایدا چالاکیی زەمینی، بۆ کردنەوەی جێپێیەك لەناو عێراقدا کەلەرێی بڵاوکردنەوەی بەپەلەی هێزەکانەوە فراوانتر ئەکرێت. و هەندێك لەپلاندانەرانمان ناویان لێنا پرۆسەی(دەسپێکێکی خێرا)منیش دواتر لەگفتوگۆکانمدا لەگەڵ وەزیر(رامسفێڵد)ئەو دەستەواژەیەم بەکارهێنا.

لەیەکێك لەکۆنگرە تەلەفۆنییەکاندا بەرامسفێڵدم وت: ((جەنابی وەزیر, تەنیا دوو رێگە هەیە بۆچوونە جەنگەوە. ئەویش یا دوژمن بەپێی بەرنامەکانی خۆی جەنگەکە دەست پێئەکات, یا ئێمە بەپێی بەرنامەکانی خۆمان دەستی پێئەکەین. و مادام بڕیارێك نییە بۆ بەرپاکردنی جەنگ بەپێی بەرنامەکانی ئێمە, کەواتە پێویستمان بەپلانی جێگرەوە هەیە, لەدۆخێکدا ئەگەر سەدام بەپێی بەرنامەکانی خۆی جەنگی دەستپێکرد, و باشترین بیرۆکەش بریتییە لە (دەسپێکێکی خێرا) وەك جێگرەوەیەك, و بەردەوامیش ئەبین لە ئامادەکردنی هێزەکان و ژێرخانی سەرەکیی لەناوچەکەدا بۆ پشتیوانیی لە هەوڵە دیپلۆماسییەکان, و خۆ ئەگەر سەرۆك بڕیاری هێرشبردنیدا, ئەوا بەوەی لە بەردەستماندایە دەست پێ ئەکەین, و دوای ئەوە, بەپێی پێویستیی بارودۆخەکە, بەهێزێکی گەورەترەوە درێژەی پێ ئەدەین)).



رامسفێڵد وتی: ((تێئەگەم, بەڵام پێویستمان بە رەچاوکردنی واقیعی هەیە بۆکات, و خشتەی وادە جیاوازەکان کامانەن؟ و مەزەندەتان بۆ ماوەیەك چییە؟))

وەڵامم دایەوە: ((کارلەسەرئەوە ئەکەین)).

ئەویش وتی: ((باشە, با بیکەین بەیەکی شوبات)).

منیش لەوکاتەدا کەتەلەفونەکەم داخستەوە بیرم کردەوە: ((ئای خوایە, ئەمە واتە هەفتەی داهاتوو!))

گەڕامەوە بۆلای جین و رافائیل دیلۆنگ و پێم وتن: ((هیوادارم لەنوسینگەکەتاندا قاوەی پێویستتان لابێت, چونکە چەند شەوێکی درێژمان لەبەردەمدایە و من لەقاوەکەی خۆم بەشتان نادەم)).

**■ لەگەرمەی کۆبوونەوەکانی روونکردنەوەدا, بوش پرسیاری (بن لادن)ی کرد.**

**■ وتم: ژەنەراڵ موشەڕەف پێی وانییە لەپاکستان بێت و منیش دڵنیانیم, چونکە لەسەرشەپۆلەکانی پەخش نییە.**

پاش نیوەڕۆی پێنجشەممەی (7ی شوبات), لەژووری بەدواداچوونی کۆشکی سپی, هەروەك لەکۆنگرە تەلەفونییەکەی کانونی یەکەمدا لەتەکساسەوە, راپۆرتێکم پێشکەشی سەرۆك و ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی کرد سەبارەت بە بارودۆخی ئەفغانستان, لەگەڵ

www.pertwk.com

پوختەیەكی پلانەكانمان بۆچەند هێرشێك بەئامانجی تێكشكاندنی پەناگەكانی قاعیدە لە چیاكانی باشووری كابول. و وتم: ((بەفری شاخەكان ئەتوێتەوەو لەچەند قۆلێكەوە لەزەوییەوە پێشڕەویی ئەكەین و هاوكات هێزی ئاسمانیی هێرشبەر بەرەو ئامانجەكان ئەنێرین)). و لایەنە سەرەكییەكانی پلانی مانۆڕەكەم لەسەرنەخشە تیۆرییەكە روونكردەوەو وتم: ((بەشێكی هێزەكانی تیپی(10)ی شاخاوی و تیپی بەفڕۆكە گواستراوە, و هێزی هێرشبەری ستراتیژیی هاوپەیمانان بەكاردێنین, لەوانەش هێزەكانی ئەڵمانیا و ئوستراليا, و هێزەكانی هاوپەیمانە ئەفغانییەكانمان. و لەگەڵ دەستپێكردنی ئۆپەراسیۆنەكەش بەردەوام زانیاریی و راپۆرت ئەدەمە رامسفێڵد.

سەرۆك بوش پرسی: ((ئەو لەوێیە, تۆمی؟)). هەمووان ئەیانزانی مەبەستی پرسیارەكە بن لادنە.

وتم: ((كارمەندانی هەواڵگریی پێیان وایە ئەگەری ئەوە هەیە لەوێ بێت, و ژەنەراڵ موشەڕەفیش پێی وانییە لەپاكستان بێت. لەراستیدا جەنابی سەرۆك من لەوە دڵنیانیم كەلەوێیە یان نا. چونكە لەشەپۆلەكانی پەخش نییە, و منیش تائێستا راپۆرتی باوەڕپێكراوم سەبارەت بەشوێنەكانی خۆشاردنەوەی بن لادن پێنەگەیشتووە)).



بەردەوام بووم و وتم: ((ئەمە وڵاتێكی سەختەو بەئاسانی نایگەینێ, و چەندین ساڵ موجاهیدەكان لەو چیایانەدا خۆیان لەهێزەكانی سۆڤییەت شاردەوە, هەر ئەم هۆیەش وائەكات هاوپەیمانە ئەفغانییەكانمان هێزی سەرەكی بن, چونكە شارەزای هەموو ئەشكەوت و تونێلەكانن)).

سەرۆك پرسی: ((تۆمی, هیچ پرسیارێكت لەبارەی ئەفغانستانەوە هەیە؟)) بەنەخێر وەڵامم دایەوە.

**■ بەڵێ... خانەگومانییەك هەیە لەنێوان هەردوو وەزارەتی بەرگریی و دەرەوەدا.. هۆكاریش لەسەردەستی (پۆل وۆلفۆیتز) ی جێگری وەزیری بەرگریی و (ریچارد ئارمیتاج)ی جێگری وەزیری دەرەوە, سەریهەڵدا... بیرۆكراسییەكانی واشنتۆن زۆرجار ئەكەوتنە شەڕێكەوە كەلەشەڕی نێوان كۆمەڵێك پشیلە ئەچوو خرابێتنە ناو یەك گوێنییەوە.**

پاوڵ و رامسفێڵد, هەروەك ئەندامانی تری ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی, بەبێدەنگیی چاودێریی مشتومڕەكەیان ئەكرد.

هەستمكرد ئاڵۆزییەك هەیە لەنێوان دۆناڵد رامسفێڵد و كۆڵن پاوڵ دا. ئەمەش شتێكی كتوپڕ نەبوو بۆهەر كەسێك بیانناسێ. و ئەم دووكارمەندە گەشاوەو ماندوویینەناسە،

www.pertwk.com

کەسایەتییەکی بەهێزیان هەیە و(من) تیایاندا بەهێزو خۆبەزلزانە و گونجاوی پۆستە وەزارییەکەیانە, و هەردووکیان وزەیەکی بێ بڕانەوەیان هەیە, لەگەڵ دیدێکی ستراتیژیی دژبەیەکی نێوانیان. و هەردووکیان وەك زۆربەی جار(گۆشە نوسی) ڕۆژنامەکان باسیان ئەکەن، دووکەسی بەهرەدارن, و هەریەکەشیان باکگراوندی ئەزموونی هاوشێوەیان هەیە.

لێرەوە کۆڵن پاوڵ ڕای وایە کە ئەمێریکا لەپلەی یەکەمدایە لەناو ئەندامانی خێزانێکی یەکساندا کەنەتەوە ئازادەکانی جیهان پێك ئەهێنن و پێم وایە بەڕای کۆڵن پاوڵ ئەرکی ئەمێریکا لەجیهاندا دروستکردنی تۆڕێکی پەیوەندیی نێودەوڵەتییە بۆکەمکردنەوەی ئاڵۆزییەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و باشووری خۆرئاوای ئاسیا, و دژایەتیکردنی ئایدزو هەژاریی, و پتەوکردنی مافەکانی مرۆڤ, و کۆنترۆڵکردنی بازرگانی تلیاك, و سووککردنی کۆسپە گومرگییەکان, و دیارە بێگومان دژایەتیکردنی تیرۆریزمی نێودەوڵەتیی. بەڵام هاوکات بایەخێکی زۆر قایلە بۆ ڕۆڵی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی وەك نەتەوە یەکگرتوەکان و ناتۆ, و باوەڕی بەهاوبەشیی هەیە لەگەڵ ئەو لایەنانەی (ڕێکەوتننامەی ئۆسلۆ)یان ئیمزاکردووە بۆچارەسەرکردنی گرێکوێرەی قەیرانی نێوان عەرەب و ئیسرائیل.



دۆناڵد رامسفێڵدی وەزیری بەرگری, ئەویش بنەمای سەرەکیی خۆی هەیە سەبارەت بەمەسەلەکانی ئاسایشی نێودەوڵەتیی پێش(11ی سێپتەمبەر), بەڵام لەوکاتەوەی جەنگی دژەتیرۆری بردەوە, و توانی وەزارەتی بەرگریی بکاتە جێبایەخی سەرەکی خۆی, و کاتێك سەرۆك بوش بەنەتەوەکانی جیهانی ڕاگەیاند کەیا لەگەڵمان ئەبن یا دژمان لە ململانێ و جەنگی دژەتیرۆردا, رامسفێڵد بەبێ هیچ دوودڵییەك بەوشتە قایل بوو, هەروەك جەنگاوەرێکی پێشەنگی سەردەمی جەنگی سارد ئامادەیی خۆی دەربڕی بەدانی هەر نرخێك بۆدابینکردنی ئاسایشی ئەمریکا.

هەربۆیە رامسفێڵد بڕوای بەوە هەبوو کە(بەسیاسەتی واقعیی - ریەڵ پۆڵتیك) ناسرابوو, ولەبەر ئەوە ئامادەیە مەودایەك بەدرێژایی نیوەتیرەی زەوی ببڕێت بۆئەوەی چاوی بکەوێت بە (ئیسلام کەریمۆف)ی سەرۆکی ئۆزبەکستان, کە دۆسیەیەکی ڕەشی هەیە لەبواری مافەکانی مرۆڤدا, هەرتەنیا لەبەرئەوەی, بنکەیەکی ئاسمانیی دابین بکات بۆ چالاکییەکانی ئەمێریکا لە ئەفغانستاندا.

بگرە لەوانەیە ئامادەبێت تەوقە لەگەڵ شەیتان بکات ئەگەر یارمەتیدەربێت لەبەدیهێنانی ئامانجەکانمان لەجەنگی دژی تیرۆردا.

www.pertwk.com

هەرلێرەوە لێك دابڕانەكە دەستی پێكرد, و سەرەنجام بوو بەلێكدابڕانێكی گەورە لەنێوان هەردوو وەزارەتی دەرەوەو بەرگریدا, سەبارەت بە سیاسەتی ئەمێریكا بەرامبەر بەعێراق, لەسەرئەو بنەمایەی كەسەرچاوەكەی دوژمنایەتیی تایبەتیی (شەخسی) نێوان وەزیرانی ئەو دوو وەزارەتەیە, ئەگەرچی ئەم جۆرە شیكردنەوەیە زۆرساكارانەیە, چونكە ئەو دووپیاوە بەدوو شێوازی جیاواز سەیری جیهان ئەكەن, و بەبۆچوونی من, هۆی ئەمەش نزیكی و تێك هەڵپرژانی لێپرسراوێتییەكانیانە, سەرەڕای سروشتی ئەو كەسایەتیانەی لەبەردەستی هەردووكیاندا كارئەكەن. ئەمە هۆكاری راستەقینەی پێكداهەڵپژانی رۆژانەی نێوان وەزارەتەكانی دەرەوە و بەرگرییە.

وەزراەتی دەرەوە بەرپرسی پەیوەندییە نێودەوڵەتیی و دیپلۆماتییەكانەو باڵیۆز دائەنێت بۆنەتەوە یەكگرتووەكان و زۆربەی وڵاتانی خاوەن سەروەریی لەجیهاندا, و لەهەندێك كاتی دیاریكراودا پاولْ ئەم تۆڕە بەكاردێنێت, بۆبەرەوپێشبردنی سیاسەتەكانی ئەمێریكا كەئەكەوێتە بوارەكانی مافی مرۆڤ و بەرژەوەندیی بازرگانیی.

وەزارەتی بەرگریش, كە لێپرسراوی سەربازییان هەیە لەنزیكەی هەموو ولاتانی جیهاندا و لەگەڵ باڵیۆزەكان كارئەكەن لەهەردوو بواری سەربازیی و ئاسایشدا. و وەك



ئەوەیە كە هەركام لەو دوو وەزارەتە بریتی بێت لە (ئەختەبوت)ێك كە بەباڵەكانی دەوری جیهانی داوە.

لەزۆر مەسەلەشدا بڕیارە سیاسییەكان كاریگەر ئەبن لەسەر توانای كاركردنی باڵیۆزەكان, بەهەمان شێوەش سەبارەت بەو باڵیۆزانەی چاودێریی كارەكانی سوپا ئەكەن.

دیارە هەردوو وەزارەتەكەش بیرۆكراسییەتێكی زەبەلاحیان هەیە. هەركامیان سەدان كەسایەتییان هەیە, كەزۆربەیان لە ململانێدان لەپێناو دەسەڵات و قۆستنەوەی هەل, بۆ مسۆگەركردنی ئەوەی كەهەر بڕیارێك بەو ئاڕاستەیە بدرێت كە خۆیان ئەیانەوێت.

هەرلەماوەی ساڵی رابردوودا بڕێكی زۆری ئەو پێكدا هەڵپژانانەی نێوان ئەو دوو وەزارەتەم بینی. و لەزۆردۆخدا وەزارەتی دەرەوە بەوشێوەیە سەیری وەزارەتی بەرگریی ئەكات, كە كۆمەڵێك (هەڵۆ)ی كۆكردووەتەوەو هەموو هەوڵەكانیان تەرخانكردووە بۆكاری سەربازیی بەبێ هیچ بایەخێك بۆئەوەی كەئەم كارە چ دەرەنجامێكی ئەبێت لەسەرئاستی ناوخۆو نێودەوڵەتی. لەكاتێكدا وەزارەتی بەرگری وا سەیری وەزارەتی دەرەوە ئەكات, كە كۆمەڵێك بیرۆكراسیی تیاكۆبووەتەوە كەهەرحەزیان لەكۆبوونەوەو راپۆرت

www.pertwk.com

نوسینە, کەچی وەزارەتێکی خاووخلیچکە لەکاردانەوە بەرامبەر مەسەلەگرنگەکان.

لەوانەیە راستی لەنێوان ئەم تەوەرەیەدا هەبێت, بەلام شتێك بێگومانە, ئەویش کەمباوەڕییە لەنێوان هەردوو وەزارەتدا. ئەم بێ باوەڕییەی نێوانیشیان لەسەردەستی (پۆل وۆلفۆیتز)ی جێگری وەزیری بەرگریی و (ریچ ئارمیتاج)ی جێگری وەزیری دەرەوە زیاتر بووە.

هەمان شتیش لەنێوان (دۆگ فیث) ی بریکاری وەزارەتی بەرگریی بۆکاروباری سیاسەت دارشتن و گەورە لێپرسراوانی وەزارەتی دەرەوەدا.

لەگەڵ ئەوەشدا نابێت گومان لەوەهەبێت کەئەو پیاوانە بەسۆزێکی گەرمەوە خزمەتی وڵاتەکەیان ئەکەن. و لایەنگیری هەریەك لە رامسفێڵد و پاوڵ بۆ یاریدەدەرەکانیان, و بۆئەو بیروباوەڕانەی گەشەی پی ئەدەن, و ئەو خاڵانەی ئەیوروژێنن لەکاتی پلانداناندا بۆجەنگ, شتەکە زۆر ئاشکرا ئەکات, بەلام لەبەرامبەردا و لەزۆر باردا پابەندیی ئەم راوێژکارانە بەبیرۆکەکانی خۆیانەوە ئەگاتە رادەیەك کە هیچ نەرمییەکی تیا نابینرێت, کەئەمەش دەرەنجام بارێکی پارچە پارچەیی و رێگر دروست ئەکات, ئەویش کاتێك هەوڵئەدەن کاربکەنە سەر لێپرسراوەکانیان, و سەرەنجام و لەکۆتاییدا, کارکردنە سەر



جۆرج بوش سەبارەت بەسیاسەتەکانی تایبەت بەعێراق. و لەزۆر دۆخدا بیرۆکراسیەتی واشنتۆن توشی مشتومڕێك بووە, هاوشێوەی شەڕی نێوان کۆمەڵێك پشیلە کە خرابێتنە ناو یەك گوێنییەوە.

هەرچەندە من لەلای خۆمەوە پێم وایە, کە گوێ لەیەکگرتنێکی باشتر لەگەڵ نەرمییەکی زیاتر لەبیرکردنەوەدا, و ئیرادەیەکی زیاتر بۆ فێربوون و رازی بوون بەچارەسەرێکی ناونجی, چاکتر ئەیتوانی خزمەتی لێپرسراوەکانیان بکات, چاکتر بۆ خۆیان و بۆ فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکان و بۆ وڵاتەکەشمان.

**■ چۆن توانیم ئەو شێوازی بیرکردنەوە بێکەڵکەی سەبارەت بەپەلاماردانی عێراق لەناو پینتاگۆن هەبوو بیسڕمەوە؟**

کەش هۆکارێکی گرنگە, و مادام هێزەکانمان ئەچنە شەڕەوە, جلوبەرگی خۆپاراستن لەچەکی کیمیایی و بایۆلۆژییان لەبەردایە, ئەوا گەرمای ناوەڕاستی هاوین, کە لەوانەیە بگاتە (50پلەی سەدی), ئەمانخاتە چوارچێوەی خانەی تیشکی زەردەوە. هەروەها گەردەلولە لماوییەکانی سەرەتای بەهاریش کۆسپێکی ترن. لێرەوە ئەبوو هەوڵ بدەین چەندی ئەتوانین خۆمان لەو کاتانە دووربخەینەوە، بۆیە

بەئامادەبوانی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەییم وت و رووم کردە سەرۆك: ((کاتی گونجاو, جەنابی سەرۆك, ئەکەوێتە نێوان کانونی یەکەم و ناوەڕاستی مارسەوە)).

دیارە بەمەبەست ئەمویست ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی لەم وردەکارییانە ئاگادار بکەم, چونکە ئەمویست هەستێکی کاریگەریان لا دروست بکەم, سەبارەت بە سروشتێکی ئاڵۆزی پرۆسەی بڕیاردانمان لەلایەنی سەربازییەوە.

پێش هەفتەیەك لەم دیدارەو لە پەیوەندییەکی ڤیدیۆییدا, رامسفێڵد یەکێ لە بۆمبە رەوانبێژییەکانی خۆی تێگرتبووم, ولێی پرسیبووم: ((ئایا ئەتوانین هێرشەکە لە نیسانی (2002)دا دەست پێ بکەین, واتە دوای کەمتر لە 3مانگ؟))

وتم: ((بەڵام هەر بڵاوبوونەوەمان سێ مانگ ئەخایەنێت, واتە ئێمە لەمانگی مایسدا ئامادە ئەبین)).

لەراستیشدا من ئەمویست دوای یەکی نیسان جەنگی زەمینی دەست پێ بکەین (جا ئەو ساڵە هەر ساڵێك بێت).

هیواداربووم ئەو روونکردنەوەیەی پێشکەشم کرد ئەو بۆچوونانە بسڕێتەوە کە گوایە ئۆپەراسیۆنێکی یەکلاکەرەوە لەعێراقدا, کارێکی ئاسان ئەبێت و تەنیا پێویستی بەچەند یەکەیەکی سەربازیی کەم هەیە.



هەربۆیەش هەندێك لەکادرەکانی پینتاگۆن پێشنیازیان کردبوو یەك تیپی سەربازی بەکاربهێنرێت کە بەشێوەیەکی قورس چەکداربێت لەگەڵ پشتیوانییەکی ئاسمانی بەهێز, بەو پێیەی ئەمە بەسە بۆ کردنەوەی دەرگە لەبەردەم کۆمەڵەکانی ئۆپۆزسیۆنی نیشتەجێی تاراوگە بۆئەوەی بەرەو رزگارکردنی ولاتەکەیان پێشڕەوی بکەن. ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە بێکەڵك بوو, بۆیە هەوڵمدا بەزوترین کات کۆتایی پێ بهێنم.

هیچکام لەم (ستراتیژییانە) پێشتر ئەزموونی نەبووە کە یەکەیەك بنێرێت بۆ رووبەڕووبونەوەی تانکەکانی (T-72) لەکاتێکدا من ئەمەم کردووە. و ئەگەر سەرۆك فەرمانی جەنگی پێدام, ئەوا بەشێوازێك و لەکاتێکدا ئەنجامی ئەدەم, کە باشترین هەل بۆیەکەکانمان بڕەخسێت کە ئەرکەکەیان بەخێرایی جێبەجێ بکەن, و تابکرێت کەمترین زیانیان پێ بگات.

**■ نامەیەکی نهێنی سەبارەت بەئامادەکاریی عێراقییەکان بۆبەکارهێنانی چەکی کیمیایی, هانیداین پەلە بکەین و بەغداد بگرین.**

www.pertwk.com

**■ دۆستێکی عێراقی لەناو نەخۆشخانەیەکەوە شوێنی (جیسیکا لینچ)ی سەربازی رفێنراوی پێوتین و ئازادمان کرد.**

زەنگە سورەکە لێیدا, و کاتژمێرەکەم ((3.5خولەکی راگەیاند. چ رۆژێك؟ رۆژی یەکی نیسان. هیواداربووم ئەمڕۆ رۆژی درۆی نیسان نەبێت.

(ڤان مونی) پێی وتم: ((نامەیەك لە (دیل دیلی)یەوە, گەورەم, رێبوارەکەیان لایە)).

هەواڵێکی دڵخۆشکەرە.

(رێبوارەکە) واتەئەو کچە سەربازەی کە هەواڵگریی شوێن پێی هەڵگرتبوو بۆ ناو نەخۆشخانەی سەدام لەناوەڕاستی شاری (ناسریە)دا. و عێراقییەکی دۆستمان لەنەخۆشخانەکەوە وردەکاریی شوێنەکەی پێ وتبووین.

(ڤان) ئەو وردەکارییانەی بۆ باسکردم کە تائەو کاتە لەوبارەیەوە گەیشتبوون. دەستەیەکی سەربازی یەکەی ئەرکی تایبەت, بەپشتوانی سەربازانی مارێنز, لەناو پەلاماری فیدائییەکاندا شەڕیان کردبوو, و چووبوونە ناو نەخۆشخانەکەوە.

لەم چالاکیی رزگارکردنەدا هیچکام لە سەربازانی هێزەکانی هاوپەیمان بەرنەکەتبوون.



وتیشی: ((ئەمەش کاسێتێکی ڤیدیۆییە کە چالاکییەکەی تیا تۆمارکراوە)).

لەناو پێخەفەکەمدا پاڵ کەوتم و هەستمکرد خەو داگیرم ئەکات, و وتم: (سەعات حەوت کارمەندان ئەبینم).

پرسیم: ((ئەو سەربازە ناوی چییە؟))

وەڵامیدامەوە: ((لینچ, گەورەم. جیسیکا لینچ)).

(جیم ویلکنسۆن) خواخوای بوو ئەو کاسێتە دراماتیکییە پیشانی جیهان بدات کە بەکامێرای شەوبین, وێنەی چالاکیی رزگارکردنی لینچی تۆمارکردبوو. و وتی: ((ئەمە هەواڵێکی زۆر چاکە, ژەنەراڵ, دیمەنێکی سەرنجراکێش کە هەقیەتی جیهان بیبینێ)).

وتم: ((ئەوە بیرێکی چاك نییە, جیم)) و ((ئەبێ وا رێکەوین, ژیانی دیلێکی جەنگمان رزگارکردووە, بەڵام هێشتا حەوت کەسی ترماون, لەوانەیە پێش تەواوبوونی مەسەلەکە ژمارەیەکی زیاتریش بگیرێن, جگەلەوەش پێویستە ئارام بین, هێشتا هەموو شتێك تەواو نەبووە)).

لەوەڵامدا وتی: ((ئێستا رۆژنامەنوسان هەواڵیان لەبارەی پرۆسەی رزگارکردنەکەوە هەیە, گەورەم. لە لێدوانی رۆژنامەنوسیی سەرلەبەیانیدا بەسوربوونەوە داوای وردەکارییەکانمان لێ ئەکەن)).

تۆزێك بیرم کردەوە و وتم: ((باشە, بائەوان مەسەلەکە باس بکەن, ئەگەر پرسیاری ڤیدیۆکەیان کرد ئەتوانیت

www.pertwk.com

پیشانی بدەیت, بەڵام خۆت وا پیشان مەدە کەحەز ئەکەیت.

ئەو کاتەش لەڕێی تەلەفزیۆنەوە کەسوکاری دیلەکانی تر دڵنیا بکەرەوە, کە چیمان لە توانادایە ئەیکەین بۆ رزگارکردنی خۆشەویستەکانیان)).

جیم ئەرکەکەی خۆی جێبەجێکرد, و رۆژنامەنوسانیش چیرۆکە هەواڵی خۆیان دەسکەوت.

بەڵام دوای ئەوەی (جیسیکا لینچ) گوێزرایەوە ماشێنی پەیوەندییە گشتییەکان لەئەوروپاو ئەمێریکا کەوتەکاری چالاکانە لەبارەی پرۆسەی رزگارکردنەکەوە, تا ئەوان لەوە تەواوبوون, ئەو کچە سەربازە گەنجەی ئازارێکی زۆری چێشتبوو ببووە قارەمان, و پرۆسەی رزگارکردنەکەی ببووە بابەتی دروستکردنی فیلم.

ئەم چیرۆکە هەمووی, راستێتی ئەو پەندەم بیر ئەهێنێتەوە کە ئەڵێت: ((سەرەنجام شتەکان لەوە خراپتر یا باشتر نین کەلەسەرەتاوە دیارن)).

پاشنیوەڕۆی یەکی نیسان, ئەفسەرێکی ئەرکەکانی یەکەی رووبەڕووبوونەوە پەیوەندیی پێوەکردم و وتی: ((ژەنەڕاڵ, بەڕێوەبەری هەواڵگریی هاوبەش, تکا ئەکات ئەگەر ئەتوانیت بۆ خولەکێك بچیت بۆلای)).

دیارە شتێکی گرنگ هەیە. چونکە (جیف کیمۆنز)ی بەڕێوەبەری هەواڵگریی هاوبەش هەر راپۆرتێکی هەواڵگریی



ئاسایی هەبێت کە پێویست بکات من بیبینم خۆی ئەیهێنێت بۆ ژوورەکەم.

کە چووم, جیف کورتەیەکی لە لاپەڕەیەکی زۆر نهێنیدا دایە دەستم و وتی: ((هێزەکانی مارێنز و هێزەکانی بەریتانیاش ئەم شتەیان دووپات کردووەتەوە)).

وتم: ((سوپاس)), و کاغەزەکەم بە وردی خوێندەوە. ((ئەمەش شتێکی گرنگە)).

ئەو مارێنزانەی چووبوونە ناو بنکەی سەربازی فیدائییەکانەوە لە (سەماوە) ئەمبارێکیان دۆزیبووەوە کە دەرگەی پۆڵاینی داخراوی هەبووە و چەندین تەن تەقەمەنی و ژمارەیەکی زۆری سندوقی تیابووە و هی یەکەکانی گاردی کۆماری تایبەت بووە.

سەربازانی مارێنز زیاتر لە (300) جل وماسکی خۆپاراستن لەچەکی کیمیایی و بایلۆژیشیان دۆزیبووەوە. ئەم کەلوپەلانە پاشماوەی لەبیرکراوی جەنگی 12ساڵ لەمەوبەری کەنداونەبوون, بەڵکو نوێ و مۆدێرن و بەکارنەهاتووبوون, و بەشی پێویستیی دامەزراوەیەکیان ئەکرد کە فەرمانیان پێدراوە لەبواری چەکی گازی ژەهراوییی وەك گازی دەماردا کاربکەن.

شتێکی گرنگی تری هاوشێوە ئەوەبوو سەربازانی مارێنز چەند سەد سرنجێکی پڕ لەگازی دەماریان دۆزیبووەوە, و

www.pertwk.com

لەبەشی پشتەوەی ئەمبارەکەش دوو ئۆتۆمبیلیان بینیبوو کە بارکرابوون بەکەلوپەلی پاککردنەوەی مەیدانی ئالودەبوونی تیشکی, کە ئەمبارەکانیان پڕبوون لەگیراوەی پاککەرەوە.

ئەم عێراقییانە ئامادەی کارکردن بوون لەکەشی چەکی کۆمەڵکوژدا.

عێراقییەکان ئەیانزانی هیچ کام لەهێزەکانی هاوپەیمان چەکی کیمیاییان پێ نییە. و ئەمێریکاو هاوپەیمانەکانی بەکارهێنانی ئەم جۆرە چەکەیان ئاڤەرۆز (ئیدانە) کردووە و لە حەفتاکانی سەدەی پێشووەوە ئەمبارەکانی خۆیان لەناوبردووە, کەواتە سوپاکەی سەدام حسێن خۆی ئامادەئەکرد بۆ خۆپاراستن, نەك لەو چەکە کۆمەڵکوژانەی ئێمە, بەڵکو لەچەکەکانی خۆی.

جیف کاغەزێکی تری دایە دەستم. هێزەکانی بەریتانیاش لەدەوروبەری بەسرە کۆمەڵێکی هاوشێوە بەرگ و ماسکی خۆپاراستنیان دۆزیبووەوە, لەگەڵ کەلوپەلی مەشقی گۆڕەپانیی لەسەرجەنگی کیمیایی, لەوانەش دەزگای ئاژێر (وریاکەرەوە)ی هەستیار بەگازی دەمارو کەلوپەلی لێدانی دەرزی (ئەترۆپاین)ی دژی چەکی کیمیایی.



زۆر بەڵگەی تریش هەبوون کە ئاماژەیان بۆهەمان ئەنجام ئەکرد: (عێراقییەکان ئامادەن چەکی کیمیایی بەکاربهێنن, لەوانەیە گازی (ڤی ئێکس) و گازی سارین, ئەمانەش هەمان ئەو چەکانەن کەلەسالآنی هەشتادا دژی هێزەکانی ئێران و دژی کوردەکانی عێراق بەکاریان هێنابوو).

وتم: ((سوپاس جیف, ئەمانە راپۆرتی گرنگن, بەڵام هەرچۆنێك بێت هەواڵی دڵخۆشکەر نین)).

جیف وتی: ((پێم وانییە کاتێکی زۆر تێپەڕێت, تاچەکی کیمیایی دژی هێزەکانمان بەکاربێت)).

وەڵامم دایەوە: ((بەداخەوە تۆ راست ئەکەیت)).

پێویستی نەکرد زۆرچاوەڕێبین, تا جارێکی تر قەیرانی چەکی کۆمەڵکوژ سەریهەڵدایەوە. و نیوەڕۆی رۆژی (2ی نیسان) من و (جۆن ئەبی زەید) سەرگەرمی گفتوگۆی نەخشەی ئۆپەراسیۆنی قۆناغی کۆتایی بەغدا بوین کە (جیف کیمۆنز) هات بۆ نوسینگەکەم. جیف وتی: ((داوای لێبوردن ئەکەم کە قسەکانم پێبڕین, ئەم گوێڕادێرییە ئێستا گەیشتووە)).

کاغەزێکی چاپکراوی زۆر نهێنیی دایە دەستم. زانیارییەکانمان لەرێی پەیوەندییەکانەوە نامەیەکی دەنگیی

www.pertwk.com

فەرماندەی فەیلەقی مەدینەی گاردی کۆمارییان گرتبوو کە فەرمان ئەدات بە تیپێك لەناوچەی کەربەلا.

پەیامەکە سادەو ترسناك بوو: ((خوێن خوێن خوێن)).

جیف وتی: ((لەوانەیە ئەمە فەرماندان بێت بۆ بەکارهێنانی چەکی کۆمەڵکوژ, گەورەم)).

تەلەفۆنە سورەکەم هەڵگرت و پەیوەندیم کرد بە (دەیڤید ماکیرنان)ەوەو پێم وت: ((دەیڤید, ئێستا جیف بەفاکس راپۆرتی گوێگرتن لە فەرماندەی فەیلەقی مەدینەت بۆ ئەنێرێت. ئێمە لەبەردەم ئەوەداین بەم زوانە رووبەڕووی مەسەلەی چەکی کیمیایی ببینەوە)).

دەیڤید بەزاراوە ئارام و ئاساییەکەی خۆی وەڵامی دامەوە: ((تێگەیشتم ژەنەراڵ, رێنماییم دەرکرد بۆهێزەکانمان کەلەمەودای ناڕاستەوخۆی تەقەی گاردی کۆماریدان تائامادەبن بۆئەگەرەکان)).

ئەشمزانی پۆشینی بەرگی خۆپاراستن لەچەکی کیمیایی لەگەرمای بەرزی نیساندا کارێکی سەختە, بەڵام ناتوانین سەرکێشی بکەین بەژیانی هەزاران سەربازەوە لەهێرشێکی کیمیایی گەورەو کتوپڕدا, لەکاتێکدا هێزەکانمان لەبەغداد نزیك ئەبنەوە.

رۆژی دووی نیسان نەمئەزانی کەی هێزەکانمان بەچەکی کیمیایی یا بایەلۆژیی پەلامارئەدرێن, بەڵام



دڵنیابووم بەمزووانە ئەبێت, چونکە عێراقیەکان خۆیان ئامادەکردبوو بۆ شەڕکردن لە دۆخی بەکارهێنانی چەکی کۆمەڵکوژدا, و پێشتر رژێم چەکی کیمیایی بەکارهێنابوو. بەڵگەشمان لابوو کە چەکی کۆمەڵکوژیان هەیە.... و ئێستاش ئێمە بەرەو پایتەختەکەیان بەڕێوەین, چاکترین دەرفەتمان ئەوەبوو شەڕەکە خێراتر بکەین, و بەشێوەیەکی خێراتر لەوە پێشڕەوی بکەین کەلە (12)رۆژی رابردوودا کردبوومان.

**■ سەیری وێنەی راستەوخۆی چالاکییەکانی فڕۆکەخانەی بەغدام ئەکرد وتم: هەڵەیەکی تەکنیکیی هەیە, چونکە هیچ تانکێکی دوژمن لە دیمەنەکەدا نییە.**

**■ بەو ئاسانییەی کەلە فڕۆکەخانەی سەدام نزیك بووینەوە, جۆن ئەبی زەید پێی وتم: کەواتە بەغدا هیچ قەڵایەکی نییە.**

**■ رووبەڕووی سەدان جەنگاوەری میسری و سودانی و سوریایی و لیبیایی بووینەوە لە دەوروبەری بەغداو هەموویانمان لەناوبرد.**

www.pertwk.com

هێزەکانمان تەنیا چەند میلێکی کەم لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی سەدامەوە دووربوون کە ئەکەوێتە دەوروبەری باشووری خۆرئاوای بەغداوە. و سەعات 10: 14 خولەکی ڕۆژی هەینی 4ی نیسان بوو. یەکەی سێیەم بە پشتیوانی زەبری بەهێزو کاریگەری فڕۆکەکانی ئەپاچی لەناوچەی کەربەلا شەڕی کردبوو. و هێزی ئەرکەکانی زرێپۆشی تیپەکە پاشماوەی فەیلەقی مەدینەی تێکشکاندبوو, و هاوکارە فیدائیییەکانیشی دوورخستبووەوە.

لەکاتێکدا کۆمەڵێکی بچووکی سوارە بەرەو ڕێگەی سەرەکی بەڕێوەبوون و خەریك بوون ئەگەیشتنە سەررێگەی خێرای بەرەو فڕۆکەخانە, بەجینم وت: ((ئەوکەسانە زۆر نزیکن لەو گردۆڵکەیەوە, و هیوادارم بزانن لەکوێدان)). و تەلەفونە سورەکەم هەڵگرت و پەیوەندیم کرد بە (دەیڤید ماکیرنان)ەوەو وتم: ((دەیڤید, ئایا چاودێریی ئەو دەستەیە لەهێزەکانی سوارە ئەکەیت کە وەك شەمشەمەکوێرە لەو دۆزەخەدا پێشڕەوی ئەکەن؟))

وتی: ((ژەنەڕاڵ پانتایی شاشەکەت بە پلەیەك یادوو پلە بەرەو سەرەوە بگێڕە. ئەو دەستەیەی هێزی سوارەی چاودێریی, هێزێکی شەش حەوت هەزار کەسیی لەهاوڕێکانیان لەدواوەیە بەدووری 30خولەك)).



سەیری کۆمپیوتەرەکەم کرد, وەك دەیڤید وتی, بێ کۆتایی هێما شینەکان دیاربوون, کە پێشڕەوی هێزەکانی هەوالگرین, بەرەو ڕێگەی سەرەکی پێشڕەوییان ئەکرد بەدووری 20کیلۆمەتر لەدوای دەستەی سوارەکانی چاودێرییەوە.

بەدڵنیاییەوە وتم: ((زۆرباشە)).

گرینیچ پێی وتم: ((سەیری (دواڵتەر روبەرز) بکە لەکەناڵی CNN)).

ئەو ڕۆژنامەنوسە لەناو ئۆتۆمبیلێکی (برادلی)دابوو, و ڕاستەوخۆ لەرێی تەلەفونی ڤیدیۆییەوە هەواڵەکانی ئەگواستەوە. لەباگگراوندە تەماوییەکەیدا ڕێگەسەرەکییە بەناویەکداچووەکان و پردەکانی دەوروبەری بەغدام ئەبینی... و پاشماوەی تانکەکانی (T-72) ی گاردی کۆماری کە سوتابوون.

(دەیڤید ماکیرنان) لەرێی کۆنگرەی پەیوەندییەکانەوە وتی: ((حەز ئەکەم دوا زانیاریی و گۆڕانکاریەکانت لەبارەی بارودۆخمانەوە لەدەوری بەغدا پێشکەش بکەم)).

لەوکاتەدا لەسەر نەخشەکە ئەمبینی بەتالیۆنەکان و هێزەکانی ئەرکی سەربەهێزەکانی 3ی هەوالگریی لە خۆرئاواو باشووری دەوروبەری بەغدا بلاوبوونەتەوە, لەگەڵ گەمارۆیەکی توندی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی, بەلام یەك بەتالیۆن بەدرێژایی ڕێگەی گشتی ژمارە

www.pertwk.com

8بەدووری چەند میلێك بەرەو باشوور جێی خۆی گرتبوو.

كات كۆتایی شەوی هەینی 4ی نیسان بوو, ماوەی سەعاتێكی رابردوومان بەگفتوگۆ بەسەربردبوو لەبارەی چاكترین شێواز بۆ بلاّوەپێكردنی بەرگری رێكخراوی رژێم لەبەغدای پایتەختدا. و من ئەمویست بۆرۆژی داهاتوو تانكەكانی ئەمێریكا لەناو شارەكەدا ببینم. و مەزەندەم كردبوو كە كارێكی لەمجۆرە لەتەنیا هێزپیشاندان (عرض العضلات)ێك زیاتر ئەبێت.

لەراستیدا ئامانجەكەم تێپەڕین بوو لەبەرگرییەكانی دوژمن تابزانم ئایا هیچ یەكەیەكی هێزەكانی گاردی كۆماریی, دوای ئەو گورزانەی لەباشووری بەغدا بەریان كەوت, كشاونەتەوە بۆناو شارەكە؟

لەگەڵ بەیادهێنانەوەی ئۆپەراسیۆنەكانی چاودێری ساڵی 1968 كەناوچەی نزیك پردی (وای) لە ڤێتنام بەخۆوەی بینی, لەدڵی خۆمدا وتم: ئەمە هەر لە (رێڕەوی گەردەلول) ئەچێت. و بۆساتێك بیرمكردەوە: ((هەندێك شت لە ڤێتنام شایانی بەیادهێنانەوەیە)).

(رێڕەوی گەردەلول) یەكەیەكی پیادەی زرێپۆش و میكانیكیی بوو كە زۆر بەخێرایی بەناوچەی (چێ)ی



(شڤیل)دا پێشڕەویی ئەكرد. و ئامانجیشی غافڵگیركردنی دوژمن بوو, یان تێكشكاندنی لەرێی بەكارهێنانی هێزەوە.

دەیڤید وتی: ((تێگەیشتم گەورەم, رێڕەوی گەردەلولە)). و وتم: ((زانیاریم بۆبنێرە)).

لەو سەعاتەدا سەرگەرمی نەخشەكان بووم لەگەڵ ئەفسەرانی (بوف بلۆنتس) بۆ هاوكارییكردنیان لەدانانی پلانە تەكتیكییەكانیاندا.

تیپی سێیەمیش توانای خۆی سەلماند لەشەڕكردن لەدۆخەجیاوازەكانی بیابان و ناوشاریشدا, و تانكەكان و ئۆتۆمبیلە (برادلی)یەكانیان لە بیابان و لەچەندین شارداو لەرێگەیەكی دورودرێژدا لەرێگە خێراكانی یەك تا هەشتدا بەناو بەرگرییەكانی عێراقدا تێپەڕین. و لەبەرامبەردا, زۆربەی كات, دەزگاكانی راگەیاندن لەپشت یەكەكانی مانۆڕی پێشڕەوەبوون, و هاوكات زۆربەی ئەم شەڕانە لەشەودا روویانئەدا. هەربۆیە جەماوەر ئاگایان لە سەختی و چڕیی ئەو شەڕانە نەبوو كەئەم سەربازانە كردوویانە. بەلاّم سیان لەو شەڕانە لەكەربەلاو دەوربەری زۆر سەخت بوون, و شەڕە زەمینییەكانی جەنگی جیهانیی دووەمی بەبیری مرۆڤ ئەهێنایەوە, و لەبەرئەوە پێم وابوو كە ئەگەر یەكەیەكی سوپای ئەمێریكا هەبێت كە چارەسەری ئەم دۆخە بكات, ئەوە بێگومان تیپی سێیەمە.

www.pertwk.com

– سەعات 6: 29 خولەك لەژووری جەنگدا بەتەنیا بووم.
و هێزەکەی بەتالیۆنی ئەرکەکان خەریك بوو لەسنوری هێرشی خۆی ئەپەڕییەوە لەسەرڕێگەی سەرەکی ژمارە 8, تابەرەو ناوەڕاستی بەغدا پێشڕەوی بکات.

لەوساتەدا (جۆن ئەبی زەید) و (جین ریتوارت) هاتن بۆلام. چاودێریی هێماکانمان ئەکرد کە بەرێگە سەرەکییەکەدا و بەقەراغ شارەکەدا بەرەوناوشار لەپێشڕەویدا بوون.

لەلای خۆیەوە وەزیری راگەیاندنی عێراق لەسەنتەری رۆژنامەوانی هۆتێل فەلەستین بەرۆژنامەنوسانی راگەیاند کە ئەمێریکاییەکان لەباشوور کەوتونەتە زەلکاوێکەوە و گوایە: ((ئەوان (ئەمێریکاییەکان) لە بەغداوە نزیك نین, بەلاّم ئەگەر بگەنە ئێرە سەریانئەبڕین)) و قسەی لەوبابەتە.

لەوکاتەدا بە کەناڵەکانی سەتەلایتدا ئەگەڕاین پەخشێکی تەلەفزیۆنیمان بینی لەلایەن رۆژنامەنوسێکەوە کە هاوڕێی هێزی ئەرکی 164ی زرێپۆش بوو, کە پێکهاتووە لە 29 تانك و 14 ئۆتۆمبیلی برادلی. تیپی سێیەمیش فرۆکەیەکی جۆری (هەنتەر- یوئەی)یان لەگەڵ بوو بۆ گواستنەوەی رووداوەکان, بۆیە هەندێك جار بەسەرکردنەوەی ڤیدیۆییمان هەبوو بەسەرسەرمانەوە.

لەکاتێکدا رەتڵە خێراکانی تانك و ئۆتۆمبیلەکانمان لەژێر ئاگربارانی چەکی سوك و تۆپ و ئاربیجی دا لەپێشڕەویدا



بوون, هەموو سەرنجی شتێکی سەیرماندا: هیچ تانکێکی دوژمنی لێ نییە. وتم: ((هەڵەیەکی تەکنیکیی هەیە)).

جین پێی وتم: ((هەڵەیەکی تەکنیکی هەبوو)).چونکە ئۆتۆمبیلێکی پیکاب لەناو دوکەڵەکەدا ون بوو کاتێك گوللەیەکی 25ملمی برادلی تێکی شکاند.

لەلای باکووری رێگە سەرەکییەکەوە شەڕ بەردەوام بوو لەگەڵ پیاوەکانی گاردی کۆماریی, کەبەدەستەی بچووك و بلاّو شەڕیان ئەکرد, و فیداییەکان کە بەدرێژایی رێگەکە مۆڵ بووبوون, و وادیاربوو کە هەریەکەیان (ئاربیجی)یەکی پێیەو موشەك ئەنێت بە تانك و ئۆتۆمبیلەکانمانەوە. بەلاّم هێزەکەی ئەرکەکان لەپێشڕەویدا بوو, ولەزنجیرەیەك هێرشی توندو خوێناویدا شەڕی ئەکرد, و شەڕێکی چاکیان کرد, پاش نزیکەی دووسەعات و نیو ئەو هێزە گەیشتە چەند پێگەیەکی نزیك فرۆکەخانە, و لەم پێشڕەویەدا چەند ئۆتۆمبیلێکی لەدەستدابوو کە بەموشەکی ئاربیجی پەکیان کەوتبوو.

ئەوکاتە (جۆن ئەبی زەید) وتی: ((کەواتە بەغدا هیچ قەلاّیەکی نابێت).

وتم: ((لەماوەی رۆژێك یا دوو رۆژدا ئەو شتە ئەزانین)).

کاتێك ئێمە قسەمان ئەکرد, فەوجە جەنگاوەرەکانی هێزەکانی مارێنز گەمارۆی سەربەشی باشووری خۆرهەلاّتی

www.pertwk.com

شارەكەيان توندتر ئەكرد. مارێنزەكان چەند شەڕێكى سەختيان كرد لەگەڵ پاشماوەى ئەو يەكانەى گاردى كۆماريى كەلە هێرشى ئاسمانييە توندەكان رزگاريان بووبوو. و رووبەرووى چەند سەد جەنگاوەرێكى بێگانەى ميسرى و سودانى و سورِيايى و ليبيايى بوونەوە كەلە لايەن رژێمەوە لەكامپێكى باشوورى بەغدا مەشقدرابوون. ئەم خۆبەخشانە شەڕێكى خۆكوژييان ئەكرد, بەڵام نەك بەشارەزايى, و هێزەكانى مارێنز هەموويانيان كوشت.

– هێماى سەر نەخشەى رادارەكەم رووكردە گۆشەى باكوورى خۆرهەڵاتى عێراق, ناوچە كوردييە سەربەخۆكە.

چەند سەعاتێك لەمەوپێش چەند هێمايەكى كەمى لێبوو كە بريتى بوون لەتيپەكانى هێزى تايبەت و پێشمەرگە هاوپەيمانەكانيان, پاشان هێماكانى ليواى 173ى بەفرۆكە گوێزارەوە دەركەوتن, لەگەڵ هێماى ژمارەيەكى زياترى يەكە تايبەتەكانى سەربەهێزەكانى تايبەت.

لەو كاتەدا (گارى هارل) لەبارەگەكەيەوە پەيوەندى پێوەكردم و وتى: ((گەورەم, لێرە بەشدارى شەڕێكى باشمان كرد. سێ يەكەى هێزەكانى تايبەت لەگەڵ هەشتا كەس لەجەنگاوەرانى پێشمەرگە بەشدارييان كرد, و شوێن



پەڕينەوەيان بۆ ليواى 173 دابينكرد و پێشڕەويى سريەيەكى ميكانيكى سوپاى عێراقيان راگرت))

لێم پرسى: ((تانكيان پێ بوو؟))

وتى: ((فەسيلەيەكى تانكى (T55) و لانى كەم تۆپێكى 57ملم. ئەو هيچ وپوچانە هاتنەپێشەوەو وايان پيشاندا كە تەسليم ئەبن, كەچى كەلێمان نزيك بوونەوە تەقەيان لێكردين, و ئێمەش لەناومانبردن)).

سەبارەت بە (گارى هارل) ئەم جۆرە چالاكييانە شتێكى ئاساييە, بەڵام بەلامەوە سەير بوو چۆن چالاكييەكەيان ئەنجام داوە.

لێم پرسى: ((پشتيوانى ئاسمانيتان هەبوو؟)).

وتى: ((نەخێر... بەڵام موشەكى (جافلين)ى دژى زرێپۆشمان پێبوو)).(جافلين تازەترين نەوەى چەكى دژە زرێپۆشە و لەسەرشان ئەتەقێنرێت و بە (بيتەقێنەو لەبيريكە) ناسراوە. خۆشبەختانە هێزەكانى تايبەت ئەمجۆرە موشەكەيان پێبووە).

هەستێكى نزيك لەيەقينم لادروست بوو كە ئێمە ئەم جەنگە ئەبەينەوە, و هەستم كرد چەند بەختيارم كەئەو هێزە داناوچالاكەمان هەيە, و ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوپياوو ژنانەى لەو هێزانەدان.

_ رۆژى 4شەممە 9/نيسان/2003 هۆڵى كۆنگرەكان لەئامادەبووان جمەى ئەهات.

سەیری کەناڵی (CNN) مان ئەکرد کاتێك ئۆتۆمبیلێکی سەربازی ئەمێریکایی قورپۆشکراو بەناو کۆمەڵێك عێراقیدا پێشڕەوی ئەکرد کەلە دەوری پەیکەرێکی سەدام لە (مەیدانی فیردەوس) کۆبووبوونەوە. هەندێکیان گوریسێکیان کردبووە ملی پەیکەرەکەی دیکتاتۆرو ئەیانویست بەراکێشان بیڕوخێنن, بەڵام بۆیان نەخرا, تا سەربازانی مارێنز هاتنە ناوەوە بۆ یارمەتیدانیان بە بەکارهێنانی زنجیری ئۆتۆمبیلە سەربازییەکەیان, و ئیتر دوای ئەوە رماندنی چەندین تۆن برۆنز کاتێکی زۆری نەخایاند.

دوای رماندنی, زۆرکەس چوونە سەر پەیکەرەکەو کەوتنە کوتانەوەی بەتاکە قۆنەرە, و لەناو هۆڵی کۆنگرەکاندا کەژمارەیەکی چاك لەوێ کۆبووبوونەوە بۆسەیرکردنی رووداوەکان لەسەرشاشەی کەناڵی (CNN)، بووبە چەپڵە رێزانێکی گەرم.

هەواڵی کەناڵەکانی راگەیاندن لەوە ئەچووو ئاماژەی یەکلابوونەوەی جەنگەکە بدات.

راستە شەڕە سەرەکییەکان کۆتاییان هات, بەڵام هێشتا جەنگ تەواو نەبووبوو.

لەکۆتایی پەیوەندییەکی وێنەییدا, لەرێی تۆڕی ڤیدیۆوە بەدۆناڵد رامسفێڵدم وت: ((جەنابی وەزیر... باسی کاتی تایبەت بە قۆناغی چوارمان ئەکرد... بریتانیاییەکانیش



هەرلەگەڵ گەڕانەوەی یەکەمین یەکە سەربازییەکانیان لەکەنداوەوە، تابۆرێك رێکئەخەن بۆ ئاهەنگ گێڕان بەبۆنەی ئەم سەرکەوتنە سەربازییەوە. بەلام سەربازەکانمان جارێ ناگەڕێنەوە. حەز ئەکەم بیرلە شێوازێك بکەینەوە بۆرێزلێنان لە قوربانییەکانیان. هێشتا زۆر ئەرکی جێبەجێنەکراو ماوە, بەڵام ئۆپەراسیۆنە جەنگییە سەرەکییەکان تەواو بوون)).

لەراستیدا ئەمویست وەزیری بەرگریی, یا سەرۆك بەئاشکرا ئەم راستییە بەهێزەکانمان رابگەیەنن. هۆیەکی تریش هەیە بۆ دەرکردنی لێدوانێکی فەرمی (رەسمی) سەبارەت بەکۆتاییهاتنی قۆناغی سێیەم. هەندێك ئەندامی هاوپەیمانیی هەیە کە حەز ناکەن هێزەکانیان لەشەڕدا بەشداری بکات, بەڵام دووپاتیان کردووەتەوە, کە ئامادەی بەشداریکرنن لەگەڵ تەوابوونی ئەم قۆناغەدا.

بە رامسفێڵدم وت: ((ئێمە حەز ئەکەین گەیشتنی هێزەکانی ئەو وڵاتە بەشدارانە ببینین لەگەڵ گەیشتنی یارمەتییە مرۆییەکاندا)). و بە تایبەتی لەو بارەیەوە پرسیارم لێکرد کە ئایا لەم بارەیەوە پێشنیارێکی دیاریکراوی هەیە, و پاشان, لەگەڵ ئەوەی بەدوای وشەی گونجاودا ئەگەڕام بۆ دەربڕینی مەبەستەکەم وتم: ((شتێکی باشە ئەگەر سەرۆك سەرکەوتنی چالاکییە جەنگییەکان رابگەیەنێت, چونکە هێزەکانمان ئەو ئەرکانەیان ئەنجامداوە کە پێیان سپێردراوە.

www.pertwk.com

و پێموایە هیچ چالاکییەکی جەنگی هێندەی ئۆپەراسیۆنی رزگارکردنی عێراق سەرکەوتوو نەبووە)).

رامسفێڵد وتی: ((لەگەڵ سەرۆك قسەئەکەم)).

هەستم بەپێزانین کرد لەبەرامبەر قسەکانی رۆژی یەکی مایسی 2003ی سەرۆکدا, بەڵام نەمئەزانی رووبەرووی چ رەخنەیەك ئەبێتەوە بەهۆی پێشنیارەکەی منەوە.

**■ بۆمێژوو, بوش بەئاشکرا وتی: ((کاتی پەلاماردانەکە هیچ پەیوەندییەکی نابێت بەهەڵبژاردنەکانی کۆنگرێس, یا راپرسییەکانەوە)).**

**■ (ئاندی کارد) خۆی تێهەڵقورتاندو وتی: ((جەنابی سەرۆك, ئێمە لە تشرینی دووەمی داهاتوودا هەڵبژاردنی**



**کۆنگرێسمان لەپێشە. ئەمەش پێویستی بەدیاریکردنی کاتێکە بۆ گفتوگۆ لەبارەی ئەم مەسەلەیەوە)).**

بەڵام جۆرج بۆش بەدەنگێکی زوڵاڵ وتی: ((ئەو شتە هیچ پێوەدانگێکی نییە. ئەگەر چووینە جەنگەوە, ئەوە لەبەرخاتری ئاسایشی ئەمێریکایە. کاتەکەشی هیچ پەیوەندیی بە مەسەلەی هەڵبژاردنی کۆنگرێس و پرسینی رای گشتییەوە نابێت)).

ئەمزانی سەرۆك رێزی (کارد) ئەگرێت, بەڵام لەم رێگەیەوە پەیامێکی ئاراستەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی کرد, کە یەکەمینەکان بەلای ئەووەوە ئاشکران.

لەبارەی رەسمی روونکەرەوەی کۆتاییەوە باسی پێگەکانی (هێزەکانمان لەباشترین شێوەدا)م لەسەر سنوری عێراق کرد. مەبەستیشم لەمە بوونی یەکەی هەمەجۆربوو لە فرۆکەو کەشتیی جەنگیی کەبتوانن قورساییەك ببەخشنە هەوڵە دیپلۆماسییەکانمان بۆئەوەی وەك مۆڵگەیەك بەکاربهێنرێت بۆ هەڵمەتە یەکلاکەرەوەکەمان. سوریش بووم لەسەرئەوەی کە شێوازی جێگیرکردنی هێزەکانمان بەجۆرێك بێت کە یاریدەی بەدیهێنانی ئەو ئامانجە بدات, بەبێ وروژاندنی سەدام کە کاردانەوەیەکی هەبێت پشت بەستوو بە ئامۆژگارییەکی هەڵە, و لەرێی تەبەنیکردنی دیدگەیەکی دژەوە.

www.pertwk.com

رامسفێلد بەم پرسیارە بەشداریی گفتوگۆكەی كرد: ((ئایا ئەبێت فەرماندەیی ناوەندی تا كانونی یەكەم چاوەڕێ بكات, پێشئەوەی دەست بكات بە ئۆپەراسیۆنە یەكلاكەرەوەكان؟))

ئەمزانی كە وەزیری بەرگری ئەیەوێت من لەبەردەم ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەییدا پێداگرم لەسەر وادەی گونجاو بۆهەر ئۆپەراسیۆنێكی جەنگیی چاوەڕانكراو.

پێم وت: ((جەنابی وەزیر, ئێمە ئەتوانین, لە هەر كاتێكدا سەرۆك فەرمانمان پێبكات, یەكەكانمان بلاّوبكەینەوەو پلانەكە جێبەجێی بكەین)).

سەرۆك بوش لەكاتێكدا مەترسی ئەگەری بەكارهێنانی چەكی كۆمەڵكوژی لەمێشكدا بوو, پرسی: ((ئایا ئەتوانین ئەگەر پێویست بوو, زووتر دەست پێ بكەین؟)).

لەوەلاّمدا وتم: ((بەڵێ ئەتوانین, جەنابی سەرۆك, بەلاّم جەنگێكی قێزەوەن ئەبێت و كاتێكی زیاتر ئەخایەنێت و چالاكی زیاترمان توش ئەبێت و زیانی زیاتریش لەهەردوولامان ئەكەوێت. و لەوانەشە ببێتەهۆی وێرانكردنی زیاتری ژێرخانی عێراق, ئەگەر ئۆپەراسیۆنەكە بەوشێوەیە جێبەجی نەكەین كەباسمكرد)).

رامسفێلد وتی: ((جەنابی سەرۆك, ژەنەراڵ فرانكس كارلەسەر ئۆپەراسیۆنێك ئەكات كە بتوانێت بەرگریی عێراق



تێك بشكێنێت لەماوەیەكی زۆر كەمتر لەو 90رۆژەی بۆشەڕە زەمینییە سەرەكییەكان تەرخانكراوە)).

■ **بە فەرماندەی هێزەكانی بریتانیام لەبەسرە وت: ((وێرانكردنی بارەگەكانی پارتی بەعس لەلایەن خەڵكەكەوە, توندوتیژییەكە كە ناچارمان ئەكات ماوەیەك لێرە بمێنینەوە)).**

لەسەركورسی چاودێرەكە دانیشتبووم و چاودێری بیابانەكەم ئەكرد. فڕۆكەكەمان بەخێرایی 660 گرێ ئەڕۆیشت. بەرێوەبووین بەرەو بارەگەی تیپی یەكەمی زرێپۆشی بریتانیا لەنزیك بەسرە.

سەعات 10ی سەرلەبەیانی رۆژی 7ی نیسان بوو, بۆ یەكەم جار سەردانی هێزەكانمانم ئەكرد لەعێراق.

یەكەم سەردانیش بۆلای هێزەكانی بریتانیا بوو, پاشان چووم بۆلای مارێنزو دوای ئەوەش بۆلای تیپی (101)ی بەفڕۆكە گواستراوە.

كاپیتانی فڕۆكەكە گوێی لە پەیامێك گرت لەرێی (هێدفۆنەكەیەوە), و پاشان پەنجەی هەڵبڕی و هاواری كرد: ((یەك خولەك)).

تۆڕێكی پارێزگاریی لەپارچە لەسەرزەوی هەلیكۆپتەرەكە راخرابوو, و ئێمەش لەسەر هێڵەكە دژە گولەكانمان دانیشتبووین. چونكە فیداییەكان لەم ناوچەیەدا چالاك بوون و فڕۆكەیەكی لەوجۆرەش ئامانجێكی ئاسان بوو.

www.pertwk.com

نیشتینەوەو لەسەر لمەکە دانیشتن. و ژەنەراڵ (رۆبن بریمز) فەرماندەی تیپەکەی بریتانیا بە بەرگە بیابانییە سەرنج راکێشەکەیەوە هاتەپێشەوەو دەستی بەرزکردەوە بۆسلاو و وتی: ((ژەنەراڵ, باشتکرد کە هاتی)).

پلەی گەرما لەشوێنی نیشتنەوەکە زۆر بەرزبوو, و بۆنی دیزڵم ئەکرد, و کۆمەڵێك تانکی (چالنجەر) و ئۆتۆمبیلی (واریۆر)ی جەنگیی دەوری ناوچەی نیشتنەوەکەیان گرتبوو.

وەك چاوەڕوانمان ئەکرد, لەچادرەکەی (رۆبن بریمز)ی فەرماندەدا, چا ئامادەکرابوو, لەگەڵ فنجان و دەوریی چینی, و دەوری بچکۆلە کە ساندویچ و پسکویتیان لەسەر دانرابوو.

بریمز لەسەر نەخشەیەکی گەورە هەڵویستی تەکتیکیی هێزەکانی خۆی پیشاندام. تیپەکەیان رێگەی تا (ئوم قەسر)ی کردبووەوە. و وتی: ((یارمەتییە مرۆییەکان بەڕێوەن)).

لێم پرسی: ((رۆبن, باری ئاسایش چۆنە؟))

وتی: ((بەڕۆژ باشە, ژەنەراڵ, بەڵام بەشەو تۆزێك سەختە, هەرچەندە ئێستا دانیشتوانەکە لێمان نزیك ئەبنەوە)).

ئاماژەی بۆنەخشەیەکی چڕوپڕی شاری بەسرەکرد. و وتی: ((رووئەکەنە بارەگەکانی پارتی بەعس و وێرانی ئەکەن, کارەکە لە تاڵان و راو ورووت ئەچێت, بەڵام لەراستیدا تۆڵە سەندنەوەیە)). و ئەم توندوتیژییە بێ سەرەوبەرەیە لەگەڵ داڕمانی رژێمدا بەسەرتاسەری عێراقدا بلاوئەبووەوە.



وتم: ((رۆبن, وادیارە جەنگەکە ئەبەینەوە, بەڵام ئەمجۆرە توندوتیژییە ناچارمان ئەکات ماوەیەك لێرە بمێنینەوە)).

لە وەڵامدا وتی: ((گەورەم, راست ئەکەیت, و لێرە پێکەوە ئەمێنینەوە. بەڵام لەو کاتەدا شانشینی یەکگرتوو (بریتانیا) دەست ئەکات بە گۆڕینی هێزەکانی, نەخشەیان کێشاوە بۆ رێکخستنی تابورێکی سەربازیی بۆ ئاهەنگ گێڕان بەبۆنەی سەرکەوتنەوە. هێزەکان ئەو شتانەیان پێخۆشە)).

وتم: ((بێگومان بریتانیەکان شایانیانە, و ئەمێریکاییەکانیش رێزی لێئەگرن)).

لەوێوە بۆ وێستگەی دووەمان, و دوای دووسەعات فڕۆکەکەمان لەبارەگەی ژەنەراڵ (جیم کۆنوای) فەرماندەی هێزەکانی چاودێریی سەربە مارێنز لەنزیك ناسریە نیشتەوە. و لەجیاتی چاو پسکیت خواردنی ئامادەمان خوارد.

(جیم کۆنوای) بەوردی و هەمەلایەنە شتەکانی بۆ روونکردینەوە و وتی: ((ژەنەراڵ فرانکس, لەم شەڕەدا یەك شت فێربووین, ئەویش ئەوەیە کە دوژمن جا سوپای نیزامی بێت یا فیداییەکان, بارەگەی فەرماندەیی و چەکی قورس و ئەمباری تەقەمەنییەکانی لەناو خوێندنگەو نەخۆشخانەو مزگەوتەکاندا جێگیر ئەکات)).

کەلە چادرەکە هاتینە دەرەوە, خۆم هەڵدایە سەربەشی دواوەی ئۆتۆمبیلێکی (هەمڤی) سەربازی, بۆ پیرۆزبایی کردن لەسەربازانی مارێنز و رووی قسەم کردە ئەوانەی

www.pertwk.com

لەوێدا ئامادەبوون: ((بەدرێژایی ژیانم کەسانی وەك ئێوەم نەدیوە... ئێوە بایەخێکی تایبەت ئەدەن بەو ئەرکەی خراوەتە سەرشانتان و بایەخ بەیەکتریش ئەدەن. ئێوە بەراستیی وەك مارێنز هەڵسوکەوت ئەکەن. نامەوێ لێرەدا وتارێکی درێژتان پێشکەش بکەم, بەڵکو ئەوەی ئەمەوێت پێتان بڵێم ئەوەیە کە ئەگەر کوڕێکم هەبوایە, خۆزگەم ئەخواست سەربازێك بێت لەناو هێزەکانی مارێنزدا)).

لە ئۆتۆمبیلە سەربازییەکە دابەزیم و دەستم کرد بە تەوقەکردن لەگەڵ سەربازەکان و هەمیشە پابەندی ئەوەبووم کە لەنزیکەوە و بەشێوەیەکی تایبەتی لەگەڵ سەربازانی هێزەکان قسەبکەم, بەڵام ئەو رۆژە مەبەستێکی ترم هەبوو, و ئەمویست لەنزیکەوە سەیری دەموچاویان بکەم تا بتوانم سەرنجی ئاستی ماندوویی جەستەیی و دەروونییان بدەم, چونکە لەروانگەی ئەزموونی جەنگی ڤێتنام و ئۆپەراسیۆنی (گەردەلولی بیابان)ەوە چاك ئەزانم, کە هێزەکان, تەنانەت ئەوکاتەی بەتەواویش ماندوون, ئەتوانن بەردەوام بن لەشەڕداو ئەرکەکانی سەرشانیان جێبەجێ بکەن.

سەربازانی ئەم هێزانەش توانایەکی لەرادەبەری بەرگەگرتنیان هەیە, و وەك دیارە, گەیشتوونەتە حاڵەتێکی ماندوویی, و هێزی ماندوو ناتوانێت درێژە بەشەڕبدات.



تەوقەم لەگەڵ ئەندامانی ئەو هێزە کرد و وێنەیەکی فۆتۆگرافیم لەگەڵ گرتن و بۆخۆشیش دوو نوکتەم بۆ گێڕانەوە, چونکە سەربازانی ئەم هێزە هەست بەماندوویی ئەکەن, بەڵام نەگەیشتوونەتە ئاستی شەکەتیی تەواو.

دوای ئەوە روومانکردە نەجەف و بە ئۆتۆمبیلێکی (هەمڤی) بەرێکەوتین بۆسەردانی تیپی 101ی بەفڕۆکە گواستراوە. لەگەڵ هاتنەدەرەوەمان لە شوێنی نیشتنەوەکە بەلای ژمارەیەکی زۆر ئۆتۆمبیل و ماتۆڕسیکل و تەکسی و پاسی پەك کەوتوودا تێپەڕین.

دەنگی هۆڕنی ئۆتۆمبیلەکان بەرزبووەو لەسەر دەموچاوی زۆربەی خەڵکەکەی خەندەی ئاشکرا ئەبینراو دەستیان بەنیشانەی سەرکەوتن بەرز ئەکردەوە, و هەندێك منداڵیش ئاڵای عێراقیان بەرزکردبووەوە. زۆر سەختە مرۆڤ باوەڕبکات کە تەنیا پێش دەرۆژ ئەم شارە گۆڕەپانی شەڕێکی سەخت بووە.

لە خوێندنگەیەك, کە دیوارەکانی جێگە فیشەکی پێوە دیاربوو, چاومان کەوت بە ژەنەراڵ (دەیڤید پیتراوس) ی فەرماندەی تیپی (101).

ژەنەراڵ (پیتراوس)یش وتەیەکی چڕوپڕی پێشکەش کرد, و هەروەك ژەنەراڵ (کۆنوای) دووپاتی کردەوە کە خوێندنگەو

www.pertwk.com

نەخۆشخانەو مزگەوتەکان وەك حەشارگەی چەك و بارەگەی فەرماندەیی بەکارهێنراون.

(پیتراوس) وتی: ((لەم کاتەدا سەرگەرمی کۆکردنەوەی سەدان تۆن چەك و تەقەمەنین کە سوپای عێراق بەجێی هێشتووە)).

ئەفسەرێك کەلەوهێزەدا کارئەکات بردینی بۆ شوێنێك کە ژمارەیەکی زۆر تفەنگی کلاشینکۆفی پەککەوتوو، و ئاربیجی و چەکی دەستڕێژی لێ بوو کە هێزەکانمان شکاندوبوویانن، پێشئەوەی خەڵکەکە کۆی بکەنەوەو وەك ئاسنەشکاو بەکاریبهێنن.

هەمووان رایان وابوو کە هەزاران ئەمباری تەقەمەنی لە شوێنە جیاوازەکاندا هەیە و پرۆسەی لەناوبردنی ئەو ئەمبارانە لەوانەیە چەندین ساڵ بخایەنێت.

لە (پیتراوس)م پرسی: ((ئایا دیلی جەنگتان لایە؟))

وەلامی دامەوە: ((نا ژمارەیان زۆر نییە، چونکە زۆربەی سەربازانی عێراقی بەرگەسەربازییەکەیان فڕێداوەو چوونەتە ماڵی خۆیان)).

هەستم کرد نوسینگەکەی (جەی گارنەر) بۆ ئاوەدانکردنەوەو یارمەتی مرۆیی، لەم لایەنەوە تووشی گێروگرفت ئەبێت. چونکە بەزووترین کات دۆزینەوەی کار بۆئەو سەربازانە هۆکارێکی سەرەکی چەسپاندنی ئاسایشە،



بۆیە ئەبێت (جەی گارنەر) وەك کاری سەرەکیی مامەڵە لەگەڵ ئەم مەسەلەیە بکات، پێشئەوەی ئەم سەربازانە رێگەی تر(ناقانونی) بدۆزنەوە بۆپارە پەیداکردن.

- **واتای مامەڵەکردن لەگەڵ 500ملیۆن دانیشتوان. کەدوو بەشیان گەنجی بێکارن و ناڕازین. و ئاسانە تیرۆریستان رایانکێشن بەلای خۆیاندا.**
- **فەرماندەی پێش من (ژەنەراڵ ئەنتۆنی زینی): ناوچەکە ئارامی بەخۆوە نابینێت، ئەگەر چارەسەرێکی هەمیشەیی و دادپەروەرانە لەنێوان ئیسرائیل و فەلەستینیەکاندا نەیەتەدی.**
- **لەکۆڵانەکانی (مەقەدیشۆ)ی سۆماڵدا، سوپای ئەمێریکا توشی یەکێك لەخراپترین شکستەکانی خۆی بوو، کە هەستێکی وای دروستکرد، ئێمە پڵنگی کاغەزین.**

لەوکاتەدا نامە نهێنیەکانی بەردەمم ئەخوێندەوە، سەرم هەڵبڕی و کچە شوفێرێکی هێزی ئاسمانی جامەکەی دایایەوەو دەستی نا بە دوگمەکانی ژمارەی چوونەژوورەوەدا و دەرگایەکی رەشی ئاسنین کرایەوەو چوینە پارکی تایبەتی راگرتنی ئۆتۆمبیل لەناو بارەگەی سەرەکی فەرماندەیی ناوەڕاستدا.

من لەماوەی ئەو سێ ساڵەی لەبارەگەی فەرماندەیی سوپای ئەمێریکا بەسەرم بردبوو، چەند جارێك سەردانی بارەگەی

www.pertwk.com

فەرماندەیی ناوەڕاستم كردبوو لە (تامبا) بەڵام بەیانی ئەوڕۆژە جیاوازبوو, چونكە (ئەنتونی زینی) داوای كردبوو پێكەوە دانیشین بۆ گفتوگۆ لەبارەی چارەنوسی فەرماندەییەكەوە. كە لەماوەی كەمتر لە مانگێكی داهاتوودا, كۆبوونەوەی ئەنجومەنی نوێنەران ئەبەسترێت تایبەت بەدانانم بە بەرپرسیاری فەرماندەیی ناوچەی ناوەڕاست لەجێی ژەنەراڵ (ئەنتۆنی زینی).

خانووەكە لەدەرەوە لەهەر خانوویەكی تری نوێ ئەچێت, كەچی ئەو دوو پیاوەی پۆلیسی سەربازیی بەرپرسیاری خاڵی پشكنینەكە, كە بەرگێكی شوێنەونكەریان لەبەردابوو, و هەریەكەیان دەمانچەیەكی (9ملم)ی پێبوو بێگومان سڤیل (مەدەنی) نەبوون. سڵاوی سەربازیمان لەیەكتر كرد و بەزاراوەیەكی دۆستانە قسەیان لەگەڵ كردم, بەڵام بەوردی سەیری كارتە سەربازییەكەمیان كرد, پێشئەوەی یەكێكیان ناوم لە لیستی میوانەكاندا تۆمار بكات, هەرچەند بەتەواویش ناسیمیانەوە.

ئەم خانووە هەندێك لەهەستیاریترین زانیاری هەواڵگریی و تەكنەلۆژیای پەیوەندیی لەجیهاندا تیایە.

لاوێك لە یاریدەدەرانی تۆنی هاوڕێیەتی كردم بۆقاتی دووەم. لە ڕێگەمدا بەرەو نوسینگەكەی زینی كەبە بەردەم ئەندامانی هێزە جیاوازەكانی سوپای ئەمێریكادا تێپەڕئەبووم, قەبارەی ئەو لێپرسراوێتییەم زانی كەلەمەودوا ئەكەوێتە



سەرشانم. و بۆیەكەم جار ئەبمە سەرۆكی فەرماندەییەكی یەكگرتوو.

هەروەك فەرماندەییە سەربازییە ناوچەییەكانی تر, فەرماندەیی ناوەڕاست, بەپێی قانونی ساڵی 1986ی ڕێكخستنەوەی وەزارەتی بەرگریی دامەزرا.

ئەم فەرماندەییانە هێزی هەمیشەییان نییە, بەڵام پشت ئەبەستن بەسوپاو هێزی ئاسمانی و هێزی دەریایی و پیادەی دەریایی (مارێنز) و فەرماندەیی هێزەكانی تایبەت بۆ جێبەجێكردنی ئەركەكانیان. سەیری تابلۆیەكی تەختەی یادگاریم كرد كە لەكاتی سەردانی پێشوومەوە لەڕاڕەوەكەدا هەڵواسرابوو, و تیایدا ئەو ناوچە جیۆگرافییە دیاربوو كە ئەكەوێتە چوارچێوەی لێپرسراوێتی ئەم فەرماندەیی ناوەڕاستەوە, كە ناوچەیەكی پڕ بایەخی ستراتیژیی ژیانیی و ناجێگیریشە.

فەرماندەیی ناوەڕاست بەرپرسە لەپاراستنی ئاسایشی ئەو ناوچەیە كە 25 وڵات لەخۆئەگرێت و لە (كینیا) و قۆچی ئەفریقاوە درێژئەبێتەوە بۆ باكوورو بەبیابانەكانی سودان و میسرو بەدەریای سوردا بۆ ئوردون و كەنداوی عەرەبی و لەوێوە بۆ عێراق و ئێران و ئەفغانستان و كۆمارەكانی یەكێتی سۆڤیەتی پێشوو هەتا سنورەكانی چین, و پاكستان ئەكەوێتە ئەوسەری دەستە راستی ئەم ناوچەیەوە.

www.pertwk.com

ژمارەی دانیشتوانی ئەم ناوچەیە بە 500 ملیۆن کەس مەزەندە ئەکرێت, کە لەهەژدە کۆمەڵەی نەژادیی جیاوازو ژمارەیەکی بێ کۆتایی خێڵ پێکهاتوون و دانیشتوانەکەی پەیڕەوانی هەموو ئاینە گەورەکانی جیهانن, و بەحەوت زمانی سەرەکی و سەدان زاراوە قسەئەکەن. دووبەشی دانیشتوانی ئەم ناوچەیە گەنجی تەمەن خوار 25ساڵن, کەبەدەست بێکارییەوە ئەناڵێنن و ناڕازین.

پسپۆڕانی دیمۆگرافیا لەگۆشەی گەشەکردنی دانیشتوانەوە سەیری ئەم بارودۆخە ئەکەن, بەلام پسپۆڕانی بواری پلاندانانی سەربازیی و دیپلۆماتەکان, ئەم بارودۆخە وەك کێشەیەك سەیرئەکەن, لەبەرئەوەی ئەم گەنجە ناڕازییانە لەبارودۆخەکە, لەراستیدا ملیۆنان کەس لەوانە پێك دێنن کە ئەگەری ئەوە هەیە وەك تیرۆریست بەکاربهێنرێن.

ئابووری وڵاتانی ئەم ناوچەیە زۆر هەمەڕەنگ و جیاواز ئەگۆڕێت. بۆنمونە خێڵە کۆچەرییەکانی ئەریتیریا لە قۆچی ئەفریقا, دوورنین لە میرنشینە بەنەوت دەوڵەمەندەکانی کەنداوەوە. و لەناوچەی ئاسیای ناوەڕاستیش, پاشماوەی پریسترۆیکای کۆمارەکانی یەکێتی سۆڤیەتی جاران لەگەڵ سەرمایەداریی سەدەی بیستویەك بەریەك کەوتوون.

ئەو ناوچەیەی ئەکەوێتە چوارچێوەی لێپرسراوێتی فەرماندەیی ناوەڕاستەوە پێکهاتووە لەزەوی و ناوچەی



مێژوویی و دووریانی پێکەوەبەستنی ئەوروپاو ئاسیاو ئەفریقا, جگەلەوەی 65٪ی یەدەکی نەوتی جیهان لەم ناوچەیەدایە.

کە گەیشتمە نوسینگەکەی تۆنی, بەتەلەفۆن لەگەڵ (کۆهین)ی وەزیر قسەی ئەکرد.لەدەرەوەی نوسینگەکە, کە ستافەکەی ناویان ناوە (ژووری دەسکەوتەکانی جەنگ) چاوەڕێم کرد.

ئەم ژوورە بە فەرشی ئاسیایی راخراوەو مێزێکی عەرەبی تیایە کەلە عاج و مس دروستکراوەو سندوقی رووکاری دەرەوە شوشەیی کە هەموو جۆرەکانی چەکی تیایە.

زۆربەی دەمانچەو تفەنگی هێرش و چەکە دەستڕێژەکان بریتین لەدەسکەوتی گۆڕەپانی شەڕ, کەزۆریان لە ئۆپەراسیۆنی گەردەلولی بیاباندا گیراون. بەلام بەشێکیشیان وەك دیاری بۆ تۆنی هاتوون, لەفەرماندە بێگانەکانەوە, یان لەوانەوە کەپێش خۆی لەم فەرماندەییەدا کاریان کردووە.

دوای ئەوەی لەتەلەفۆنەکەی بووەوە, تۆنی بەرگەرمی بەخێرهاتنی کردم و خەندەیەکی فراوانیش لەدەموچاویدا دیاربوو. لەنوسینگە فراوانەکەیدا ئاماژەی بۆ نەخشەی ئەو ناوچەیە کرد کە لێپرسراوێتی فەرماندەیی ناوەڕاستی پیا درێژئەبێتەوە و پێی وتم: ((تۆمی, ئەمە ناوچە تازەکەتە, ناوچەیەکی پڕ مەترسییە)).

www.pertwk.com

چاوێکم بەهەموو نەخشەکەدا خشاند, و لەکاتی قسەکانی تۆنیدا لەو مێژووە وردبوومەوە کە سنوری ئەم ناوچەیە ئەیگرێتەخۆی. جەنگێك کە بۆچەندین دەیە هەڕەشەی لەئاسایشی سودان و ناوچەی قۆچی ئەفریقا ئەکات.

لەکۆڵانەکانی (مەقەدیشۆ)ی سۆماڵیشدا ساڵی 1993 سوپای ئەمێریکا توشی یەکێك لەخراپترین شکستەکانی خۆی بووەوە, و ئەوەی روویدا کارەساتێکی خوێناوی بوو, کە ئیدارەی کلنتۆنی ترساند لەوەی پابەندی ناردنی هیچ هێزێکی زەمینی ئەمێریکا بێت بۆهاوکاریکردنی وڵاتانی ناوچەکە. ئەو هەستەی بەجێهێشت کە ئێمە پڵنگی کاغەزین.

هەرچەندە لیبیا و ئیسرائیل بەشێکن لەناوچەی (بایەخ پێدانمان) نەك ناوچەی (لێپرسراوێتیمان) بەڵام بێگومان ناکرێت پشتگوێ بخرێن. لیبیا وڵاتێکی بەنەوت دەوڵەمەندی بێزراوە کە (موعەمەر قەزافی) ی سەرکێش کۆنترۆڵی کردووە.

تۆنی پێی وتم: ((تۆمی, زۆر سەختیت لەم ئەرکەدا رووبەڕوو ئەبێتەوە, و پێویستە چاوپێکەوتنی زۆر لەگەڵ کاربەدەستانیان ئەنجام بدەیت. بەڵام شتەکە کاتێك شایانی روبەڕووبونەوەی ئەو سەختیانەیە, کە ئەتوانیت تەلەفونەکەت هەڵگریت لە (تامبا)وەو راستەوخۆ لەگەڵ سەرەك وەزیران, یا جێنشین بەناوی یەکەمی خۆیەوە قسە



بکەیت)). ئەمەش شێوازی (ئەنتۆنی زینی)یە بۆ گەیاندنی بیروڕاکانی, و هەرئەویش بوو کەجارێکیان (دانابریست)ی رۆژنامەنوس لەبارەیەوە نوسیبووی: ((فەرماندەی رۆمانیی هاوچەرخ, نەوەی پیاوێکی دەوڵەتیی جەنگاوەر, کە فەرمانڕەوایی ناوچە دوورەکانی سەربە ئیمپراتۆریی عوسمانی ئەکرد)).

لەراستیشدا ئەوە هەمان ئەو پیاوە بوو کە ئەو رۆژە لەنوسینگەکەی خۆیدا بینیم.

پیاوی دەوڵەت کە سەرکردەکانی ئەو ناوچەیە ئەناسێت و تێیان ئەگات و حەزیش ئەکات هاوبەشیی کەسانی تر بکات لەبیروڕاکانی لەبارەیانەوە.

من لای خۆمەوە چاوم بەهەندێکیان کەوتبوو, لەوانەش حوسنی موبارەکی سەرۆکی میسرو عەبدوڵای شای ئوردون, بەڵام ناسیاویی راستەوخۆم لەگەڵ سەرکردەکانی ئاسیای ناوەڕاست نەبوو.

هەربۆیە نزیکەی سەعاتێك زۆر بەوردی گوێم لە تۆنی گرت, کە باسی دەستەبژێری سیاسیی و سەربازیی کۆمارە هەتیوەکانی یەکێتیی سۆڤیەتی پێشووی ئەکرد. و بەشێوازە راستەوخۆو لەرووەکەی, رایخۆی لەبارەی ئەو هەڕەشەو ململانێیانەوە دەربڕی کەلەساڵانی داهاتوودا رووبەڕوویان ئەبینەوە. و پێی وتم: ((ئاسایش لەناوچەکەدا جێگیر نابێت تا

www.pertwk.com

چارەسەرێکی ئاشتییانەو دادپەروەرانەو هەمیشەیی لەنێوان ئیسرائیل و فەلەستینیەکاندا نەیەتەدی)).

بیرم لەوەکردەوە کە دەرەنجامەکانی ئەم رووداوە باش نابێت ئەگەر ئەمێریکا هەڵوێستێکی شێلگیرانە وەرنەگرێت لەچوارچێوەی ناوبژیوانیدا بۆ هێنانەدی رێکەوتنێك لەم بارەیەوە. پاشان تۆنی سەرنجی بەلای عێراقدا وەرگێڕاو باسی ئەو قەسابخانەیەمان کرد کەسەدام دژی نزیکەی 300هەزار هاووڵاتی شیعە بەرپای کرد و ئینجا بارودۆخی ناوچەی دژەفڕین و پاشان سەرکەوتنی سەدام لەبەقاچاخ ئاودیوکردنی نەوتدا.

رای تۆنی وابوو کە ئەو سیاسەتی لە قاڵبدانەی پەیڕەوی ئەکەین کاری خۆی ئەکات. هاوڕای بووم لەوەدا کە ئێمە رووداوەکانی ناوعێراقمان لەچوارچێوەی سنوری ئەو وڵاتەدا لەقاڵب داوە, و کێشەکە بەلای منەوە ئەوەبوو کە ئێمە وەك پێویست نەمانئەزانی بارودۆخی ئەوێ چۆنە. چونکە دوای ئەوەی ساڵی 1998 پشکنەرانی نەتەوەیەکگرتووەکان ناچاربوون ئەو وڵاتە بەجێ بهێڵن, رایانگەیاند کەلەوانەیە سەدام هەزاران لیتر (ئەنتراکس) و (بۆتیۆلینۆم)ی بەرهەم هێنابێت و شاردبێتیەوە, بەبڕێکی وا کە بەشی کوشتنی هەموو مرۆڤی سەرزەوی بکات.



- **میر عەبدوڵلا پێی وتم: ئەکرێت ئەمێریکا دۆستی زۆری هەبێت, بەڵام ئەوە ئیسرائیلە کەجیامان ئەکاتەوە و ئەگەر ئاشتی بەرپانەبێت, تیرۆر تەشەنە ئەکات.**
- **وتم: شەرەفمەندم بەبینینتان خاوەن شکۆ.**

میر عەبدوڵلای جێنشین بەگەرمی تەوقەی لەگەڵ کردم و دەستی گوشیم, و چاوەکانی ئەگەشانەوە.

وتی: ((چۆنیت, ژەنەراڵ؟ و سەرۆك چۆنە؟)).

میرعەبدوڵلا سیاسییەکی بەئەزموونەو بەئاگاییەوە هاوسەنگیی ئەکات لەنێوان پۆستە سەرکردایەتیەکەی لەگەورەترین و پیرۆزترین شوێنی ئیسلامدا, و لەوڵاتێکدا کەخاوەنی گەورەترین ئەمباری نەوتە لە جیهاندا, چونکە جیهانی پیشەسازی پێویستی بەنەوتی سعودیەیە. و بەپێچەوانەی وڵاتانی کەنداوەوە, کەلە پەیوەندییان لەگەڵ ئەمێریکا پشت ئەبەستن بەبنەمای رێزی بەرامبەر, ئەوا پەیوەندی سعودیە لەگەڵ ئەمێریکا ئاڵۆزەو بێ گرفت نییە.

دوای ئاڵوگۆڕکردنی سڵاوی فەرمیی, جێنشین رای خۆی بۆ ئاشکراکردم سەبارەت بە هەنگاوەکانی ئیسرائیل بۆ توندکردنی کۆنترۆڵی قودس, کە وەك هەڕەشەیەك بۆ (مزگەوتی ئەقسا), سێیەم شوێنی پیرۆز, سەیری ئەکرد.

www.pertwk.com

میر وتی: ((ئەو هەواڵانەی باس لەوە ئەکەن کەلەوانەیە ئەمێریکا سەرەنجام, باڵوێزخانەی خۆی لە قودس بکاتەوە, مایەی نیگەرانین. و مانای بەرەسمی ناسینی داگیرکردنی تەواوی ئەوشارە پیرۆزەیە لەلایەن ئیسرائیلەوە)).

لەلای خۆمەوە پێشتر لەو مەسەلەیە ئاگاداکرابوومەوە, بەڵام لەبواری دیبلۆماسیدا تازەبووم, و لەسەر قسەکردنی بەپێچوپەنا رانەهاتبووم, بۆیە وتم: (( بەرێزم, هەڵوێستی ئەمێریکا پشتیوانکردنی ئاشتییە لە نێوان ئیسرائیل و فەلەستینیەکانداو سەرۆك بێ کۆڵدان کارئەکات لەپێناو دەستپێکردنەوەی گفتوگۆکاندا)).

میرعەبدوڵلا وتی: ((ئەشێت ئەمێریکا دۆستی زۆری هەبێت لەجیهانی ئیسلامدا, بەڵام ئیسرائیل دابەشمان ئەکات. و ئەگەر ئاشتی نەیەتەدی, ئەوا تیرۆر بەسەرتاسەری جیهاندا بڵاوئەبێتەوە)).

پێموت: ((خاوەنشکۆ, تیرۆریزم وەك شێرپەنجە بڵاو ئەبێتەوە, ئەکرێت هەموومان کاربکەین بۆ راگرتنی, ئەمێریکاو سعودیە)).

دەستی هێنایە پێشەوە بەواتای پەسەندکردن و پاشان بەخەندەوە وتی: ((خوادانایی و رێی راستمان پیشان بدات. و من دڵنیام کەپێکەوە کارئەکەین بۆ رێگرتن لە بڵاوبونەوەی تیرۆریزم)).



وتم: ((پابەندیی خۆم رائەگەیەنم کە ببمەهاوڕێ و هاوبەشت)), وبنەماکانی پرۆتۆکۆڵم پێشێل کرد و دەستم درێژکرد بۆ تەوقەکردن.

**■ مانای ئیشکردن لەناوچەکەدا ئەوەیە.. کەتەنیا دڵنیایی (یەقین) تیایدا نادڵنیاییە.**

سەیری نەخشەکەم کردو لە (زینی)م پرسی: ((ئەی لەبارەی ئەفغانستانەوە؟))

زینی وتی: ((وڵاتێکی گرفتارە بەدەست نەهامەتییەوە, تاڵیبان میلەکانی کاتژمێری گێڕاوەتەوە بۆسەردەمە تاریکەکان. ئەفغانستان پەناگەی قاعیدەیە. و ساڵی 1998هەندێك لە کامپەکانی مەشقکردنمان وێران کرد, بەڵام چەکدارە تیرۆریستەکان لەسەرتاسەری جیهانی ئیسلامییەوە بە بەردەوامی رووئەکەنە ئەوێ)).

وتم: (( ئەوشتەی تر چییە, کە ئەکرێت لەبارەیەوە هەست بەنیگەرانی بکەم؟))

وتی: ((خۆزگە بمتوانیایە پێت بڵێم)).

پاشان هەردوو دەستی پانکردەوەو وتی: ((ئەبینیت کە وێنەی هەواڵگریمان لەبارەی ناوچەکەوە تارادەیەك مایەی دڵخۆشی نییە. و ئەمەش هۆکارێکی تری بایەخی هاوبەشییە. و ئێمە پێویستمان بەدۆستانێك هەیە لەوێ, کەبتوانن

www.pertwk.com

وێنەیەکی راستەقینەمان بدەنێ. چونکە منیش حەزئەکەم کە زانیاری زۆرم هەبێت لەبارەی رووداوەکانی عێراق و لەبارەی ئوسامە بنلادن و قاعیدەوە. بەڵام راستییەکەی ئەوەیە کە نازانم)).

سەری راوەشاندو وتی: ((تۆمی, سەرت سورنەمێنێت, کە ئەگەر ئەم فەرماندەیی ناوەڕاستەی ئەبیتە فەرماندەی, هەمان ئەو فەرماندەییە بێت کەمن فەرماندەی بووم, چونکە تەنیا دڵنیایی (یەقین) لەوناوچەیەدا نادڵنیاییە)). و هەربۆیە, کاتێك بەرێوەبووم بۆفڕگەکە بۆئەوەی بگەمە فرۆکەکەم و بەرەو ئەتلەنتا بەرێبکەوم, وشەکانی تۆنی لەگوێمدا ئەزرنگانەوە: ((تەنیا دڵنیایی لەوناوچەیەدا نادڵنیاییە)).

پاش نیوەڕۆی رۆژێك و لەکاتێکدا لەپشت مێزەکەمەوە دانیشتبووم و بیرم ئەکردەوەو دۆسیەکانم رێك ئەخست و هەندێك کاغەزی کۆنم بەسەرئەکردەوە, بەرێکەوت شیعرێکم دۆزییەوە کە ساڵی 1971 ئەوکاتەی ئەفسەرێکی گەنجی بەهیوا بووم نوسیبووم:

یەك هەلم بدەنێ تا کاربکەمە سەر رێڕەوی مێژوو..
ودووربینی بۆ پێشبینیکردنی ئەوهەلە..
وقەناعەت بۆ نەخشەبۆکێشانی...
و کۆڵنەدان بۆجێبەجێکردنی...



و نەرمیی بۆ گۆڕینی کاتێك جێبەجێ ناکرێت...
وتەرەفداری بۆ خودی خۆم تادان بەشکستەکەمدا بنێم...
بێ فیزیی لەکاتی سەرکەوتندا..
وخۆراگریی بۆبەردەوام بوون...

خەندەم هات لەکاتی خوێندنەوەی ئەو وشانەدا کەزیاتر لە 30ساڵ لەمەوبەر نوسیبووم, و ئەوپەندەم بەبیرهاتەوە کە ئەڵێت: (بەئاگابە لەوەی هیوای بۆ ئەخوازیت) چونکە کات ئەو شتە ئاشکرا ئەکات.

راستەوخۆ دوای گۆڕینی فەرماندەیی لەمانگی تەموزدا چاومکەوت بە فەرماندەکانی فەرماندەیی ناوەڕاست:

ژەنەراڵ (بیتی میکولاشیك) کەلەدوای منەوە بوو لەفەرماندەیی ناوەراستی سوپای ئەمێریکادا, و جێگری ئەدمیرال (ویلی مۆر) فەرماندەی هێزی دەریایی و ژەنەراڵ (چۆك واڵد) فەرماندەی هێزی ئاسمانی, و ژەنەراڵ (فرانك لیبوتی) لە فەیلەقی هێزی دەریایی ئەمێریکا, و فەرماندەی هێزی دەریایی لەسوپای ئەمێریکا, و کۆلۆنێلی دەریایی (بیرتکالاند) فەرماندەی ئۆپەراسیۆنە تایبەتەکان. کە کۆمەڵێك فەرماندەی بەتوانا بوون لەوانەی چەندین ساڵ لەگەڵیاندا خزمەتم کردبوو. و لەکاتێکدا هاوشان بووین, وائێستا بوومە سەرۆك (پیر ـ شێخ)یان, بەڵام هەروەك هاوڕێ ماینەوە.

www.pertwk.com

ئەورۆژە لەکارنامە (ئەجنێدا)یەکی دووروودرێژدا کارمان کرد, کە گەلێك شتی لەخۆگرتبوو وەك: تیرۆرزم, و بلاوکردنەوەی چەکی کۆمەڵکوژ, و ناوچەکانی دژە فڕین لەعێراق, قەدەغەی کەشتیرانی, و وردەکاریی ئالۆزی ڕێوشوێنی ڕێکەوتن لەگەڵ زۆربەی ولاتان لەوناوچە دیاریکراوەدا.

لە بەیانیەکی زووی رۆژی 10ی تەممووزیشدا کۆبوونەوەیەکم سازکرد لەگەڵ ژەنەراڵی فرۆکەوان (ساندی ساند سترۆم) ی بەڕێوەبەری ئۆپەراسیۆنەکانی هاوبەش, و ژەنەراڵ (کیث ئەلکساندەر)ی بەڕێوەبەری هەواڵگریی هاوبەش, بۆ گفتوگۆ سەبارەت بەشێوازەکانی وەڵامدانەوەی وروژاندن (استفزاز)ەکانی عێراق. و ئەگەر عێراقیەکان, لەوکاتەدا, تەقەیان لە فڕۆکەیەکی سەربەهێزەکانی هاوپەیمان کرد, وەڵامی ئێمە پەلاماردانی سیستەمەکانی بەرگریی بەشدار لەتەقە کردنەکەدابوو, واتە تۆپ و بنکەکانی موشەك و ئامێری پەیوەندیی و رادارەکان.

بەساندی و کیثم راگەیاند: ((پێموایە کە هێزو دەسەڵاتی زیاتر پەیدا ئەکەین گەر کاردانەوەمان هاوشێوە نەبێت)). بەقسەیەکی تر لەجیاتی پەلاماردانی تۆپ, یا بنکەیەکی موشەك هاوشێتن, ئەوەلەبەرژەوەندیمانە کە ژێرخانی فەرماندەیی و کۆنترۆڵی ئەو کەرتە وێران بکەین کە تەقەکەی لێوە کراوە.



وتم: ((ئەمە وا لەعێراقیەکان ئەکات دووجار بیربکەنەوە پێشئەوەی تەقە لەلاوانی فرۆکەوانمان بکەن)) و لەوکاتەوە فەرماندەیی ناوەڕاست, گوشاری ئەخستە سەر بیرۆکراسیەتی واشنتۆن لەپێناو کاردانەوەیەکی زیاتر و پڕجووڵەدا (ئەمەش دەربڕینێکی سەربازییە بۆ بەکارهێنانی ئاگری وێرانکەر) و زیاتر غافلگیرانەتر و فراوانتریشە لە کاردانەوەی هاوشێوەی پێشێلکارییەکانی عێراق لەناوچەکانی دژە فڕیندا.

(بیل کۆهین) و (هیو شیلتۆن) پشتیوانی ئەم شێوازە تازەیەیان کرد, و فرۆکەوانەکانمان کەوتنە کەمکردنەوەی توانای بەرگرییەکانی عێراق, بەلام ئەوەشمان ئەزانی کە ناتوانین هەڕەشە لەسەر فرۆکەوانەکانمان بەتەواوی بنبڕبکەین, تائەوکاتەی بنکەکانی فەرماندەیی و کۆنترۆڵ و بنکەکانی راداری بەغداو دەوروبەری لەناو ئەبەین.

(تۆنی زینی) ساڵی 1998 لەئۆپەراسیۆنی (ڕێوی بیابان)دا ئەم کارەی ئەنجامدا, بەلام ئەم بەرگرییانەراستەوخۆ هەردوای ئەوە بنیاتنرانەوە. و هەرجارێك کەبیرم لەمەسەلەکە ئەکردەوە ئەگەیشتمە ئەو بڕوایەی کە پێویستمان بەسیاسەتێکی تازە هەیە بەرامبەر بەعێراق. ئەمزانی هەرکەسێك لە هەڵبژاردنەکانی تشرینی دووەمدا سەرکەوێت, ئەوا سەکردایەتییەکی تازەمان ئەبێت لە کۆشکی سپی لەکانوونی دووەمی داهاتوودا. هەربۆیە لە 17ی

www.pertwk.com

تەممووزەوە داوام لەوکەسانە کرد کەکاریان لەگەڵم ئەکرد, چەند ڕێگەیەکی سیاسی سەبارەت بە عێراق ئامادە بکەن, کە بتوانین ڕاستەوخۆ دوای هەڵبژاردنەکان پێشکەشی ئیدارەی تازەی بکەین.

ئاماژەم بەوەشکرد کە پێموایە سێ ئاراستەی کاکردنمان هەیە:

یەکەمیان بریتییە لە هێشتنەوەی بارودۆخی ئێستا, ئەویش لەرێگەی درێژەدان بە چاودێریکردنی ناوچەکانی دژەفڕین, و ڕێگرتن لەبەقاچاخ ئاودیوکردنی نەوت لەدەریاوە کە پێشێلکردنی بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانە. و وتم: ((ئەوە ئەرکی لەقاڵبدانی سەرەکیتانە)).

ڕێگەیەکی تر لەوانەیە ئاڵۆزییەکی نێودەوڵەتی بێت بەبەکارهێنانی کاردانەوەی بەهێزو کوتوپڕ بەرامبەر بەکارە وروژێنەرەکانی عێراق لەناوچەکانی دژەفڕین, یا لەدەریادا. و بێگومان ڕێگەیەکی سێیەمیشتان هەیەو ئەویش:

بەسادەیی پاشەکشەیە, و وازهێنان لەبارودۆخی عێراق تا بزانین بەرەوکوێ ئەڕوات.

بەستافەکەمم وت: ((نازانین ئیدارەی تازە بەکام ئاراستەدا ئەمانبات, بەڵام ئێستا کاتێکی گونجاوە بۆئامادەکردنی ڕێگەچارەکان)).

دوای چوارڕۆژ چاوم کەوت بە کۆلۆنێڵ (گاری هاریل) کە لەسەر ئامۆژگاریی هاوڕێیەکی دێرینم, ژەنەراڵ (بیت



شۆماخەر) کە ئەوکاتە فەرماندەی چالاکیە تایبەتیەکانبوو, پۆستی بەڕێوەبەری کاروباری ئاسایشی هاوبەشی فەرماندەیی ناوەراستم پێ سپاردبوو.

گاری لەلیستی پلەبەرزکردنەوەدا بوو بۆ (بریگادیر ژەنەراڵ) و ساڵانێکی ئەزموونی هەبوو لە یەکەکانی ئەرکی تایبەتی سەربە فەرماندەیی چالاکیەکانی تایبەت. و لەناوەڕاستی نەوەدەکانەوە, کاتێك هەڕەشە تیرۆریستیەکان دژی ئەمێریکا لەناوچەکەدا زیادی کرد, بوو بەئەفسەری پۆلیسی سەربازی. بەڵام من پێویستم بەئەفسەرێکی چالاکی تایبەت بوو لەو پۆستەدا, کەسێك وەك سەربازێك کە تەقە ئەکات بیربکاتەوەو بتوانێت خاڵی لاوازی ئاسانکارییەکانمان بپشکنێت, لە دیدگەی کەسێکەوە کەلەدەرەوە سەیری ناوەوە ئەکات. ئەمەش سەلماندی کەئەو بڕیارەم دروست بووە.

گاری ساڵی 1993 لەتیرۆرتێگەیشتبوو لەکاتی کارکردنیدا وەك فەرماندەی یەکەکانی ئاسایشی بزۆز لەمەقادیشۆی سۆماڵ لەناو ئەو شەڕە دڕندانەیەی کەناوبانگی دەرکرد و کرا بەکتێب و فیلمێکی سینەمایی بەناوی (کەوتنەخوارەوەی بلاك هۆك)، هەربۆیە گەشەیدا بەرێوشوێنی پارێزگاریی کردن لە فەرماندەکان و هێزەکانی فەرماندەیی ناوەڕاست, و کارێکی کرد کە لەماوەی سێ ساڵی داهاتوودا, بووە هۆی ڕزگارکردنی گیانی سەدان ئەمێریکایی. نزیکەی هەموو ڕۆژێك لەگەڵ

www.pertwk.com

سەركردە سڤيل و سەربازييە بێگانەكان لەناوچەكە قسەم ئەكرد, و لەنيگەرانيەكانيان تێ ئەگەيشتم و فێری شێوازی بيركردنەوەيان ئەبووم.

بەهاتنی تەمموزی 2000 ئيتر سنووری ئاسۆ ون بووبوو, چونكە لە سويتی هەوالگری ئەو فرۆكەيەدا كەبۆم تەرخانكراوە, ئەتوانم لەوێنەی مانگەدەسكردەكان بكۆڵمەوە لەهەر شوێنێكی جيهاندا لەوشكانی و لەدەريادا, و قسەش لەگەڵ هەركەسێكدا كە بمەوێت بكەم لەجيهاندا, ئەمەش ئەوشتەيە كە (سكۆرس)ی فەرماندەی رۆمانی, كە سەدەی يەكەمی پێش زاين بەخۆرهەلاتی ناوەراستدا تێپەڕی, بەخەونيش بيری لێنەكردبووەوە.

ئەبوو زۆركاری ديپلۆماسی پەيوەست بەكاروباری دەوڵەت ئەنجام بدەم. بۆيە پەنام بردە بەر خوێندنەوە, لەشەودا, لەكاتی گەشتەكانی مەشق لەئەڵمانيا, لەچادرەكاندا لەبيابانی سعوديە, لەچەندين ژووری هۆتێلدا, زۆر شتم خوێندەوە سەبارەت بە جەنگ و ئاشتی, و دەسەلاتە يەك لەدوا يەكەكان لەسەرزمانی (تزۆ) و (كلاوسفيتس) و (برتراندراسل) و (گاندی). و ئەوشتەی وردە وردە لەمێشكمدا روون ئەبووەوە, ئەوەبوو كە جەنگ بريتيە لە زنجيرەيەك ئاوێتەبوونی نێوان نەتەوەكان, پارتەكان, و خێڵەكان. و لەرێی ئەوزنجيرەيەوەيە, تێگەيشتم كە پێنج دۆخی ئاوێتەبوون هەيە.



لەقۆڵی يەكەمی ئەم بيرۆكەيەدا, (ململانێ) هەيە وەك يەكەم دۆخ كە تيايدا هێزی چەكداری دوو وڵات يان زياتر بەشەڕدێن وەك دەرەنجامی قەيرانێك, و ئەمەش بريتيە لەدۆخێكی ئاڵۆزی تووڕەيی نێوان دوو لايەنی دژ.

پاشان (پێكەوەژيان) وەك دۆخی دووەم, و لەبەرامبەريشدا (وڵاتانی دوژمنی يەكتر, يا خێڵەكان كۆنترۆڵی دوژمنايەتيەكانيان ئەكەن بۆئەوەی پێكەوە بژين) وەك دۆخی سێيەم. و (كاری هاوبەش) وەك دۆخی چوارەم, كە ئەويش هەوڵدانی لايەنەكانە بۆكاركردن لەپێناو بەرژەوەندييەكی هاوبەشدا. و لەكۆتاييدا (هاوكاريی) وەك دۆخی پێنجەم دێت كە پۆزەتيفترينی پەيوەندييەكانە. و سنورەكراوەكان پرۆژەی حكومی و بازرگانيی هاوبەشن بەشێوەيەكی هاوئاهەنگ و بەرەوپێشچوو.

ئەزانم من ساڵی 1945 لەدايك بووم, لەدەروازەی كۆتايی مەزنترين ململانێكانی مێژوودا. و بەدرێژايی ژيانم, زۆربەی بەشدارانی جەنگی جيهانی دووەم, لە قۆڵێكەوە پەرينەوە بۆ قۆڵەكەی تر, لە ململانێوە بۆهاوكاريی. و لەهەموو خاڵێكی ئەو ناوچەيەدا كە لەفرۆكەكەوە لەسەردەريای ناوەڕاست ئەيبينن, وڵاتەكان رووبەڕووی ململانێ و قەيران ئەبنەوە, يا لەچاكترين دۆخدا پێكەوە ژيان.

ئەرك و لێپرسراوێتييەكەی من يارمەتيدانی ئەو وڵاتانەبوو بۆ پەڕينەوە لەهەردوو قۆڵەكەوە: لە قەيرانەوە بۆ

www.pertwk.com

پێکەوەژیان. و ئەگەرەکانی سەرکەوتنم نەئەزانی, بەلاَم بڕیارم دابوو هەولَ بدەم.

■ ئەمویست ڕێگەك بدۆزمەوە کە لێیەوە (موشەڕەف) کاریگەریی خۆی لەسەر تالَیبان بخاتەگەڕ, بۆ گوشارخستنەسەر بنلادن.

■ جاران بن لادن تەلەفۆنی سەتەلایتی بەکارئەهێنا بۆ هەموو شتێك, هەرلەدەستنیشانکردنی شوێنەکانی هێزەکانیەوە تا قسەکردن لەگەل دایکی لەسعودیە.

سەرلەبەیانی سێ شەممەیەکی کۆتایی ئەیلولی 2000 گەورە بەڕێوەبەرانی فەرماندەیی ناوەڕاستم لەنوسینگەکەی خۆم لە (تامبا) کۆکردەوە, بۆ پیاچوونەوەی هەلَوێستی ئۆپەراسیۆنی فەرماندەیی بەرامبەر (قاعیدە).

ژەنەراڵی مارێنز (مایکل دیلۆنگ)ی یاریدەدەرم لای ڕاستمەوە لەسەر کورسیەك دانیشتبوو, و ژەنەراڵی سوپا (کیت ئەلکساندەر) و ژەنەراڵی فرۆکەوان (ساندی سانسترۆم) لەسەر قەنەفەیەکی چەرم دانیشتبوون. ژمارەیەکی زۆرلە پسپۆرانی (دەزگای زانیاریی هەستیاری هەوالگریی) هەر یەکەیان لەسەرکورسیەك دانیشتبوون. و کۆمەلێك قۆری و کوپ لەسەر مێزی چایەکە بوون.

لە ئەلکساندەرم پرسی: ((ئایا هیچ زانیارییەکی مرۆیی گرنگمان هەیە لە ئەفغانستانەوە؟))



لەوەلاَمدا وتی: ((گەورەم خۆزگە بمتوانیایە پێت رابگەیەنم. بەلاَم لەراستیدا زانیاریی لەو جۆرەمان لانییە)).

هەندێك ڕاپۆرتی ماوە ماوەمان بەدەست کەوتبوو لەلایەن خەلَکێکەوە کەجارجار لەگەلَ ئاژانسەکە کارئەکەن, بەلاَم هیچی تیانییە کە پەیوەست بێت بەزانیاریی نوێوە. هەرچەندە دەستەی چالاکیەکانی (ساندی ساندستروم) زنجیرەیەك نەخشەی ئامانجەکانی قاعیدەی دەستنیشانکردبوو, بەپشتبەستن بەکۆمەلێك وێنەو زانیاری ئەلەکترۆنی. کە پەیوەست بوو بە کامپەکانی مەشق کەناسرابوون یا وەك ئەگەر دانرابوون, و ئێمە وەك گەشبینیەك ناومانلێنابوو ئاسانکاریی میوانداریی, واتە هەندێك خانوو ونوسینگە کە ناوەندە هەوالگرییەکان باوەڕیان وابوو ئوسامە و یاریدەدەرەکانی جاربەجار کارەکانیانی تیا ئەنجام ئەدەن. و ئیتر بەدواداچوونی قاعیدە لەرێی گوێگرتن لەپەیوەندیەکانیانەوە, ئەرکێکی ئاسان نەبوو, چونکە جاران ئوسامە بن لادن تەلەفۆنێکی مانگی دەسکردی (سەتەلایتی)ی بەکارئەهێنا بۆهەموو شتێك, هەرلە دەستنیشانکردنی شوێنی هێزەکانیەوە تا قسەکردن لەگەلَ دایکی لەسعودیە.

بەلاَم ئوسامە وازی لەم کارە هێنا, پاش ئەوەی ڕۆژنامەکان هەندێك زانیارییان بلاَوکردەوە لەسەر موشەکبارانەکەی سالَی 1998 کەبەموشەکی تۆماهۆك کرایە سەربنکەکانی قاعیدە

www.pertwk.com

لەئەفغانستان, دوای تەقینەوەکانی دووباڵیۆزخانە لە خۆرهەڵاتی ئەفریقا. و نوسیبوویان کە هێرشەکە ئاراستەی دوا شوێنی زانراوی تەلەفۆنەکەی کراوە.

ئێستا قاعیدە کۆمەڵێك تەلەفۆنی سەڤیلی سۆڤیەتی بەکارئەهێنێت کەلەسەر شەپۆلی کورت مەودا کارئەکەن, لەگەڵ کۆمەڵێك تەلەفۆنی مۆتۆرۆلای بێسیم, و نامەی ئەلەکترۆنی کەلە (ئینتەرنێت کافێ)کانی وڵاتانی جیهانیسێوە ئەنێردرێت, سەرەڕای شێوازە کۆنەکانی پەیوەندیکردن. و ئەگەر چۆنایەتی زانیارییە هەواڵگرییەکانمان لەبەرچاوبگرین, ئەوامن بڕوام وانەبوو کە بتوانین تەنیا بەبەکارهێنانی موشەکی کرۆزو گورزی ئاسمانی, قاعیدە لەئەفغانستان لەناوبەرین.

بەڵام ڕێنمایم دایە کارمەندانی دەستەی چالاکی ساندی, بۆئەوەی زۆر لەنزیکەوە لەگەڵ جێگری ئەدمیراڵ (ویلی مۆر) ی فەرماندەی هێزی دەریاییمان کاربکەن, بۆ باشترکردنی کاتەکانی کەوتنەکاری موشەکەکانی تۆماهۆك لەکاتی پێویستدا. و ئەگەر ناچاربووین هێرشێکی کاریگەر دژی قاعیدە ئەنجام بدەین, ئەوا ئەمزانی کە ئەم کارە پێویستی بەئۆپەراسیۆنی زەمینی هەیە. و پێویستە لەسەرمان بچینە ناوەوەو زانیاری بەدەست بهێنین و لەسایەی ئەوەدا هەڵسوکەوت بکەین.



بەڵام هەر پەلامارێك لەلایەن هێزەکانی هێرشبەری ستراتیژییەوە ئەبوو هێندە بەهێز بێت کە شکست بەو ئەڵقەی هێزە پارێزەرانەی دەوری ئوسامە بن لادن و یاریدەدەرکانی بهێنێت کە توانای باش و چەکی قورسیان پێیە. ئۆپەراسیۆنی‌لەو جۆرەش پێویستی بەیەکەکانی ئەرکی تایبەت هەیە, واتە فڕینی فڕۆکەبەسەر ئاسمانی زیاتر لەوڵاتێکدا, و گرتنەبەری ڕێوشوێنی ڕێکخستن و ئامادەکاریی, و زانیاریی هێندە ورد کە بزانین لەپەلامارەکەماندا کوێ ئەکەین بەئامانج. و لەوانەش گرنگتر ئۆپەراسیۆنێکی لەوجۆرە پێویستی بەبڕیاری سیاسی مەترسیدار هەیە.

پێم وابوو ئەتوانین لایەنی ئامادەکاریی و فڕینی فڕۆکەکانمان چارەسەر بکەین, بەڵام پەسەندکردنی بڕیارێکی نیشتمانی بۆئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنێکی سەربازیی ستراتیژیی مەترسیدار بۆسەر ئەفغانستان, لەسایەی نەبوونی زانیاریی ورددا, چاوەڕوانکراونەبوو, بەتایبەت لەسەردەمی دوای (مەقەدیشۆ)دا.

سەرەڕای ئەم کۆسپانەش, خەریکی چارەسەری کێشەکە بووین.

ئەزانم کە پاکستان, بەتایبەت دەستەی هەواڵگریی هاوبەش, پەیوەندی چاکی هەیە لەگەڵ تاڵیبان. و هەنگاوی داهاتووم سەردانی (ئیسلام ئاباد) و چاوپێکەوتنی (پەرویز موشەڕەف)ی سەرۆکی پاکستان بوو.

www.pertwk.com

هێزە چەکدارەکانی ئەو پێویستی بەیارمەتی هەبوو, ئێمەش پێویستمان بەیارمەتی ئەو هەبوو. لەوانەیە بتوانین ڕێکبکەوین.

بەدەستەی ئەرکانم ڕاگەیاند کە پێویستمان بە دروستکردنی پەیوەندیی بەهێزتر هەیە لەگەڵ (نوسینگەی لێکۆڵینەوەی فیدراڵیی -FBI) و( ئاژانسی هەواڵگریی ناوەندیی- CIA) و وەزارەتی دەرەوە و کێشەکانیان هەرچییەك بێت, ئەوا ئەم دەزگایانە کەسانی باشیان تیایە, کە تێگەیشتنی روونیان لەبارەی ناوچەکەوە هەیە. و ئێمە پێویستمان هەیە بەسود وەرگرتن لەهەموو ئەوەی لەهەگبەی ئەمێریکادا هەیە لەمبارەیەوە.

دوای کۆتاییهاتنی کۆبونەوەکە پێموتن: ((برایان نازانم رای ئێوە چییە, بەڵام من پێویستم بەهەموو یارمەتییەك هەیە کەبتوانم بەدەستی بهێنم)).

کزیی و کەمیی زانیاریی هەواڵگریی نوێ و بەسود لەبارەی قاعیدەوە لەزانیارییەکەمەکانمان لەبارەی حەشارگەکانیان لەئەفغانستان, واوەتر ئەڕوات.

ئەمانزانی قاعیدە دەستەوشانە دروست ئەکات, نەك هەر لەجیهانی ئیسلامیدا, بەڵکو لەئەوروپا, و تەنانەت لەئەمێریکای باکووریش.

دیارە بنیاتنانی ئەم جۆرە لەژێرخانی نهێنی پارەی تێ ئەچێت. و لە ئەمێریکاو وڵاتانی هاوپەیمان لەئەوروپا قانون



هەیە بۆ بلۆککردنی دارایی تیرۆرستە ناسراوەکان لەبانکەکاندا, و ڕاگرتنی ئاڵوگۆڕی پارە لەڕێی بانکەوە لەنێوان ئەو ڕێکخراوانەدا کەناسراون بەوەی پەیوەندییان بەتیرۆرەوە هەیە. بەڵام لەچوارچێوەی بێتوانایی دامەزراوە داراییە جیهانییەکان لەڕاگرتنی هاتوچۆی پارەی بازرگانیی تلیاك, گەشبین نەبووم.

ئەبوو گوشاری زیاتر بخەینە سەر ئەو وڵاتانەی ڕێئەدەن ملیۆنان دۆلار بەئاسانی بگوێزرێتەوە بۆحسابەکانی قاعیدە لەچوارچێوەی کۆمەکی خێرخوازیدا. بەڵام تا ئێستا ئەو وڵاتانە هەست بەهەمان گوشار ناکەن کە ئێمە لەئەمێریکا هەستی پێ ئەکەین.

مەسەلەی دابینکردنی خەرجیی بۆ تیرۆریزمم خستە لیستی دورودرێژی ئەو باسانەوە کە لەکاتی دانیشتنە کورتەکاندا لەگەڵ لێپرسراواندا گفتوگۆی لەبارەوە ئەکەم.

لەکاتی خۆئامادەکردنم بۆ گەشتەکەم بۆ ناوچەکە، کەلە( (12ی تشرینی یەکەمی 2000)دا ئەنجامی ئەدەم، بزوتنەوەیەکی جەماوەری گەورە کەناونرا (ڕاپەڕینی دووەم) هەموو ناوچەکانی کەناری خۆرئاواو کەرتی غەزەی گرتەوە. و هێزەکانی بەرگریی ئیسرائیل لەشەقامەکانی ناوچە داگیرکراوەکاندا دژی فەلەستینییەکان شەڕیان ئەکرد کەچەکی کلاشینکۆفیان پێبوو, و هاووڵاتیانی ئیسرائیلیش بەهۆی هێرشە خۆکوژیەکانەوە ئەکوژران.

www.pertwk.com

رۆژی چوارشەمەی 11ی تشرینی یەکەم, واتە رۆژێك پێش گەشتەکەم بۆناوچەکە, لەرێی ئامێری (STU- III)یەوە کە ئامێرێکی جفرەو راستەوخۆیە لەنێوان دووشوێندا, و لەپەیوەندییەکانمدا لە واشنتۆن بەکاریدێنم, لەگەڵ (جۆرج تینیت)ی بەرێوەبەری ئاژانسی هەواڵگریی ناوەندیی قسەم کرد.

لەبەرئەوەی یەکەم وێستگەی گەشتەکەم پاکستان ئەبێت, ئەمویست لەبارەی شێوازێکی گونجاوەوە بۆقسەکردن لەگەڵ سەرۆك موشەڕەف, گفتوگۆی لەگەڵ بکەم.

بە(تینیت)م وت : ((جۆرج, لەلایەنی کردەنییەوە (بەکردەوە) پاکستان هەوڵ ئەدات, شێوازێك بدۆزێتەوە بۆ پێکەوەژیان لەگەڵ تاڵیبان, ئەگەر دیفاکتۆیەکی گونجاوی پێشکەش نەکەین, و لێرەدا موشەڕەف لەنێوان دووئاگردایە: هیندستان لەلایەك و قانونی (بریسلەر) لەلایەکی ترەوە)).

ساڵی 1985 کۆنگرێس گۆڕانکاریی لەقانونی یارمەتی دەرەکیدا پەسەندکرد, کەلەلایەن (سیناتۆر لاری بریسلەر)وە پێشنیارکرابوو, بۆ قەدەغەکردنی یارمەتی ماڵیی و سەربازیی بۆ پاکستان, ئەویش ئەگەر سەرۆکی ئەمێریکا ساڵانە راپۆرتێك پێشکەش نەکات کەدووپاتی بکاتەوە پاکستان چەکی ئەتۆمی نییەو کار بۆبەرهەمهێنانی ناکات. ئەم گۆڕانکارییە قانونی‌یە لەمانگی ئایاری 1989دا هیچ پێویستیەکی نەما,



چونکە پاکستان رایگەیاند کە پێنج تەقینەوەی ئەتۆمی ئەنجامداوە, وەك جۆرێك لەرووبەرووبوونەوەی هیندستان کە ئەمبارێکی ئەتۆمی گەورەتر لەپاکستانی هەیە.

بە(جۆرج)م وت : ((سەرۆك موشەڕەف کابرایەکی سەربازییە, هەروەها زۆربەی کەسایەتییە گرنگەکانی حکومەتەکەشی هەرکەسانی سەربازین. و ئەبێت بەدیدێکی سەربازیی سەیری جیهانەکەیان بکەیت).

جۆرج وتی : ((گوێم لێتە تۆم)).

وتم: ((ئەفغانستان بۆپاکستان وەك (قولایی ستراتیژی) وایە, ئەمەش مەیدانێکی جەنگە بۆمانۆڕو پشتیوانی هێزەکانی پاکستان ئەگەر لەگەڵ هیندستان جەنگێکی تر بکەوێتە نێوانیانەوە)).

جۆرج وتی: ((کارمەندانی منیش هەروایان پیٚوتوم)).

دیارە کێشەی قبولکردنی تاڵیبان لەلایەن پاکستانەوە, ئەوەبوو, کە حکومەتەکەی موشەڕەف, ئەوناوچە ئاسایشەشی قبوڵە کە ئەفغانستان بۆ قاعیدەی دابینکردووە.

وتم: ((جۆرج, ئەمەوێت رێگەیەکی کردەنی بدۆزمەوە, تا موشەڕەف کاریگەریی خۆی لەگەڵ تاڵیبان بەکاربهێنێت بۆ گوشار خستنەسەر بنلادن)).

جۆرج وتی: ((ئێمە بەهەموو تواناوە لەو پێناوەدا کارئەکەین)).

www.pertwk.com

وتم: ((ئەگەر رازی بن, ئەوا هاوئاهەنگی ئەکەم لەگەڵ سەرۆکی نوسینگەکەتان لەئیسلام ئاباد)).

وتی: ((ئەوەم پەسەندە, پێکەوە ئەوکارە ئەکەین)).

لەچوارچێوەی گرەوێکی هاندەردا لە ئیسلام ئاباد, بڕیارمدا ئاماژە بۆئەوە بکەم کە ئەمێریکا لەوانەیە یارمەتی پاکستان بدات بۆ تازەکردنەوەی هێزە ئاسایییەکانی و سەرەنجام کەمکردنەوەی پشت بەستنی بەچەکی ئەتۆمی. و لەبەرئەوەی ئەوشەوە درەنگ چوومەناو جێگەوە, و پێشئەوەی بخەوم کارتی رۆژانەم پڕکردەوە لە تەحەداو هەل لەچاوەڕێی بەیانی دواتردا و لەبواری تەحەداکاندا, و لەشێوەی یاداشتدا نوسیم: ((ڕێوشوێنی پاراستنی هێزەکانت لەیادبێت)).

**■ تابلۆی ژمارەی ئۆتۆمبیلێك لە فەزاوە ئەخوێنینەوە بەڵام هیچ شتێکی بەسود لەبارەی کەسەکانی ناوییەوە نازانین.**

(تۆم کریت)ی راوێژکاری تایبەتم کە ئەفسەرێکی گەورەی (CIA)یەو رێگەی پەیوەندیی راستەوخۆمە لەگەڵ جۆرج تینیت بەڕێوەبەری دەزگاکە،لەچوارچێوەی قسەکردن لەبارەی زانیاریەکانی پەیوەست بە قاعیدەوە پێی وتم: ((زۆربەی سەرچاوەکانی ئاژانسەکە لە ئەفغانستان لەهاوپەیمانی



باکوورن)) و چووەلای نەخشەکەوە بۆ روونکردنەوەی دۆخەکەو وتی: ((ئەمە ناوچەی نزیکی سنوری ئۆزبەکستان و تاجیکستانە, و بەگشتی قاعیدە لە باشوورن و تاڵیبانیش لەناوچەی پشتۆنی دەوروبەری قەندەهارو جەلال ئابادن)).

پاشان (کیت ئەلکساندەر) وتی: ((گەورەم وەك ئەزانیت هاوپەیمانی باکوور زیاتر هاوسەرگیرییەکی ناچارییە, وەك لەوەی هاوپەیمانیی بێت, ئەوانە لەراستیدا کۆمەڵێك چەکداری خێڵەکانی (پانجشیریی) و (تاجیکی) و (ئۆزبەکی) ین کە ژەنەراڵ (ئەحمەد شا مەسعود) لەرێی کەسایەتی سەرنجراکێشی خۆیەوە پێکەوە کۆیکردوونەتەوە)).

هەموان سەری پەسەندکردنیان بۆئەم هەڵسەنگاندنە لەقاند.

(تۆم ئیکرت)یش وتی: ((ئاژانسی هەواڵگریی ناوەندیی هەندێك کەسی هەیە لەناو ئەو هاوپەیمانییەدا لەرێی پارەو کەلوپەلەوە. لە بەرامبەردا ئەو هاوپەیمانییە شەری تاڵیبان ئەکات)).

بەڵام کیت راست ئەکات. کێشەکە ئەوەیە دەسەڵاتمان لە باکوور هەیە, و کاریگەریمان کەمترە لەسەر پشتۆن لەباشوور. زۆربەی فەرماندەکانیان لەپاکستانن. و لەباشووری ئەفغانستان بەرگرییەکی یەکگرتوو نییە. و ئێمە بەهۆی سەرچاوەی زانیاری مرۆییەوە گرفتارین. وەڵامم دایەوە: ((تێگەیشتم)).

www.pertwk.com

زانیاریی هەواڵگریی مرۆیی لەکاتی پرۆسەکانی پاکسازیی دوای جەنگی ڤێتنامەوە کێشەیەکی دامەزراوە هەواڵگرییەکانمان بووە.

لەکۆتایی هەفتاکانەوە ئاژانسی هەواڵگریی ناوەندیی و ئاژانسی ئاسایشی نەتەوەیی, زیاتر پشتیان ئەبەست بە زانیاریی (تەکنیکی) لەرێی وێنەگرتن لەلایەن فرۆکەو مانگی دەستکردەوە. و ئێمە ئەمانتوانی لەفەزاوە تابلۆی ژمارەی ئوتومبیلێك بخوێنینەوە, بەڵام هیچ زانیارییەکی بەسوودمان لەبارەی سەرنشینەکانی ئۆتۆمبیلەکەوە نەئەزانی. هەروەها ئەمانتوانی گوێ رادێرین بۆ گفتوگۆیەکی تەلەفۆنی لەرێی مۆبایلەوە لەناو تاران, بەڵام نەمانئەزانی کێ قسەئەکات. و من لەو کاتەوەی کاندیدبووم بۆ ئەنستیتۆی ئەفسەران لە (فۆرت ستیل) بایەخی نیشانەگرتنی وردم ئەزانی.

وەك هەموو فەرماندەییە جەنگییەکانیش, فەرماندەیی ناوەڕاست, پلانی کتوپڕی هەبوو. و گورزە ئاسمانییەکانی دژ بە بنکەکانی قاعیدە لە ئەفغانستان کەموشەکی تۆماهۆك و فڕۆکەی موشەکهاوێژی تێدا بەکارهات, بەشێك بوو لەپلانەکانی ئێمە. و کێشەمان گەیشتنە ئامانجەکان بوو لەکاتێکی دەستنیشانکراوی وردا.



■ **(هیۆ) لە(لارك) ئاگاداری کردمەوە و وتی: توشی هەڵئاوسانی خودبووە و مانەوەی لەبواری جەنگی دژە تیرۆردا بۆماوەیەکی درێژ وای لێکردووە باوەڕی وابێت کە ئەو جەنگە موڵکی تایبەتی خۆیەتی.**

پەیوەندیم بە ژەنەراڵ (هیۆشیلتۆن) سەرۆکی دەستەی ئەرکانی هاوبەشەوە, باش و بەسود بوو. (هیۆ)م لەرۆژانی کارکرنم لەسەرکردایەتی سوپای ئەمێریکاوە ئەناسی, ئەوکاتەی ئەو فەرماندەی بەشی چالاکیی تایبەت بوو.

هیۆ, کە باڵا بەرز, وتارادەیەك رەقەڵەبوو, دووجار وەك تەپلەسەوزەکان, و فەرماندەی دەستەیەکی سەربازی پەرەشوت لە ڤێتنام کاری کردووە, پێش ئەوەی بەردەوام بەپلەکانی فەرماندەییدا سەربکەوێت. زۆرکەس تۆنی ئارامی دەنگ و شێوازی هەڵسوکەوتی باشووریانەی (هیۆ)ی وەك نیشانەی نازیرەکیی بۆ لێکئەدایەوە. کە ئەمەش هەڵەیەکی گەورەیە. چونکە (هیۆ) بەهەمان پلەی کەسە تایبەتەکانی خەڵکی واشنتۆن, جاسڤیل بن یا سەربازیی, لەکاروباری سەربازیی و سیاسیی تێئەگەیشت.

کاتێك باسی ئەوەم بۆکرد کە بەڕێوەبەرێتی نوسینگەکەم گفتوگۆیەکی تەلەفۆنی لەگەڵ (ریچارد کلارك) بۆ نیوەڕۆی ئەو رۆژە بۆپێکهێناوم.

هیۆ بڕۆی هێنایەوە یەك, و پێی وتم: ((تۆمی, کۆهینی وەزیر وای پێخۆشە کە فەرماندە سەربازییەکان دیدارەکانیان

www.pertwk.com

لەگەڵ لێپرسراوە مەدەنیەکان لەرێی نوسینگەی خۆیەوە هاوئاهەنگ بکەن. ئەمەش بەتایبەتی سەبارەت بە (دیك کلارك) راست و گونجاوە)).

بە ئامۆژگارییەکەیم کرد, چونکە واشنتۆن خاکێکی تازەو تایبەتە لەسەر ئاستی فەرماندەییەکان.

هیۆ وتی: ((کلارك ماوەیەکی زۆر درێژ لەپۆستی دژایەتیکردنی تیرۆریزمدا ماوەتەوە ئەمەش وای لێکردووە باوەڕی وابێت کە قەڵاچۆکردنی تیرۆریزم موڵکی تایبەتی خۆیەتی, و لەهەر لێپرسراوێکی حکومەتیی تر زیاتر لەبارەی تیرۆرزمەوە ئەزانێت. بەڵام حەزی لەقسەیە, ناوی لە ژماردن نەهاتووت بۆریز ئەکات. و بیرۆکەیەکی زۆر زلکراوی لەبارەی خۆیەوە هەیە. بەڵام لەزۆر لایەنەوە کردەنییە. و هەوڵ بدە زۆر بەئاگابیت کاتێك مامەڵەی لەگەڵ ئەکەیت)). سوپاسی هیۆم کرد بۆ ئەو ئامۆژگارییە.

سکرتێرەکەی کلارك بەلێپرسراوانی نوسینگەکەی وتبوو کەلە نوسینگەکەی لەکۆشکی سپی چاوی پێم ئەکەوێت. بەڵام شۆفێرەکەی پینتاگۆن بردمی بۆ باڵاخانەی نوسینگەی جێبەجێکردن, کە خانوویەکی سەربەخۆیەو پەیوەستە بە بەشی خۆرئاوای کۆشکی سپییەوە.

کلارك هەستایە سەرپێی و تەوقەی لەگەڵ کردم. وتی: ((ژەنەراڵ فرانکس بەخێربێیت)) و لای کردەوەو دۆسیەیەکی



خستە چەکمەجەکەیەوە کە لێی نوسرابوو (زۆر نهێنی) و لەدڵی خۆمدا وتم: ((ئەم پیاوە هەستێکی ئاسایشی هۆشیاری هەیە. ئەمەش سیفەتێکی باشە بۆ کەسێك کەلەبواری قەڵاچۆکردنی تیرۆریزمدا کاربکات)).

کلارك بەخێرایی وزۆر بەوردی قسەی ئەکرد وەك ئەوەی زانیاریی تایبەت و یەکلاکەرەوەی هەبێت لەبارەی ئەرکەکەمەوە.

کاتێك سەیری ڤژەسپییەکەی و چاوە کاریگەرو سیما جدیەکەیم ئەکرد, ئەکتەرێکم بیرکەوتەوە کە رۆڵی لێپرسراوێکی گەورەی حکومی ئەبینێت, کە هەوڵی چارەسەرکردنی قەیرانێکی گەورە ئەدات.

بابەتی گفتوگۆکەمان قاعیدەو تاڵیبان بوو. و کلارك دەستیکرد بەباسکردنی زانیارییە هەواڵگرییەکانی بەردەست. و لەگەڵ ئەوەی زانیارییەکان بەمدواییە گەیشتبوون, کەچی لەوانەیە ورد نەبن. و باسی ئەو سەرکەوتنانەی بۆکردم کە هێرشی موشەکەکانی تۆماهۆك لەئەفغانستان بەدەستی هێناوە, بەڵام هیچی نەبوو لەبارەی هێرش بۆسەر کارگەیەکی دەرمان لە سودان بیڵێت.

لەدڵی خۆمدا وتم: ((ئەم مەسەلەیە سەرنجڕاکێشە, چونکە هەواڵەکان باسیان لەوە ئەکرد کە ئەو زانیاریانەی پشتی پێ بەستراوە بۆ لێدانی ئەو کارگەیە لە سودان، زانیاری

www.pertwk.com

هەڵبوون)). و لەخۆم پرسی: (( ئایا کلارك پێی وایە کە ئەو هێرشەش تارادەیەك سەرکەوتووبووە؟))

پاشان لەبارەی میرنشینی یەکگرتووی عەرەبەوە قسەمان کرد. کە یەکێکە لەو سێ وڵاتەی پەیوەندیی دیپلۆماتیی لەگەڵ تاڵیبان ئاڵوگۆڕ کردووەو هەندێك یارمەتی دارایشی داوە. (دوو وڵاتەکەی تر پاکستان و شانشینی عەرەبی سعودی بوون).

کلارك باسی پەیوەندییە پتەوەکانی خۆی بۆکردم لەگەڵ بنەماڵەی دەسەڵاتدار لەئەبوزەبی. و بۆی دووپاتکردمەوە کە پەیوەندییەکی راستەوخۆ هەیە لەنێوان ئەبوزەبی و تاڵیباندا. و پێی وتم کە ئەو پەیوەندییە زۆر بەسود بووە بەلای ئەوەوە بۆ لێکۆڵینەوەی مەسەلەی بنلادن. بەبێ هیچ ئاخاوتنێك گوێم لێگرت. پاشان لەبارەی زانیارییە هەواڵگرییەکان لەبارەی قاعیدەوە پرسیارم لێکرد. و وتم: ((دیك, بۆ ئەوەی فەرماندەیی ناوەڕاست بتوانێت پلانی کارا بۆجەنگ دابڕێژێت, پێویستمان بەزانیاریی هەواڵگریی هەیە کە بەکەڵکی بەکارهێنان بێت, چونکە تۆماهۆك توانای لێدانی ئەو ئامانجەی هەیە کە پێشتر بۆی دیاریئەکرێت. بەڵام ئەو راپۆرتەی ئەڵێت لەوانەیە ئوسامە بنلادن شەوێکی لەو ئەشکەوتەدا بەسەربردبێت, نابێتە ئامانجێکی پتەو, لەوانەیە ئەمجۆرە راپۆرتانە یاریدەمان بدەن بۆئەوەی شێوازێکی



دیاریکراوی هاتوچۆکانی بزانین, بەڵام بۆئەوەی بتوانین لێی بدەین پێویستمان بەزانیاریی وردو دیاریکراو هەیە بەشوێن و کاتەوە)).

کلارك زانایانە خەندەیەکی کردو وتی: ((تەکنیکی وام لەبەردەستدایە کە یارمەتی چارەسەری ئەو کێشەیە بدات)).

راستەوخۆ گەیشتمە ئەو ئەنجامەی کە مەبەستی فڕۆکەی چاودێریی جۆری(بریدیتۆر)ە کە ئەتوانێت چەندین سەعات بەئاسمانی ناوچەکانی دوژمندا بسوڕێتەوە و بەرۆژو بەشەو وێنەی زۆر روون بنێرێت. (CIA)یش هەوڵی ئەدا موشەکی (هێلفایەر) لەفڕۆکەکانی (بریدیتۆر) ببەستێت.

لەدڵی خۆمدا وتم: ((ئەمە چەکێکی ترسناك ئەبێت)). بەڵام هاوکات ئەو پەندە سەربازییەم بیرکەوتەوە کە ئەڵێت (ترسناك ئەوەیە ویست و توانا لێك جیا نەکرێتەوە).

لەخۆم پرسی تۆ بڵێی (دیك کلارك) ئەم پەندەی بیستبێت؟ من سوربووم لەسەر وێرانکردنی (قاعیدە) بەڵام سەردانەکەم بۆلای کلارك یەك هەنگاویش بەرەو ئەو ئامانجە نەیبردمە پێشەوە.

بەو ئومێدەوە نوسینگەکەیم بەجێهێشت کە قسەکردنەکەم سەبارەت بەچارەسەری کردەنی بۆکێشە راستەقینەکان, هانی بدات زیاتر بەدوای ئەو ئامانجە دیاریکراوانەدا بگەڕێت کە ئەکرێت لێیان بدرێت.

www.pertwk.com

بەڵام هەستمكرد ديك كلارك سەركەوتووە لەدەستنيشانكردنى كێشەكاندا نەك دۆزينەوەى چارەسەرى كردەنى بۆيان.

**■ عەدەن... و تەقاندنەوەى كەشتيى جەنگيى (كۆڵ) و گەڕان بەدواى قۆچى قوربانيدا.**

كات نزيكەى 5.14 خولەكى بەيانى بوو كە زەنگى تەلەفۆنەكەم لێيدا. يەكسەر لەدڵى خۆمدا وتم هەواڵى خۆش پێش سەعات شەش ناگات!.

جێگرى ئەدميراڵ (ويلى مۆر) لەسەرخەت بوو, و پێى ڕاگەياندم كە فەرماندەى هێزى دەريايى لەمەنامەى پايتەختى بەحرەينەوە تەلەفۆنى كردووە و هەواڵى ناخۆشى پێبووە. تەقينەوەيەك لەسەر كەشتى جەنگيى (**يو ئێس ئێس** كۆڵ) لە بەندەرى عەدەن لەيەمەن ڕويداوە.

لەبارەى دۆخەكەوە پرسيارم لە (ويلى مۆر) كرد, لەوەڵامدا وتى: ((پەيوەنديى لەگەڵ كەشتييەكەدا خراپە, بەڵام زانيومانە كەزيانى گيانى هەيە.

تيمێكى فرياگوزاريى لە كەنداوەوە بۆلاى كەشتييەكە بەڕێكەوتووە. لە بەحرەين و ئەوروپاشەوە تيمى پزيشكيى ڕوويان كردووەتە شوێنەكە)).



تەقينەوە لەسەر كەشتيەكە بێگومان قوربانى بەدواوە بووە, بۆيە كاردانەوەى خێراو هۆكارى كات لەوجۆرە دۆخانەدا زۆر گرنگن

ويلى مۆر پێى وتم كە هێزى سەربازيى وڵاتانى هاوپەيمان ئامادەيى هاوكارييان دەربڕيوە, و هێزى دەريايى فەرەنسا لەجيبۆتييەوە بەرەو ناوچەى تەقينەوەكە بەڕێكەوتوون و پێ ئەچێت بەقسەى ويلى ئێستا گەشتبنە شوێنەكە.

زانراوە كە فەرەنسا هێزێكى دەريايى و زەمينى بەهێزو چالاكى هەيە, و هێزێكى ئاسمانيشى هەيە لەو كۆلۆنىيەى پێشووى نزيك (بابلمەندەب) و سەرەڕاى ئەوەى پەيوەندييەكانمان لەگەڵ حكومەتى فەرەنسا هەميشە دۆستانە نەبووە, كەچى فەرماندە سەربازييەكانى فەرەنسا بەتايبەت لەبارودۆخى كتوپڕى لەو جۆرەدا هەڵوێستى پۆزەتيف و بەهێزيان هەبووە.

لە ويلى مۆرم پرسى كەئايا هيچ زانيارييەكى هەيە لەبارەى هۆكارەكانى ڕوودانى تەقينەوەكەوە؟

لەوەڵامدا وتى: ((هێشتا زووە بۆزانينى هۆكارەكەى)), بەڵام ئاماژەى بەوەدا كە گومانمان هەيە لەوەى كارێكى تيرۆريستى بێت.

لەكۆتايى پەيوەندييەكەدا سوپاسى (ويلى)م كردو داوام لێكرد لە گۆڕانكارييەكان ئاگادارم بكاتەوەو بۆم دووپات كردەوە كە هەواڵەكە بە واشنتۆن ڕائەگەيەنم.

www.pertwk.com

لەگەڵ خۆرهەڵاتندا گەیشتمە نوسینگەکەم, و (رایفل دی لۆنگ) پێش من گەیشتبووە ئەوێ و هەندێ نامەی لابوو سەبارەت بەتەقینەوەی کەشتیی جەنگیی (یو ئێس ئێس کۆڵ). داوام لە(رایفل)کرد ئەندامانی تیمی قەیران و باری نائاسایی بانگ بکات بۆکۆبوونەوەیەك, و پێی وتم کە پێشتر ئەو کارەی کردووە.

لێرەدا حەز ئەکەم بڵێم کە (رایفل دی لۆنگ) رۆڵێکی دیاریی هەیە وەك جێگری فەرماندە، وخاوەنی شارەزاییەکی باشی فەرماندەیی و سەبازییە, و یەکێکە لە دیارترینی ئەو بەڕێوەبەرانەی لەماوەی کارکردنم لەخزمەتی سەربازیدا ناسیومن. و هەروەك زۆر لە ئەفسەرانی نەوەکەی ئێمە تواناو شارەزاییەکانی لە قوڕاوی ڤێتنامدا قاڵ بوەتەوە. هەربۆیە من باوەڕم هەیە بە هەڵسەنگاندن و مەزەندەکانی و رێز لەراوێژەکانی ئەنێم.

رایفل راپۆرتێکی ئامادەکردبوو سەبارەت بە یەمەن, ئەو وڵاتە سەرنج راکێشە.

یەمەن تەنیا دەساڵێك ئەبێت وەك وڵاتێکی یەکگرتوو دەرکەوتووە, و لەیەکێك لە قێزەوەنترین ململانێکانی سەردەمی شەڕی سارد هاتووەتە دەرەوە.

یەمەنی باکوور, دوای ئەوەی سەربەخۆیی لەبەریتانیا وەرگرت, جەنگێکی ناوخۆی لەبەرامبەر یەمەنی باشووری



عەلمانی چەپڕەودا ئەنجامدا. و لەکاتێکدا میسر بەسەرکردایەتی سەرۆکی کۆچکردوو جەمال عەبدولناسر یارمەتی یەمەنی باشووری ئەدا, وڵاتە عەرەبییە کۆنەپارێزەکان بەچەك و خۆبەخش یارمەتی باکووریان ئەدا, و لەماوەی ناوەڕاستی ساڵانی شەستدا ئەو ململانێیە چەندین قەسابخانەو بەکارهێنانی چەکی کیمیایی بەخۆوە بینی. و لەساڵی 1990دا کۆمارێکی بەڕووکەش یەکگرتوو سەریهەڵدا کە پایتەختەکەی (سەنعا) بوو لەناوچە خێڵەکیەکانی باکووردا. و لەگەڵ ئەوەی هێشتا ململانێکانی یەمەن بەتەواوی کۆتایی نەهاتووە, بەڵام هەندێك ئاماژەی ئومێد بەخش ئەبینرێت, و لەساڵانی رابردوودا یەمەنییەکان دەستیان کردووە بەتەرخانکردنی برێکی زیاتری یارمەتییە نێودەوڵەتییەکان بۆگەشەپێدانی دووبارەی عەدەن وەك بەندەرێکی بازرگانیی, و ئەمێریکاش لە وێستگەی دەریایی عەدەن سوتەمەنی لەکەشتییەکانی بار ئەکاتەوە.

بەپێی راپۆرتە سەربازییەکە بڕیاروابوو, سەرلەبەیانی رۆژی 12ی تشرینی یەکەمی ساڵی 2000, (یوئێس ئێس کۆل) لەوێستگەی دەریایی عەدەن سوتەمەنی وەرگرێت, و سەردانێکی رەسمی نەبووە بۆ بەندەرەکە بەوشێوەیەی کە رێوشوێنی سەربازیی رەسمی لەنێوان هەردوولادا بگیرێتەبەر, بەڵکو تەنیا وابڕیاربووە کە (ئو ئێس ئێس کۆل) سوتەمەنی

زیاتر هەڵگرێت پێش درێژەدان بە ڕێگەکەی بەرەو کەنداوی عەرەب. سەرلەبەیانی ئەوڕۆژە هەندێك زانیاریی تر یەك لەدوای یەك گەیشتن.

قسەم لەگەڵ (هیۆ شیلتۆن) کردو پێم ڕاگەیاند کە تیمێکی کتوپڕی سەربەهێزەکانی پیادەی دەریایی, و فڕۆکەیەکی جۆری (سی 130)ی سەربەهێزی پزیشکی, و چەند تیمێکی پزیشکی فەرەنسایی, گەیشتوونەتە عەدەن.

ئەوەشم بە شیلتۆن وت کە هێشتا هۆکاری تەقینەوەکەمان نەزانیوە. ئەو باسەشم لەگەڵ هێنایە گۆڕێ کە ئایا کاتی گەیشتنی کەشتی (یوئێس ئێس کۆل) هیچ مەترسیەك لەعەدەن لەئارادابووە, و گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کەهیچ شتێك نەبووە ئاماژەبێت بۆ بوونی مەترسی.

هەڵسەنگاندنی بارودۆخیش لەلایەنی ئەگەری مەترسییەوە ئەکرێت بەچەند پلەیەکەوە, و لە (ئەلفا)وە دەست پێ ئەکات کەئاماژەیە بۆنەبوونی مەترسی تیرۆرستی و بە (دەلتا) کۆتایی دێت کە ئاماژەیە بۆ ئەگەری ڕوودانی هێرشێکی تیرۆرستی لەئان و ساتدا, و بۆ زانینیش نەبوونی مەترسی ئەگەری هێرشی تیرۆرستی, دۆخی باوی زۆربەی ئەو بەندەرانەیە کە ئەکەونە ناو چوارچێوەی ناوچەی بەرپرسیارێتی ئێمەوە. و کەواتە هیچ هۆکارێك نەبووە کە فەرماندەی کەشتیی (یوئێس ئێس کۆل) بخاتە گومانەوە کە



ئەگەری هێرشێك لەئارادایە ئەوکاتەی کەشتییەکە چووە بۆسوتەمەنی وەرگرتن. و سەرەڕای ڕانەگەیاندنی هیچ لێدوانێکی فەرمیی تا کۆتایی سەرلەبەیانی ئەو ڕۆژە, کەئەو هێرشە لەلایەن تیرۆریستانەوە ئەنجامدراوە, کەچی ئەو هەواڵانەی لەئامرازەکانی میدیاوە بڵاوکرانەوە باسیان لەوەئەکرد تەقینەوەکە کارێکی تیرۆریستی بووە.

لەڕێی زنجیرەیەك پەیوەندی تەلەفۆنیی بەپەلەوە, بەهەریەك لە (شیلتۆن) و ژەنەراڵ (دیك مایرز)م ڕاگەیاند, کە (دیلی مۆر) وتویەتی ئەگەر ڕوودانی هێرشێکی تیرۆرستی بەدوورنازانێت.

ژەنەراڵ (هیۆ شیلتۆن) لای خۆیەوە وتی: ((دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ئەمێریکا داوای زانیاری زیاتر ئەکەن لەبارەی ڕووداوەکەوە)). بەپەلە سەیرێکی کەناڵی (CNN)م کرد کەبەبەردەوامی باسی هەواڵەکەی ئەکرد, و دیمەنی چەند هێرشێکی تیرۆریستی پێشووی بڵاوئەکردەوە, لەوانەش تەقاندنەوەی دوو باڵیۆزخانەکەی ئەمێریکا لە (کینیا) و (تەنزانیا).

بە (مایك دیلۆنگ)م وت: (( لەوەتەی کەناڵەکانی هەواڵی تەلەفزیۆنی پشتبەستوو بەکێبڵ و مانگی دەسکرد, ئەوگەشەکردنەیان بەخۆوە دیوە, پێشبڕکێی نێوانیان لەبواری بڵاوکردنەوەی هەواڵ وەك (دەستپێشکەری ڕۆژنامەنوسی

www.pertwk.com

_سبق صحفی) گەرمتر و خێراتر بووە. و هەررووداوێکی نائاسایی, کە دیمەنی سەرنجڕاکێشی تیابێت, ئەبێتە هەواڵی سەرەکی و خۆی ئەسەپێنێت لەوێناگشتییەکانی جەماوەردا, جا گرنگ نییە هەواڵەکە چەند ورد و جێباوەڕە. و لەبەرئەوەی فەرماندە سەربازییەکان ئەم ئاراستەیەیان پێ باش نییە, بەڵام سەرەنجام ناچارین خۆمانی لەگەڵ بگونجێنن)).

چێشتەنگاوی هەمانڕۆژ قسەمکرد لەگەڵ ئەدمیرال (فیرن کلارك)ی سەرۆکی ئۆپەراسیۆنەکانی هێزی دەریایی لە پنتاگۆن, کە ئەوکاتە خەریکی ئامادەکاریی بوو بۆ بەستنی گۆنگرەیەکی رۆژنامەگەریی. و پێم وت : ((فیرن, نابێت لەوەی کە ئەیزانین زیاتر بڵێین. با دووركەوینەوە لە مەزەندەو تەنیا ئەو راستیانە پێشکەش بکەین کە لێی دڵنیاین)).

وتی: ((تۆم, تۆ لەواشنتۆن تێناگەیت, راپۆرتەکانم بینی, راگەیاندنەکان هەر بەزیندوویی هەڵمان ئەلوشن, ئەگەر شتێکیان پێشکەش نەکەین)).

وتم: ((هێشتا هەڵوێستەکە روون نییە. بەرای من تەنیا پابەندبین بەراستیەکانەوە. و ئەو پەندەت لەیادبێت کە ئەڵێت: راپۆرتە سەرەتاییەکانی پشکنەران هەمیشە هەڵەیە)).

هاوکات (بریگادر ژەنەراڵ - گاری هاریل) ی بەڕێوەبەری ئاسایش, سەرگەرمی هەڵسەنگاندنی خاڵە لاوازەکانی



ئاسانکارییەکان بوو, و لەو کاتەدا لەسعودیەبوو, بەڵام من لەیەمەن پێویستم بەوبوو. بۆیە پێم راگەیاند بچێت بۆ ئەوێ و وتم : ((رێوشوێنی ئاسایشی توندم ئەوێت لە دەوری ئەو کەشتییە, وەك شوێنی تاوان مامەڵە لەگەڵ هەڵوێستەکە بکە, چونکە هەربەراستیش تاوان روویداوە)). وەزارەتی دەرەوەش لای خۆیەوە خەریکی ئامادەکاریی بوو بۆ ناردنی تیمێکی پشتیوانیی کتوپڕی دەرەکی, کەلەوانەیە لێکۆڵەرەوانی (نوسینگەی لێکۆڵینەوەی فیدراڵیی)یشیان لەناودابێت.

بە (هاریل)م وت: ((لەگەڵ ئەو تیمەی پشتیوانیی کتوپڕ کاربکە. بەئاگابە لەهەموو ئەوشتانەی لەدەوربەرت روودەدەن. چونکە بارودۆخەکە خراپتر ئەبێت پێشئەوەی چاك ببێتەوە)). لەگەڵ تەواوبوونی قسەکانم لەگەڵ (هاریل) یەکەمین راپۆرتەکان سەبارەت بەزیانەکان گەیشتن: مردنی پێنج دەریاوان دووپاتکراوەتەوە, و ژمارەیەکیش بێسەروشوێنن.

و فەرەنسیەکان زۆربەی بریندارەکان ئەوانەی برینەکانیان سەختە گواستوەتەوە بۆ جیبۆتی, و لەرێی دەسبەکاربوونێکی خێراو پسپۆرانە, ژیانیان رزگارکردوون, و لەم بارەیەوە خۆمان بەقەرزاریان ئەزانین.

لەم خاڵەوە دووجۆر زانیاریی هەن: یەکەمیان زنجیرەیەك لەکۆنگرەی رۆژنامەگەریی, کەلەباری سیاسیەوە هەستیارە, و

www.pertwk.com

دووەمیان لێکۆڵینەوەی پیشەیی و پیشاندانی راستیەکان وەك خۆیان.

بە (هیۆ)م وت: ((بەڕای من پێشنیار بکەیت بۆوەزیری بەرگریی, سەبارەت بەپێویستی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەیەکی هەمەلایەنەی دەرەکیی, شتێکی هاوشێوەی لێکۆڵینەوەکەی (واین داونینگ) سەبارەت بەتەقینەوەی تاوەرەکانی (خوبەر) لەسعودیە. ئەبێت خۆمان لەهەر وێناکردنێکی شاردنەوەو پەردەپۆشکردن بەدوور بگرین)). و پێشئەوەی بەرەو فرۆکەخانە بەرێبکەوم, داوام لەستافەکەم کرد هەموو زانیارییەکان لەبارەی رووداوەکەوە, لەسەرکردایەتی سیاسی وەرگرن و کۆپیکەنەوە, لەوانەش سیناتۆر (جۆن وارنەر) سەرۆکی کۆمیسیۆنی خزمەتگوزاری هێزی چەکدار لە ئەنجومەنی پیران.

من سێ جار چووم بۆ کۆنگرێس بۆشایەتیدان لەبارەی هەندێك کاروباری رۆتینیی پەیوەست بە بودجەو کاروباری ئۆپەراسیۆنیی, و گومانم نەبوو کە کۆنگرێس کۆبوونەوەی گوێگرتن لەبارەی روداوەکەوە ئەبەستێت.

بۆیە داوام لە (رایفل دیلۆنگ) کرد, توێژینەوەیەکی روون ئامادەبکات, و زانیاریی راستەقینەی تیابێت سەبارەت بەو شێوازەی گرتومانەتەبەر بۆ دەستنیشانکردنی عەدەن وەك بەندەرێك بۆ وەرگرتنی سوتەمەنی. و خاڵی دیاریکراویش



لەخۆبگرێت سەبارەت بەوهۆکارانەی وای لەکەشتی (یوئێس ئێس کۆل) کردووە کەلەوێ لەنگەر بگرێت.

ئەشم ئەزانی کە کاتێك دەزگاکانی راگەیاندن کەوتنە بەدواداچوونی باسەکە, ئەوا کۆمەڵە سیاسیەکان لێمان ئەکەونە تەقە. و بۆنەگبەتیش, دۆزینەوەی قۆچێکی قوربانی لەدوای کارەساتەکان بەشێکە لەکەسایەتی نەتەوەیی. هەربۆیە پێویست بوو راستیەکان بێ پێچ و پەنا و بەکورتی و روونی بخەینەروو, و باسێکی وردی هەڕەشە تیرۆریستییەکان بکەین لەعەدەن لەکاتی پەلامارەکەدا, و هۆکارە ئۆپەراسیۆنییەکانی لەنگەرگرتن بۆ وەرگرتنەوەی سوتەمەنیی. هەموو ئەمەش ئەبێت لەپوختەیەکی 20چرکەییدا بکەین.

■ **عومانییەکان خەمباربوون و نیگەرانی ئەوەی پەلامارەکەی سەرکەشتیی جەنگیی کۆڵ لەگەرموگوڕیی و بەڵێنەکانمان بۆناوچەکە لاواز بکات.**

سواری فرۆکەیەکی خۆڵەمێشی کۆن بووم بەرەو مەسقەت و بەرێوە سەیری دۆسیەی وردەکارییەکان و راپۆرتەکانی هەڵۆێستەکەم کرد کە تیمی گەشتەکە ئامادەیان کردبوو, لەوانەش راپۆرتی (ویلی مۆر) لەکەرتی دەریایی فەرماندەیی ناوەڕاست و (گاری هارل) کەتازە گەیشتبوە عەدەن, و (دیلۆنگ) لەتامباوەو (هیۆشیلتۆن) لەپێنتاگۆنەوە. پاشان

www.pertwk.com

گلۆپەكانی پشتسەریكورسیەكەم كوژاندەوەو ویستم تا لەعومان ئەنیشینەوە سەرخەویك بشكێنم, بەلآم نەمتوانی, ئاخر ئەم پەلامارەی سەركەشتیی (یوئێس ئێس كۆڵ) شوێن پەنجەی قاعیدەی پێوەدیاربوو كە چەند مانگێكە ئارامە. و ئاشكرایە ئەمكارە دوای پلانێكی دوردرێژ جێبەجێكراوە.

سێ رۆژ لە سوڵتاننشینی عومان مامەوە, و ئەوماوەیە لەپەیوەندیدا بووم لەگەڵ (رایفل دیلۆنگ) و (ویلی مۆر) و (هیۆ شیلتۆن) و (گاری هاریل) كە لەعەدەنەوە دوا زانیارییەكانی ئەدامێ, و هاوكات حكومەتی یەمەن رایگەیاند كە هەوڵ ئەدات خۆشی لێكۆڵینەوەی تایبەتی خۆی بكات, بەلآم لەلایەنی رۆشنبیرییەوە دەستەوەستانە لەوەلآمدانەوەی داوا خێراكانی لێكۆڵەرەوانی سڤیل و سەربازیی ئەمێریكا.

لەلایەكی ترەوە عومانیەكان خەمباریی خۆیان بۆ دەربڕیم بەرامبەر زیانەكانمان, و هاوكات نیگەرانیی خۆشیان پیشاندا لەوەی ئەم هێرشە تیرۆریستییە گەرموگوڕیی و بەڵێنەكانمان لەناوچەكەدا خاوبكاتەوە. بۆیە بۆ وەزیری بەرگرییەكەیانم دووپاتكردەوە كە ئەمێریكا وەك جاران سورئەبێت لەسەرئەوەی هێزێكی پۆزەتیف بێت لەناوچەكەدا, و هەڵوێستمان لەق نابێت, و هەمان پەیامیشم گەیاندە (سوڵتان قابوس بن سەعید). سوڵتان قابوس پیاوێكی روناكبیرە, و ریشێكی ماشوبرنجی هەیە, و مێزەرێكی ئاوریشمی زەردی



مەیلەو پرتەقاڵیی لەسەردایە, و عەبایەكی خوریی وردچنراو, هاوخەمییەكەی راستگۆیانە بوو, و بەئینگلیزیەكی رەوان پێی وتم: ((ژەنەراڵ, زیانی وڵاتەكەتان گەورەیەو جیهانی عەرەب هاوخەمتانە, كەواتە چۆن ئەتوانین یارمەتتان بدەین؟))

وتم: ((دۆستایەتیتان بۆخۆی یارمەتییەكی مەزنە, خاوەن شكۆ)).

وتی: ((هەمیشە وامان ئەبینن, ژەنەراڵ فرانكس)).

لەچاوە رەشە زیرەكەكانی ورد بوومەوە, هیچ مامەحەمەیی و كارنامەیەكی نهێنیم تیا نەبینی., و سوڵتان قابوس دۆست و هاوپەیمانێكی باوەڕپێكراومان ئەبێت لە ساتەسەختەكانی داهاتوودا.

■ **سەرۆك عەلی ساڵح دووكاسێتی ڤیدیۆو دۆسیەی چەند گومانلێكراوێكی دامێ و وتی لێدوان و تاوانباركردنی یەمەن لە میدیاكانی ئەمێریكادا كێشە بۆ یەمەن دروست ئەكات. و منیش پێم وت: ئاخر میدیای ئێمە كێشە بۆ خۆشمان دروست ئەكات.**

لەگەرمایەكی پڕوكێنەردا لەسەر كەشتیی جەنگیی (كۆڵ) وەستابووم, و چاوم بڕیبووە خوارەوە و سەیری ئەو قەڵبەیەم ئەكرد كەلە لاتەنیشتی كەشتیەكەدا بوو.

كاپتن (كێرك لیبۆد) باسی ئەو زیانانەی بۆكردم كە بەكەشتیەكە گەیشتووەو ئەو بەشانەی دەریاوانەكانی تیا

www.pertwk.com

مـردوون, لەگـەڵ دۆخـی ئێسـتای برینـدارەکان. تیمەکـە لـەم گـەرما پڕوکێنـەرەدا 72سـەعات کاریـان کـردووە بـۆ ئـەوەی کەشتیەکە بەسەر ئاوەوە بهێڵنەوە وهـەموویان شـەکەت بـوون, و زۆریشیان هێشتا ئەبڵەقیی رووداوەکە بەرینەدابوون.

بەندەرەکـە جـوان و رازاوە دیـاربوو, و شـنەبای ئـاوداریش ئـاڵا گەورەکـەی ئـەمێریکای ئەشـەکاندەوە لەسـەر پـردی بەرامبەر پاشماوەی تێکشکاوی و پارچە سـوتاوەکان و ئـەمباری نەوتەکە.

کەبـەناو کەشـتیەکەدا ئەگـەڕام شـتێکی وام پـێ نـەبوو بۆکەمکردنەوەی ئەو ئازارەی لەروخساری تیمـی کەشـتییەکەدا ئەمبینی, بیکەم یا بیڵێم. خەیاڵم بردمییـەوە بـۆ سـەردەمانی ڤێتنام و چاوم پڕبوو لە فرمێسك کـە تێکـەڵاوێك بـوو لـەرێزو ئیعجاب و داخ, لەبەرامبەر بەرامەی دووبـارە بەرجەسـتەبووی ئـەو تووڕەییـەی کەسـەردەمانێکی دووری پێشـووتر هەسـتم پێکردبوو.

نیـوەڕۆی ئـەورۆژە لەکۆشـکی خـوارووی (عـەلی عەبـدوڵڵا ساڵەح)ی سەرۆکی یەمەن دانیشتبووم.

(باربـارا بـۆدین) بـاڵیۆزی ئـەمێریکا لەیەمـەن پێشـنیازی بـۆکردم کـە ئـارام بم و گـوێ بگـرم بـزانم سـاڵەح چـی ئـەڵێت. بۆیە بڕیارمدا بەپێشنیازەکەی (باربارا) بکەم و ئەگەر راستگۆ بوو منیش لای خۆمەوە هاوکاری ئەبم.



کـە سـەرۆك سـاڵەح کەوتـە قسـە, سـەیرمکرد بەبایەخـەوە پرسیاریدۆخی ئێستای تیمەکەی کەشتیی کۆڵ ئـەکات، کـەئایا تا ئێستا لەسەر کەشتیەکە ماون, کەلـە دۆخێکـی وادا بێگومـان بارێکی خراپ و مەینەتباریان هەیە.

ئەمزانی کە بایەخـدان بـە حەوانـەوەی میـوان, بایـەخێکی رووکەش نییە بەخەڵکی خۆرئاوا, بەڵکو رەگی قووڵی هەیە لـە کەلتووری عەرەبدا.

بـۆ سـەرۆکم دووپـاتکردەوە کـە تیمەکـە خزمـەتی بـاش ئەکرێن و کاپتن ئەرکەکەی خۆی وەك پێویست ئەنجام ئەدات, و خـۆی و ئەفسـەرو ئەنـدامانی تیمەکـەی مایـەی شـانازیمان بوون.

پـێم وت: ((جـەنابی سـەرۆك، کـۆهینی وەزیـری بـەرگری رایسپاردووم کە سوپاستان بکەم بەرامبەر هەموو ئەوەی بۆتان کردووین, ئەمە سەرەتایەکی باشە)).

سەرۆك وتی: ((ئێمە بەردەوام پەیوەندیی باشمـان هـەبووە لەگـەڵ وڵاتەکـەتان, لەگـەڵ شـوارزکۆف و لەگـەڵ زینـی, و بەداخـەوە کـە دۆسـتایەتی نێـوان مـن و تـۆ لـەم بارودۆخـەدا دەست پێ ئەکات)).

ساڵەح وادیاربوو باسەکە وەك شێوەی پرسـیار ئـەکات نـەك لێدوان, بۆیە هەوڵمـدا دڵنیـای بکەمـەوەو پـێم وت: ((گـەورەم, دۆستایەتی ئەمێریکا لەگەڵ یەمەن چەسـپاوەو بەئاسـانی لـەق

www.pertwk.com

نابێت, و پێکەوە کارئەکەین, و پێویستە زانیاریی ئالوگۆڕ بکەین, پیاوەکانمان سەرەتایەکی باشیان دەستپێکردووە لە لێکۆڵینەوە لەبارەی کارەساتەکەوە, بەڵام ئەمە هەر سەرەتایە. و پەیوەندییەکانمان گەشەئەکەن چونکە لەبەرژەوەندی هەردوو وڵاتە)).

سەرۆك ساڵەح رووی قسەی کردە ژمارەیەك لەو لێپرسراوانەی لەتەنیشتیەوە لەدەورەی مێزێکی گەورەی بەزیو و مس رازاوە, دانیشتبوون, و پاشان پێی وتم : ((زۆر لێدوان و تۆمەتباکردن لەرۆژنامەکانتاندا بڵاو ئەبنەوە, ئەوشتانە کێشەمان بۆدروست ئەکەن. ئێمە هەمووتوانای خۆمان خستۆتەگەڕ بۆ یارمەتیدانتان)).

منیش سەیرم کردو پێم وت : ((گەورەم رۆژنامەکانمان کێشە بۆخۆشمان دروست ئەکەن) و بەڵێنی یارمەتیدانی لێکۆڵینەوەکانی داو ئاماژەی بۆئەوەکرد کە کۆمیسیۆنێکی تایبەتی دروست کردووە.

ئەمزانی یەمەنیەکان ئەگەنە راستیەکان, و لەسەرمان بوو دڵنیابین کە هاوبەشیمان ئەکەن لەو زانیارییانە.

وتم : ((جەنابی سەرۆك, زۆرگرنگە کە کۆمیسیۆنەکەتان هەموو ئەو بەڵگانەی دەستی ئەکەویت, بیخاتە بەردەست لێکۆڵەرەوەکانمان)).

سەرۆك ساڵەح هەستایە سەرپێ و دووکاسێتی ڤیدیۆو دۆسیەیەکی پلاستیکی دامێ کە ناسنامەی ژمارەیەك خەڵکی



عەرەبی گومانلێکراوی تیابوو، و وتی: ((ئەم کاسێتانە هی کامێراکانمانە لە بەندەر, لەوانەیە سودی لێ ببینن, بەڵام ناسنامەکان هی چەند کەسێکە کە بەشداری ئەو هێرشە قێزەوەنەیان کردووە)).

زانیاری و بەڵگەکانم وەرگرت و مێژووەکەیم لێنوسی, بۆبە بەڵگە کردن, چونکە نوسینگەی لێکۆڵینەوەی فیدراڵیی هەمیشە ئەیەوێت بەتەواوی بزانێت کێ و کەی زانیارییەکانی وەرگرتووە. و سەرۆك عەلی عەبدوللا ساڵەح هەولی زۆریدا کە باوەڕی من بەدەست بهێنێت و پێم وابێت بەسەرەتایەکی باش دەستی پێکرد.

**■ رۆژی 7ی ئەیلول کچە سەربازێکی گەنج کە پلەی عەریف بوو لێی پرسیم: چی وات لێ ئەکات شەوان بێدار بێت؟ وتم: هێرشێکی تیرۆریستی بۆسەر سەنتەری بازرگانی جیهانی لە نیویۆرك.**

پێم وابوو بەم زوانە سیاسەتمان بەرامبەر قاعیدە ئەگۆڕێت, چونکە هیچ گۆڕانێکی دراماتیکی لەو هێما ئەلەکترۆنیانەدا نەبوو کەبەدەستم ئەگەیشت, بەڵام هەستم بەبوونی رادەیەك لەهەستی بێئومێدی ئەکرد لە پینتاگۆن و ناوەندە هەواڵگرییەکاندا لەگەڵ کەمێ: لە هەراسانی و ئەو ئۆپەراسیۆنە کورتانەی تۆڵە کردنەوە کە لەرابردوودا

www.pertwk.com

ئەنجاممان دابوو, و ئیدارەی نوێ بەئاراستەی ئەو چارەسەرە توندەدا هەنگاو ئەنێت کە من لێی دڵنیا بووم.

لەوانەیە کارەکە هەندێ کاتی پێویست بێت تا کۆتاییهاتنی دانانی هێڵی سیاسی نوێو دەستپێشکەریی دیپلۆماتیی و هێزی سەربازیی، بەڵام بێگومان ئەوکارە بەڕێوەیە.

لەمانگی نیساندا (ئێریك ئەنتیلا) کە خانەنشینێکی کۆنی هێزی زەمینییە, سەردانی کردم. بەساڵاچوو وماندوو هاتە بەرچاوم, لەوانەیە نەخۆشیش بوبێت. دووسەعاتمان بە جگەرەکێشان و پێکەنینەوە لەسەر دووکورسی لەنوسینگەکەمدا بەسەربردو باسی ئەوشەو و ڕۆژانەمان کرد کە پێکەوە لە ڤێتنام بەسەرمان بردبوو, و ئەوشتانەی لەوێ فێری بووین.

(ئەنتێلا) وتی: ((من بەختەوەرم, ژمارەیەك سەربازی گەنج و ئازام لەگەڵ بوو, کەحەزیان ئەکرد فەرماندەیی بکرێن، ئەمەش گەورەترین ئاواتی هەر ئەفسەرێکی بەرپرسیارە)).

ئەوکاتە بیرم کردەوە، ئەم شتە چەند ڕاست بوو. وتم: ((ئێمەش بەختەوەر بووین کەتۆمان لەگەڵ بووی گەورەم)).

لەکاتی ڕۆشتنیدا ئەوسەربازە چاکەم بەناو( ژووری دەستکەوتەکان)دا بەڕێ کرد, زۆر ئارەزووی چەکی هەبوو, و بەئاگاش لەوەی قسە لەگەڵ هەموو ئەو سەربازانە بکات کە بەلایاندا تێئەپەڕی.



پێی وتم: ((ژەنەراڵ من زۆر شانازیت پێوە ئەکەم، تۆ چاکترین (لیفتنانت) بویت لەوانەی ئەمناسین. تۆ بەچاکی بایەخت بەیەکەکان ئەدا و من هەمیشە باسی ئەوە ئەکەم)).
سەیری زەویم کردو چاوم پڕبوو لە فرمێسك. وپێم وت: ((کۆلۆنێل، تۆش بایەخت بە هەموو (لیفتنانت)ێك ئەدا و هەر بەو هۆیەشەوە من ئێستا لێرەم)).

(ئەریك ئەنتیلا) بەدەم خەندەوە بەرەو دەرەوە ڕۆیشت و دوای ئەوە نەمبینیەوە, چونکە دوای چەند مانگێکی کەم مرد, بەڵام یادەوەرییەکانی ئەوەی ماوە لە پابەندیی یاریدەدەرەکانی پێیەوە, لەگەڵم ئەمێنێتەوە لەسەختترین قۆناغەکانی ژیانمدا.

لەبەهاری 2001داو هەتا پێمان نایە هاوینەوە، خەمی سەرەکیمان پاراستنی یەکە بڵاوەکانمان بوو لە هێرشی تیرۆریستیی.

ڕۆژانێکی زۆرو پشووەکانی کۆتایی هەفتەم لەگەڵ فەرماندەکانی هێزەکانی ئاسمانی و زەمینی و دەریایی بەسەربرد, کەبەردەوام کارمان ئەکرد تا دڵنیابین لەدووبارەنەبوونەوەی پەلاماردانی تاوەرەکانی (خوبەر) و پەلاماری کەشتیی جەنگیی (کۆڵ).

لەگەڵ هاتنی هاویندا کارمەندانی هەواڵگریی، لەگەڵ (سی ئای ئەی) و ئاژانسی هەواڵگریی ناوەندی سەرگەرمی

www.pertwk.com

کۆکردنەوەو لێکۆڵینەوەی چەندین ئاماژەو نیشانەی بەردەوام بوون سەبارەت بە چالاکییەك کە تیرۆریستان لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست پلانیان بۆدائەنا. بەڵام ئاماژەکان دیاریکراو نەبوون، و سەرچاوەی ئەو زانیارییانەش تێکەڵەیەك بوون لە هەواڵگریی مرۆیی و تەکنیکی.

فەرمانمدا بە فەرماندەی ئەو هێزانە کە چالاکیی دەرکەوتنی سەربازەکانیان کەمبکەنەوە. و لەزۆر بۆنەشدا ئاستی ئامادەکاریی خۆپارێزیانم بەرزئەکردەوە لەرێی بلاوکردنەوەی هەڕەشەی درۆینەوە.

سەرەنجامی ئەوە هیچ هەڕەشەیەکی دیاریکراو نەبوو, شتێك لەپێگەیندا بوو. بەڵام چاکترین مێشکەکانی ناو (سی ئای ئەی) و ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی، نەیانتوانی سروشت و شێوەی ئەو هەڕەشانە بەوردی دەستنیشان بکەن. و نەیانتوانی وەڵامی ئەو پرسیارە بدەنەوە کە (لەکوێ و کەی کارێکی تیرۆریستی ئەبینین؟)

لەگەڵ خوێندنەوەم بۆهەڕەشە روو لەزیادبوونەکان سەبارەت بە ئەگەری ئەنجامدانی پەلامار دژی شوێنە خۆرئاواییەکان لەناوچەکەدا، ورده ورده باوەڕێکم لادروست بوو کە قاعیدە ئۆتۆمبیل و بارهەڵگرو بەلەم بەکاردێنێت بۆ چالاکیی خۆکوژیی. ئەی سەبارەت بە فڕۆکەی بۆمبرێژکراو؟ من لەم بارەیەوە تێبینییەکم نارد بۆ باڵیۆزمان لە (ریاز) و



پاشان بۆ باڵیۆزەکانمان لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و داوام لێکردن ئەو ترسەم بگەیەننە کاربەدەستانی وڵاتانی خانەخوێ. و وتم: ((ئەبێت کاربکەین لەپێناو دروستکردنی هاوئاهەنگیی لەنێوان ئەو وڵاتانەی میوانداریان کردووین بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەو جۆرە هەڕەشانە)).

لەهەفتەی یەکەمی مانگی ئەیلول (سێپتێمبەر)دا لەگەڵ (جۆرج تینیت) و (کریستیانا رۆکا)ی یاریدەدەری وەزیری دەرەوە خەریك بووم، تا دیدارێکم بۆ رێك بخەن لەگەڵ ژەنەراڵ (مەحمود ئەحمەد)ی بەرێوەبەری هەواڵگریی پاکستان، لەکاتی ئەو سەردانەیدا کە بڕیارە بۆ واشنتۆن ئەنجامی بدات.

زۆر مەبەستم بوو لە قوڵایی پەیوەندییەکانی نێوان پاکستان و تالیبان تێبگەم، و بۆ هەڵسەنگاندنی ئەوەی کە پاکستان یارمەتیمان بدات تا لەرێی زیاترکردنی پەیوەندیی نێوان ئاژانسەکانمان بگەینە ئوسامە بن لادن و قاعیدە.

بڕیار بوو رۆژی 10ی سێپتەمبەری 2001ی چاوم پێی بکەوێت.

رۆژی 7ی سێپتەمبەر قسەم لەگەڵ کادرانی (ئاژانسی هەواڵگریی سەنتکۆم) کرد, سەبارەت بەو رۆڵ و بەرپرسیارێتیەی پێشبینی ئەکەم بۆیان لەبواری فەرماندەییدا. و لەکۆتایی سیمینارەکەدا کچێکی گەنج بەپلەی

www.pertwk.com

عـەریف لێـی پرسـیم: ((ژەنـەراڵ چـی وات لێ ئـەكات شـەوان بێداربیت؟))

پرسـیارێكی ئـاڵۆزە. دوای چـەند سـاتێك وەڵامـم دایـەوە: ((هێرشێكی تیرۆریستیی بۆسەر سەنتەری بازرگانیی جیهانیی لـە نیویـۆرك. ئەوەیـە كـە بەدرێـژایی شـەوخەوی لەچـاوم تاراندووە)).

ئامادەبوانی هۆڵەكە بە دڵەراوكێیەوە گوێیان لـێ گرتبـووم، پاشان وتم: ((ئەگەر تیرۆریستان بەنیازبن گورزێكی گەورە لـە ئەمێریكا بوەشێنن, ئەوا من لەمۆتەكەی روودانـی پـەلامارێكی سـەربازیی ئەترسـم لـە نـاوەوەی سـنورەكانماندا، بۆیەكـەمجار لەساڵی (1860)ەوە)).

پاشـان باسـی ئاسـۆكانی بنیاتنانـەوەی دوای جـەنگی نـاوخۆمكرد، كـە قـانونی (بـۆس كۆمیتـاتۆس)ی لێكەوتـەوەو بەپێی ئەو قانونە لەهێزە سـەربازییەكان قەدەغـەكرا كەلـەناو ئـەمێریكادا لـەدەزگاكانی پۆلیسـدا كاربكـەن. ئایـا لـەكاتی روودانـی هێرشـێكی تیرۆریسـتی گـەورەدا كاربـەو قانونـە ئەكرێت؟ وتم: ((بۆیە تەنیا شتێك كـەوام لێئـەكات بەدرێـژایی شەو بێدار بم, ئەگەری بەكارهێنانی هێزە چەكدارەكانمانە دژ بەهاووڵاتیانی ئەمریكیمان. ئێمـە كارەكانی خۆمـان بەچاكیی ئـەنجام ئـەدەین, بـەڵام وا مەشـقدراوین كـە دژی دوژمنـانی بێگانە بجەنگین و ئێمە ئەفسەرو پۆلیس و سەرۆكی پۆلیس یا



(ئێف بی ئای) نین. و ئەگەر پێویست بكات لەكاتی قـەیرانێكی گـەورەی كتـوپڕی وەك پـەلاماردانی سـەنتەری بازرگـانیی جیهـانیی ئـەو ئەركـە جێبەجێبكـەین، ئـەوا لەوانەیـە كاریگەرییەكـەی لەسـەر ئـەمێریكا وێرانكـەر بێـت، چـونكە قـانونی عـورفی لەگـەڵ كۆمەڵگەیـەكی ئـازادو كـراوەدا ناگونجێت)).

**■ كۆنگرێس هـەوڵیدا دانپیانانێكمـان لێ دەربهێنێـت كـە سـەردانی كەشـتیی كـۆڵ بـۆ عـەدەن, بەشـێك بـووە لـە سیاسیەتێكی هەڵە لە مامەڵە لەگەڵ یەمەندا.**

كاتێك ئەندامانی ئەنجومەنی پیران كەوتنـە پرسـیاركردن، ئاشـكرابوو كـە هەریەكـەیان شـیكردنەوەی خـۆی هەیـە بـۆ رووداوەكان.

سـیناتۆری دەسـەڵات فـراوان (كـارل لـیڤین) سـەركردەی كەمینـەی دیموكراسـی نـاو لیژنەكـە، كۆمـەڵێك پرسـیاری سـەختی لێكـردین و ئەیویست لـەو رێیـەوە دانپیانانێكمـان لێ دەربهێنێت كە سەردانی (كۆڵ) بـۆ عـەدەن بەشـێك بـووە لـە سیاسـەتێكی هەڵـەی مامەڵـە لەگـەڵ یەمـەن. و بیانووەكـانی لەسـەر ئـەوە بنیـات نـابوو كـە ئـەو بەنـدەرە بەخانەیـەك لـە خانـەكانی تیرۆریـزم ناسـراوە، بـەڵام ئێمـە لـەلای خۆمانـەوە پابەنـدی راسـتییەكان بـووین. و گفتوگۆكـە زیـاتر دەربڕینـی دیدو بۆچوون بوو زیاتر لەوەی پرسیاركردن بێت.

www.pertwk.com

سیناتۆر لیڤین سوربوو لەسەرئەوەی دانی پیابنێم کە سیستمی ئێمە بۆ دەستنیشانکردنی مەترسییەکان درزی تیایە، بەلام من پرۆسەی بڕیاردانم بۆ شیکردەوە و باسی ئەوەم بۆکرد کە لەماوەی 10ساڵی رابردوودا کەشتییەکانی سەربە فەرماندەیی ناوەڕاست، 186جارو لە 8بەندەری سەرتاسەری ناوچەکە لەنگەریان گرتووە، و هەمووشیان بەپێی هەمان رێنمایی سەلامەتیی ئەو کارەیان کردووە. هیچ زانیارییەکیش نەبوو کە ئەو رۆژە، واتە رۆژی 12ی تشرینی یەکەم - رۆژی پەلاماردانی (کۆڵ)،لە بەندەری عەدەن پلەی مەترسیی لە رۆژانی تر زیاتر بووە.

هەرلەو بارەیەوە (بیل گێرتس)ی رۆژنامەنوس لە رۆژنامەی (واشنتۆن پۆست)دا نوسیبووی: ((راپۆرتێکی نهێنیی هەواڵگریی ئەوەی ئاشکراکردووە کە ئاژانسی ئاسایشی نەتەوەیی، هەمان رۆژی لەنگەرگرتنی کەشتی کۆڵ لە بەندەری عەدەن, ئاگادارییەکی دەرکردووە کە تیرۆریستان سەرگەرمی خۆئامادەکردنن بۆ پەلامارێك لەناوچەکەدا، کەواتە بۆچی بەتایبەت ئەورۆژە کەشتی (کۆڵ) لەنگەری گرتووە بۆ وەرگرتنی سوتەمەنی؟)) بەپێی راپۆرتەکەی (گێرتس) تیمی کەشتیی (کۆڵ) تادوای هێرشەکە ئەو ئاگادارکردنەوەیەی پێنەگەیشتووە.

راپۆرتەکە وا ئاماژە ئەدات کە کاربەدەستانی سەربازیی ئەو زانیارییەیان لای خۆیان پاراستووە. کەواتە ئەوانیش



لێپرسراوون لەمردنی دەریاوانانی سەرکەشتی کۆڵ. و ناونیشانی لاوەکی وتارەکە بریتی بوو لە: ((هەڵەکە لەخاویی گەیاندنی زانیارییەکاندایە)).

سیناتۆر (جیف سیشنز) پرسی کە ئایا ئێمە: (ئەوانەی پۆستی لێپرسراوێتیمان هەیە، ئەتوانین وەڵامی ئەوجۆرە پرسیارانە بدەینەوە؟ و هەستمان بەتەنگەتاوی کردووە لەئەنجامی ئەو زانیاریانە؟)).

کاتێك راستییەکانم بۆروون کردنەوە، کە ئاگادارییەکەی ئاژانسی ئاسایشی نەتەوەیی پەیوەندیی بە فەرماندەیی ناوەڕاستەوە نەبوو. دیاربوو بەیاخدانی لیژنەکە بە راستییەکان, کەمتر بوو لەبایەخدانیان بەبینینی ئەو تورەییەی هەندێك لەئەندامان دەریانبڕی لەو دیمەنە تەلەفزیۆنیانەی پیشانیان ئەدرا.

**■ موشەڕەف پێی وتم: هیچ رێگەیەکمان لەبەردەمدا نییە جگە لە کارکردن لەگەڵ تالیبان, هەرچەندە رقمان لە هەڵوێستی توندڕەوییانە, بەڵام ئاسایشیان هێناوە بۆ ئەفغانتسان.**

لە 9ی کانونی دووەمی 2001داو لە دوا رۆژەکانی سەردەمی ئیدارەی بیل کلنتۆندا، (دیك كلارك) لەئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەییەوە پەیوەندیی پێوەکردم، بۆگفتوگۆ

www.pertwk.com

سەبارەت بە بەدواداچوونی ئوسامە بن لادن و قاعیدە لەلایەن حکومەتەوە, و چەند ساتێك قسەی کرد بۆ ئەوەی هیچ ڕێگەیەکی گونجاوی پێبێت.

هەرچەند ساتێك لەمەوپێش (جۆرج تینیت) زانیاریی دابوومێ سەبارەت بە چالاکییەکانی ئاژانسەکە لە ئەفغانستان و ئاسیای ناوەڕاست، بەڵام بەدانبەخۆداگرتنەوە گوێم لە کلارك گرت، چونکە وتی ئیدارەی داهاتوو لەپۆستەکەی خۆیدا ئەیهێڵێتەوە لەئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی لەبواری قەڵاچۆکردنی تیرۆریزمدا.

لەرێی تەلەفۆنی پارێزراوەوە قسەمان کردو هەندێك زانیاریی هەستیار هەبوون سەبارەت بە بەرنامەی (ئۆپەراسیۆنی بریدیتۆر).

وتی: ((پرۆسەکە بەردەوامەو لەوانەیە بەم زوانە ئەنجامەکانی بەدەست بهێنین)).

ئەوەشی وت کە کارایی سەرچاوە مرۆییەکانمان باشتر ئەبن, بەڵام هێشتا فراوان و شارەزایانە نییە.

وتم: ((ئەمەش شتێکی مەزنە، ئێمە ئامادەین بۆ هاوئاهەنگیی ئامانجەکان) و هیچ کاتێك ڕێنماییەکی ئۆپەراسیۆنی, یان یەك لاپەڕە زانیاریم بەدەست نەگەیشت کە پەیوەست بێت بە کارکردن لەگەڵ (ریچارد کلارك).



نوسینگە گشتییەکانی (ڕاوەڵپەندی) کە قەڵایەکی سەردەمی حوکمی بەریتانیایەو بە بەردی کۆن بنیاتنراوە، ئارام و تاریك بوون.

ڕۆژی 19ی کانونی دووەمی 2001, سەرۆك پەروێز موشەڕەف لەنوسینگەکەی خۆی پێشوازیکردم، و بەرگی سەربازیی پۆشیبوو,ودیدارەکەمان دیداری نێوان دوو سەرباز بوو.

موشەڕەف هەستێکی سروشتیی هەبوو بەرامبەر دەستەواژەسەربازییەکان. و روونی کردەوە کە کورتەزانیارییەکەم ئەداتێ لەسەر(بارودۆخی گشتیی)وپاشان گفتوگۆئەکات لەبارەی وردەکارییەکانەوە. منیش گوێم لێڕاگرتبوو، هەروەك ئەوەی گوێبگرم لە ژەنەراڵێکی راهاتوو لەکورتکردنەوەی زانیارییە ئاڵۆزەکان.

بێگومان موشەڕەف پێشتر کەسێکی لەجۆرەبووە، پێش ئەوەی ساڵی 1999 کودەتایەکی سەربازیی دژی دەسەڵاتی گەندەڵی پاکستان ئەنجامبدات، دوای فەرماندەییکردنی چەندین یەکەی سەربازیی لە دوو جەنگی وڵاتەکەی لەگەڵ هیندستان، موشەڕەف لەئەنستیتۆ سەربازییەباڵاکانی پاکستاندا وانەی ئەوتەوە, وپسپۆڕێکی ستراتیژیی بوو. بۆیە دیدارەکەمان بوو بە وانەیەکی فراوان سەبارەت بە وڵاتەکەی و هەڵوێستی سەربازیی پاکستان، ودووپاتی کردەوە کە

www.pertwk.com

پاکستان بەگەرمیی‌لایەنگری بەدیهێنانی ئاشتییە لەناوچەکەدا، ودژی تیرۆریزم وهەمووشێوەکانی توندڕەوییە بە دەمارگیریی ئایینیی(هیندۆسی و ئیسلامیشەوە).

ئاماژەی بۆگەشەکردنی ئەمباری ئەتۆمیی پاکستان کرد و وتی: ((هیچ کاتێك بەئاراستەی دەستپێکردنی پێشبڕکێی خۆپڕچەککردن کارمان نەکردووە، و چەکەکانمان لەپێناو پاراستنی ئاشتی و ڕێزگرتنی سەروەریمانە، وچەکی بەرگرییە نەك چەکی وەشاندنی گورزی یەکەم)).

هەروەك ئەوەی بیرم بخوێنێتەوە،وتی: ((تەنیا هۆکار کە هانیداین پارە و توانایەکی زۆروزەوەند لەگەشەپێدانی چەکیبالیستیدا خەرج بکەین، ئەوزیانە بوو کە بەر هێزی ئاسمانیمان کەوت، بەهۆی ئەوگەمارۆی چەکەی ئەمێریکا سەپاندی بەسەرماندا)).

سەرم بە نیشانەی تێگەیشتن بۆ لەقاند.

پاشان ئاراستەی قسەکانی بردە سەر ئەفغانستان، و وتی: (( هیچ ڕێگەیەکمان لەبەردەمدا نییە جگەلەمامەڵەکردن لەگەڵ تاڵیبان. و ئەشتوانم دڵنیات بکەم کە ئێمەدژی هەڵوێستی توندڕەوانەی ئەوانین,بەڵام ئەوان ئارامییان بۆ ئەفغانستان هێنا,و دوای ڕۆشتنی سۆڤییەت کۆتاییان بەخوێنڕشتن هێنا. ئێمەش پێویستمان بەئارامییە، لانیکەم لەیەکێك لەسنورەکانماندا)).



نەخشەییەکی جوانی نیوە کیشوەری هیند بەدیوارەکەوە هەڵواسرابوو، و کاتێك ئەو قسەی ئەکرد من لەتۆپۆگرافیای ناوچەکەم ئەکۆڵییەوە.

هێزیسەربازیی، بەرگریی لە زەوی بەرزەوە پێخۆشە، بەڵام بەشێکی زۆری خاکی پاکستان ئەکەوێتە پێدەشتەکانی(ئەندوس)ەوە. وئەگەر هیندستان پەلاماریان بدات، هێزەکانی پاکستان ئەتوانن سەنگەر بگرن بۆ بەرگریکردن لە(ئیسلام ئاباد), و بێگومان بۆ ئەوەش پێویستیان بەپەیوەندیی باش هەیە لەگەڵ ئەفغانستان. و ئەوەش ئەو(قولایی ستراتیژیی)یە یە کەمن و(جۆرج تینیت)باسمان کردبوو.

پێم وت: ((لە هەڵکەوتە و باودۆختتان تێئەگەم)).

وتی: ((ژەنەراڵ، خۆت ئەزانیت تاڵیبان گۆشەگیرە، وهەندێك دەسەڵاتمان لەناویانداهەیە، بەڵام کۆنترۆڵمان نییە بەسەریاندا. من هەموو توانایخۆم ئەخەمەگەڕ بۆ یارمەتیدانتان، بەڵام پێویستمان بە هاوکاریی کۆمەڵی نێودەوڵەتان هەیە)). و بێگومان ئەویارمەتییەی لەبیری ئەودابوو، یارمەتی ئابووریی و سەربازیی ئەمێریکا بوو، و من بۆ پێشکەشکردنی یارمەتی لەوێنەبووم، بەڵام ئەتوانم ئەو پەیامەبگەێنمە واشنتۆن.

ئینجا ڕاستەوخۆ بابەتەکەی باسکرد: ((پاکستان ئەتوانێت لەکێشەی ئوسامەبنلادن وقاعیدەدا هاوکاربێت, و

www.pertwk.com

ئەگەرتوانیمان دەسەڵاتمان لەناو تاڵیباندا بەهێزتر بکەین، لەوانەیە بتوانین رازییان بکەین بەدەرکردنی بۆ وڵاتێکی بێلایەن، وەك دوورخستنەوە، یان بۆ دادگەیی کردنی)).

وتم: ((من لێرەم بۆگوێگرتن، ژەنەراڵ موشەرەف)).

موشەرەف بەردەوام بوولەقسەکانی، بەڵام زانیارییە یەکلاکەرەوەکان ئاڵوگۆڕکرابوون: ئەگەر یارمەتی بدەین بەدابینکردنی پێویستییەکانی پاکستان، ئەویش سەبارەت بە بنلادن و قاعیدە یارمەتیمان ئەدات.

لەکاتی گفتوگۆکەماندا ئەوە سەرنجی راکێشام،کە زۆرگونجاوە بەرگی سەربازیمان لەبەردایە، چونکە بۆ چەندین ساڵ کاربەدەست و نوێنەرانی دیپلۆماتی ئەمێریکا بەبەرگی مەدەنی فەرمییەوە ئەهاتن و بە لوتبەرزییەوە، لەگەڵ سەرکردە سیاسیی-سەربازییەکانی وەك پەرویز موشەرەف، لەبارەی مافەکانی مرۆڤ وحکومەتی دەستوورییەوە قسەیان ئەکرد.

ئاساییە منیش هەمان بڕوای ئەوانم بەو بابەتانە هەیە، بەڵام لەم قۆناغە مێژووییەدا پێویستمان بە دەستنیشانکردنی ئەرکە سەرەکییەکان هەبوو، کە راگرتنی قاعیدە یەکێکە لەگرنگترینی ئەو ئەرکانە و لەم بارەیەوە موشەرەف ئامادەبوو یارمەتیمان بدات.

سەرۆك موشەرەف تا ئۆتۆمبیلەکەی باڵیۆزخانەی ئەمێریکا بەڕێیکردم،لەسەر رێدا لە سایەی درەختێکی



کالیپتۆسدا وەستاین,و وتی: ((ئەبێت جارێکی تر بێیت بۆئەوەی یاری گۆڵف بکەین)).

وتم: ((ئەوە مایەی شادمانیمە)). ولەو رۆژەوە و لەرۆژانی داهاتوودا موشەرەف بووە دۆست و هاوپەیمان.

**■ رامسفێلد: عەرەب بەڵێنی تەماوییان داینێ و هیچیان نەکرد.**

**■ فرانکس: وەڵامی من ئەوەبوو کە ململانێی فەلەستین و ئیسرائیل رەنگدانەوەی لەسەر ناوچەکە هەیە و تائەوکاتەی ئەو کێشەیە چارەسەرئەکەین،عەرەب یارمەتیمان نادەن لەچارەسەرکردنی کێشەی سەدامدا.**

**■ ژەنەراڵ فرانکس: کەچەلەبی وتی بەئاسانی ئەتوانێت خەڵکی عێراق لەدەوری خۆیکۆبکاتەوە,بەکەسێکی ساویلکەی تێگەیشتم.**

پاش ئەوە ماوەی 10 خولەکم تەرخانکرد بۆ باسی ئاڵۆزکردنی بارودۆخەکە لەلایەن عێراقەوە دژی فڕۆکەکانی چاودێریی لەئاسمانی ناوچەکانی دژەفڕینی باکوور و باشووری عێراق,و بەرامسفێلدم راگەیاند,لەوانەیە پێویستمان بەوەبێت لەمبارەیەوە شێوازیکارکردنمان بگۆڕین,جا ئەو گۆڕینە لەژمارەی دەرچوونی فڕۆکەکانماندا بێت,یا ئەوڕێڕەوە ئاسمانییەی فڕۆکەکانمان ئەیگرنە

www.pertwk.com

بەر,ئەویش بۆ کەمکردنەوەی مەترسیی لەسەرفڕۆکەوانەکانمان.

رامسفێڵد بۆساتێك بێدەنگ بوو,پاشان بەنیگا تایبەتەکەی خۆی خاڵی لەهیچ سۆزێك چاوی تێبڕیم و وتی: ((لەوە ئەچێت ئێمەتەنیا هەرکون بکەینە ئاسمان جەنابی ژەنەراڵ. پێویستمان بەسیاسەتێکی ئاشکراودیاریکراو هەیە,چونکە سیاسەتیئێستامان دیاریکراونییە.

ئەمەویت پێشنیازی سیاسەت و شێوازێك بکەم کە ئامانجی دیاری هەبێت.سیاسەتی لەقاڵبدان(احتواء) نەیتوانی رەفتاری ئەم رێژیمە بگۆڕێت.

سەدام حسێن هێشتا تەقەلەفڕۆکەوانەکانمان ئەکات,کارێکی زۆرتان لەپێشە,ژەنەراڵ))

رامسفێڵد خەندەیەکی بۆ کرد, و ویستم وەلامی بدەمەوە,بەلام درێژەیدا بەقسەکانیو وتی: (( سزاکانی سەرعێراق رووبەڕووی شکست ئەبێتەوە. عەرەب بەڵێنی تەماوییان داینیو هیچیان نەکرد.ئێستا تەنیا ئێمەو بریتانیا لەناوهاوپەیمانێتیی جەنگیکەنداودا ماوینەتەوە,و ئەمەش ناکرێت بۆهەتاهەتایە بەردەوام بێت)).

رامسفێڵد بەکراوەیی قسەی کرد و منیش بەهەمان شێوە.و پێم وت: ((ململانێی نێوان فەلەستین و ئیسرائیل شوێنەواری خۆی لەسەر هەموو شتێکی ناوچەکە بەجێدێڵێت و



راپەڕین(الانتفاضة)رۆژانە و لەهەمووشوێنێك لەهەموودەزگەکانی راگەیاندندایە)).

پێشم وت: ((تائەوکاتەی ئەم کێشەیە چارەسەر نەکەین,ئەوا عەرەب یارمەتیمان نادەن لەچارەسەرکردنی کێشەیسەدام حسێندا)).

گفتوگۆی نێوانمان 2سەعاتی خایاندو زۆرکراوەبوو,و باسی هەندێك شتی چاوەڕوان نەکراویشمان کرد.

لەکاتی دانانی پلانی(1003- فی)دا,باسی قۆناغی چوارەممان کرد,کەناومان نابوو(رۆژیدوایی),و مەزەندەی ئەوەمانکردبوو کەئەتوانین لەسەر نمونەی ئەڵمانیا و ژاپۆنی دوای جەنگی جیهانیی دووەم,عێراق بنیات بنێینەوە. و هەموو ئەو خاڵە پۆزەتیف و نێگەتیڤانەشمان رەچاوکرد کە پێشنیازکرابوون لەلایەن ئەفسەرانی هێزەکانی زەمینیی و ئاسمانیی و دەریایی,و فەرماندە سەربازییەکانی بریتانیا کە پێشتر لەگەڵ سەرۆك خێڵەکانی عێراق کاریانکردبوو.

لەوەشمان کۆڵییەوە کەتاچەند ئەتوانین حکومەتێك لەعێراقدا بێبینە سەرکار کەلەگەڵ پشتیوانییەکی نێودەوڵەتان,هاوشێوەی حکومەتەکەی(حەمید کەرەزای)بێت لە ئەفغانستان.لەگەڵ رەچاوکردنی ئامانجی سەرەکیی سیاسەتەکەمان کە هاوکاریکردنە لەپێکهێنانی حکومەتێك کەنوێنەرایەتی گەلیعێراق بکات,ئەوا پێویست ئەبێت

www.pertwk.com

لەنزیکترین کاتدا,بەرێوەبەرێتییەکی سڤیل(مدنی) لەسەرتاسەری عێراقدا پێکبهێنین.

پرسیارەکان بریتی بوون لە:

– ئەوماوەیە چەندە کە پێویستە حوکمی سەربازیی لەعێراقدا هەبێت؟

– بە چ خێراییەك عێراقییەکان ئەگەنە ئەوەی توانای خۆبەڕێوەبردنیان ببێت؟

– سیمای(دەسەڵاتی هاوپەیمان) چۆن ئەبێت؟

ئەمانە چەند پرسیارێکی سەخت بوون,و هیچ بەرچاو روونیەکی ئامادە نەبوو بۆ وەڵامدانەوەیان,چونکە لەلایەکەوە هێزەکانی هاوپەیمان لەوێن,لەلایەکی ترەوە قانونی حوکمی عورفی,کەلەوانەیە پێویست بکات بۆچەند ساڵێك پسەپێنرێت لەپێناو چەسپاندنی ئاسایشدا, و پاشان ئەشێت عێراقییەکان بتوانن راستەخۆ وڵاتەکەیان بەڕێوەبەرن. لەوانەیە پێشوازیی ئازادکردنیان بکەن و بەپەلەخۆیان رێکبخەنەوە بۆبەڕێوەبردنی وڵاتەکەیان بەبێ یارمەتی هێزەکانی هاوپەیمان.

تاووتوێکردنی ئەو هەمووبابەتە چەندین سەعات و چەندین رۆژ گفتوگۆی پێویست بوو لە نێوان پلاندانەرانی فەرماندەیی ناوەڕاست و کاربەدەستانی واشنتۆندا. وئەگەر بشێت سەرۆکێك دابنرێت کەمایەی پەسەندی هەمووان بێت



وەك(حەمیدکەرەزای)لەئەفغانستان,ئەوا ئەشکرێت حکومەتێکی کاتیی بۆماوەیەکیکورت پێکبهێنرێت.و نوێنەرانی پارتە گەورە و بچووکەکان بەشداریی تیا بکەن,و عێراق ببێتە نمونەیەك بۆ هەردوو جیهانی عەرەب و ئیسلامیی. بەڵام پرسیارەکە ئەوەبوو کە ئەوکەسەی هەموان بەدڵیان بێت,لەکوێبدۆزینەوە؟

زۆرکەس لەواشنتۆن (ئەحمەدچەلەبی)یان بەوکەسە ئەزانی.

چەلەبی لەساڵی( 1998)دا,و لەماوەی پەسەندکردنی(قانونی ئازادکردنی عێراق)لەلایەن کۆنگرێس و ئیمزاکردنی لەلایەن(بیل کلنتۆن)ەوە,ناوبانگی دەرکردبوو.

بەپێی قانونەکە: ((سیاسەتی ئەمێریکا هەوڵدانە بۆ لەناوبردنی رژێمی سەدام حسێن لەعێراق و گۆڕینی بە حکومەتێکی دیموکراسی)).

قانونەکە رێنمایی دابوو بەسەرۆك کە یەك یاچەندرێکخراوێکی ئۆپۆزسیۆنی عێراق دەستنیشان بکات بۆیارمەتیدانیان.

(کۆنگرەی نیشتمانیی عێراق)بەسەرکردایەتی(ئەحمەد چەلەبی),کەبەشێوەیەکی سەرەکی پێکهاتبوو لە کەسانی دوورخراوەی دژ بەسەدام,رێبەرێتیی ئەو کۆمەڵانەی ئەکرد.بەڵام چەندین کۆمەڵی تر هەبوون کەدژایەتییان

www.pertwk.com

ئەكرد,چ لەناو وەزارەتی دەرەوە و چ لەناو ئاژانسی هەواڵگریی ئەمێریكادا.وئاماژەیان بەمامەڵە دراوییە گومانلێكراوەكانی ئەكرد,لەماوەیچەند ساڵێكدا لەخۆرهەلاتی ناوەڕاست, گومانیشیان هەبوو كەگوایە پەیوەندیی پتەوی هەبێت لەناوعێراقدا وەك خۆی بانگەشەی بۆئەكات,بەتایبەت كە ئەوزیاترلە30 ساڵە لەو وڵاتەدا نەژیاوە.

چەلەبیش,هەروەك چەندین سەركردەی دوورخراوەی كۆچبەر,لەبابەتی سەركردەكانی رووسیای سپی لەپاریس لە سالانی بیستی سەدەی بیستەم و دیگۆلییەكانی فەرەنسا لەبریتانیا لەكاتیجەنگی جیهانیی دووەمدا,ئەمیش گرفتاری هەمان كێشە بوو,كە رادەی دڵسۆزیی بۆئازادكردنی نیشتمان هەرچەندێك بێت,بەلام بەردەوام دوورە لەپێداویستییەكانی بەدیهێنانی ئەو ئامانجە.

من كەیەكەم جار چاوم بەچەلەبی كەوت,لەكاتێكدا دڵسۆزییەكەی كاریتێكردم, هاوكات توشی نائومێدیی بووم لەوەی ئەو بەئاشكرا خۆی بەشتێكی گرنگ ئەزانی,و بەئاشكرا رایئەگەیاند كەئەو بەئاسانی ئەتوانێت خەڵكی عێراق لەدەوری خۆی كۆبكاتەوە.

لەوانەیە ئەو پیاوێكی زۆر باش بێت,بەلام چاك ئەزانم كە لەعێراقدا توشی چ چەرمەسەرییەك بووە, بەشێوەیەك كە بەكەسێكی ساویلكەی تێئەگەم.



جگەلەوەش زۆرلەسەركردەكانی ناوچەكە دژی چەلەبی بوون,لەبەر ئەوەی كەسێتییەكی دوورە لە واقیعی عێراق,و ناتوانێت لایەنە عێراقی و ئایینییەكان یەكبخات.

لەواشنتۆنیش هێڵەكانی شەڕەكە دەستنیشانكرابوو,لەگەڵ نەبوونی (كەرەزای)یەكی عێراقی,مشتومڕی نێوان هەردوو وەزارەتی دەرەوە و بەرگریی بەردەوام بوو,و لەهەمانكاتدا ئەمێریكا زۆر لەجەنگ نزیك بووبووەوە,وئەبوو بەزوویی سەركردایەتی تازەی عێراق دەستنیشانبكرێت, تەنانەت ئەوكاتەی سەرگەرمی ئازادكردنی عێراقین,لەوانەیە ژەنراڵێكی عێراقی,یا كەسێتییەك لەناودەستبژێری خوێندەواری عێراقدا سەرهەڵبدات.

سەرەڕای ئەوەش و چەند لەبایەخی ئەم بابەتەكەمبكرێتەوە,بەلام هەرپێویستمان بەدەسەلاتێكی كاتیی هەیە.

www.pertwk.com

■ پلانمان دانا بۆرێنمایی کردنی حکومەتی کاتیی عێراق,بۆپێکهێنانی هێزێکی سەربازیی و ئاسایش لە سوپای دۆڕاوی عێراق

■ ئامانجمان بەکارهێنانیان بوو لەگەڵ هێزەکانی هاوپەیمان,بۆرێگرتن لەپێکادانی نێوان خێڵ و ڕەگەزە جیاوازەکان.

پاشنیوەڕۆی ڕۆژی پێنجشەممە 23 ی کانوونی دووەمی2003 چاومکەوت بە(عەبدوڵای دووەم)شای‌ئوردون,لەماڵەکەی خۆیدا لەعەمان.

لەودیدارەدا شاعەبدوڵا پێی وتم: ((بەڕێز ژەنراڵ,... بەپێی سەرچاوەی باوەڕپێکراوی هەواڵگریی,پێم وایە عێراقییەکان چەکی کیمیایی و بایۆلۆژییان شاردووەتەوە)).

لەراستید ئوردونییەکان سەرچاوەی باوەڕپێکراویان هەبوو لەناوعێراقدا. و منیش بڕوام بەئوردون و بەمەزندەکانی شاعەبدوڵاش هەبوو, و زانیارییەکانی سەرچاوەکانیان بۆمن شتێکی کتوپڕنەبوو.

لەماوەی12ساڵی رابردوودا چەندین شەوورۆژم بەنیگەرانی بەسەربردبوو سەبارەت بەچەکە کۆکوژەکانی سەدام حسێن، و شوێنەواری ئەوچەکانە لەسەرهێزەکانمان و لەسەر ئەمێریکا.



سوپاسی شا عەبدوڵام کرد و کۆشکەکەیم بەجێهێشت و چووم بۆئوتێل و یەکسەر چوومە ژووری پەیوەندییەکان تائەو زانیارییانە بدەم بە(دۆناڵد رامسفێڵد)ی وەزیری بەرگریی.

دوای4رۆژ لەودیدارە و ڕۆژی دووشەممەی 27ی‌کانونی دووەم,بەفڕۆکە بەرەو (کریت)ئەچووین تا سوتەمەنی وەرگرین و بڕۆین بۆ پاکستان. هاوئاهەنگکەری گەشتەکە,کۆلۆنێل(مانی چیفز)دەستی خستە سەرشانم و وتی: ((خێرایی با لە ناوچەی (کەنداوی سودا) بواری نیشتنەوە نادات,و لەوانەیە ناچار بین رووبکەینە قاهیرە و لەوێ بنشینەوە)).

یەکەم شتی هات بەمێشکمدا ئەوەبوو کە چوونی رانەگەیەنراومان بۆ میسر,لەوانەیە ببێتە مایەی نیگەرانی لەباڵیۆزخانەکەمان لەقاهیرە, ولەوانەیە نوسینگەی سەرۆك موبارەکیش نیگەران بکات.

بەڵام سەرئەنجام روومانکردە قاهیرە.

سەرۆك موبارەك وەك هەمیشە دۆستانەبوو,بەڵام بەئاشکرا نیگەران بوو لەئالۆزییەکانی عێراق و ئەوهێزانەی مۆڵمان ئەدا.

موبارەك خۆی بەلای مندا خوارکردەوە و بەئینگلیزییەکی ڕەوان چرپاندی‌بەگوێمدا: (( ژەنەراڵ فرانکس, پێویستە زۆر بەئاگابیت. ئێمەقسەمان لەگەڵ سەدام حسێن کردووە.پیاوێکی

www.pertwk.com

شێتە, و چەکی کیمیایی و کۆمەڵکوژی هەیە و لەدژی هێزەکانتان بەکاریدێنێت)).

دوای سەعاتێك و لەژووری پەیوەندییەکانی باڵیۆزخانەوە ئەم پەیامەم گەیاندە رامسفێڵد.

هاوشێوەی دۆخی ئەفغانستان, ئەمزانی لە عێراقیش یارمەتییە مرۆییەکان وبنیاتنانەوە پەیوەستن بەئاسایشەوە,و هەرلەدوای کۆتاییهاتنی ئۆپەراسیۆنە سەرەکییەکان,ئەمکارە لەپێشەوەی ئەرکە سەرەکییەکانماندا ئەبێت.

ئامانجی پلانەکانمان رێنماییکردنی حکومەتی کاتیی عێراق بوو بۆپێکهێنانی هێزی سەربازیی و ئاسایش لەئەندامانی سوپای تێکشکاوی عێراق. ئەم هێزانەش شانبەشانی هێزەکانی هاوپەیمان کارئەکەن لەپێناو سەپاندنی قانون و پێشگرتن لەپێکادانی نێوان تایەفە و نەژادەجیاوازەکانی عێراق.

هەروەك ئەفغانستان, کەهاوپەیمانی باکوور و لایەنەکانی (پشتۆن)ی دژبە رێژیمی تاڵیبان,پێکەوە سوپای نیشتمانیی ئەفغانستانیان پێکهێنا.

بنیاتنانەوەش بریتیی ئەبێت لەکۆمەڵێك پرۆژەی گشتیی, هاوشێوەی ئەوپرۆژانەی ناونرابوون(رێکەوتننامەی تازە).

ئەم پرۆژانە پێویستیان بە خستنەکاری ژمارەیەکی زۆری عێراقییەکان هەیە, بەمەبەستی دروستکردنی توانایەکی



گەورە بۆبنیاتنانی(عێراقی نویێ), بەهاوکاریی هێزی رێژیمەکانی عەرەبزمان(ولاتانی عەرەب),کە یارمەتی هێزەکانی هاوپەیمان ئەدەن و گۆڕەپانی بنیاتنانەوەش سەرتاسەری عێراق ئەبێت.

جگولەوەش خێزاندارەکان کارو موچەی پێویستیان ئەبێت بۆدابینکردنی گوزەرانی خێزانەکانیان و ناردنی منالەکانیان بۆخوێندن,لەجیاتی ئەوەی کاریان پێبکەن.

هەروەها قسەی یەکلاکەرەوەش بۆدیاریکردنی ئایندەی عێراقی ئازاد بەدەست عێراقییەکان خۆیانەوە ئەبێت.

لەم بوارەشدا (قۆناغی چوارەم) قۆناغێکی یەکلاکەرەوە ئەبێت.

چونکە دوای هاتنەدی سەرکەوتنی سەربازیی, ئەبێت بەدیهێنانی ئاشتیی مسۆگەربکەین.چەسپاندنی ئاشتیش ئاسان نابێت لەولاتێکدا کەبۆماوەی زیاتر لە (30)ساڵ لەژێردەسەلاتی سەدام حسێندا کۆنترۆڵکراوە و چەندین قەسابخانەی مرۆیی بەخۆوە دیوە.

لەعێراقدا درزی قووڵ هەیە لەنێوان سونە وشیعە,کورد و عەرەب,دەوڵەمەند و هەژاراندا، جگە لەململانێی نێوان خێڵەکان. چارەی هەموو ئەوکێشانەش بەخێرایی ناکرێت و لەوانەیە چەندین ساڵی بوێت, وبەنرخێکی گرانیش تەواوبێت,بەتایبەت لەبواری داراییدا ولەوانەشە زیانی مرۆییشی بوێت.

www.pertwk.com

لەوکاتەدا سەیری رۆژنامەکان و کەناڵەکانی تەلەفزیۆنم ئەکرد و باسی ئەوەیان ئەکرد کەلەوانەیە وەك (ماك ئارثەری عێراق)کاربکەم,سەرگەرمی تاووتوێکردنی خاڵە باش و خراپەکانی ئەم داگیرکردنە بووم: چاککردنی باری ئاسایش............ لەژێر کۆنترۆڵی هێزێکی داگیرکەری سەرکوتکەردا, کەلەمەودای کورتدا کاریگەرییەکەی باشتربکرێت........ لەمەودای دووردا بەرەو وابەستەیی ئەچێت......... باشکردنی توانای دابەشکردنی بودجەی بنیاتنانەوە...... لەگەڵ کەمکردنەوەی توانای بەدەستهێنانی بودجەیەکی لەوجۆرە لەکۆنگرێسی ئەمێریکاو کۆمەڵی نێودەوڵەتییەوە, نەمتوانی چارەیەکی زیرەکانە بۆئەو کێشە ئاڵۆزە بدۆزمەوە.

هەمیشە کۆنترۆڵی سڤیلیانەی حکومەت بەهایەکی ئەمێریکایی بووە, بەڵام چۆن ئەتوانین لەعێراقدا بە پەیرەوکردنی ئەم بەها بەرجەستەیەی ئەمێریکا پێشکەوتن بەدیبهێنین؟ ئەمە کێشەکەبوو.

بەهەرحاڵ, یەك شت بێگومان بوو,ئەویش: ڤۆناغی چوارەم پێویستی بەفەرماندەییەکی سڤیل هەیە. و جگە لەسەربازەکانمان,پێویستمان بەسەدان, بگرە هەزاران کەسی سڤیلی ئەمێریکایی و نێودەوڵەتیی هەیە, هەرلەراوێژکارانی حکومەتییەوە تا بەگەرخەرانی پارە. و بێگومان دەروازەی



هەموو ئەم شتانەش, ئاساییشە. بەڵام ئاساییشیش لەعێراقدا مەحاڵ ئەبێت بەبێ رێوشوێن و چالاکیی سڤیلی.

**■ سەرۆك لەکۆشکی سپی، داوای نوێژی بەپیتیی لێکردین......**

رۆژی 7ی شوباتی 2001،من و ئەندامانی تری فەرماندەیی دەستەی ئەرکانی هاوبەش چاومان کەوت بە دۆناڵد رامسفێڵدی وەزیری نوێی بەرگریی.

وەزیری بەرگریی کەچاکەتێکی شیکی تۆخ و بۆینباخێکی سوری پۆشیبوو, دۆستانە نوسینگە تازەکەی پیشاندایین. و لەژێر چاویلکەکەیەوە چاودێریی ئەکردین و وتی: ((نوسینگەکە چۆڵە,هێشتا سەرگەرمی داگرتنی کەلوپەلەکانین)). چەند باوەڵێك لەگۆشەیەکی ژوورەکەدا دانرابوون.

وەزیری بەرگریی چاوی لێمبوو کەتەماشای مێزێکی بەرزی خوێندنەوەم ئەکرد.چەندین وێنەی ئەمجۆرە مێزەم بینیبوو,ودێتەوە یادم (جۆن کیندی)یش مێزێکی لەوجۆرەی بەکارئەهێنا.

وەزیر وتی: (( هەست ئەکەم مرۆڤ کەبەپێوە ئەبێت چاکتربیرئەکاتەوە. ومن هەوڵئەدەم رۆژانە چەندی بتوانم پیادەرەویی بکەم,وپێشم وایە هاتوومەتە خانوویەکەوە بۆئەمکارە زۆرگونجاوە)).بەبایەخەوە گوێمان لەقسەکانی گرتبوو.

www.pertwk.com

رامسفێڵد وەك كەسێتییەكی نائاسایی و بیریارێكی داهێنەرناسراوە, و دەستەواژەی(لەدەرەوەی‌ئاقار), ئەو دەستەواژەیەیە كەزۆر كەس بۆباسكردنی رامسفێڵد بەكاریدێنن،جا بەچاكە باسی بكەن یا بەخراپە.

تائێستا دیداری یەكترناسینەكەمان پەیڕەوی ئەم میتۆدە ئەكات: وەزیری بەرگریی هیچ كارنامەیەكی بۆگفتوگۆكردن ئامادەنەكردووە. و وەك زۆرلەهاوكارەكانم, هەوڵێكی زۆرماندا,و تادرەنگانی شەو سەرقاڵی ئامادەكردنی بابەتەگرنگەكان بووین پێش یەكەم كۆبوونەوەمان لەگەڵ وەزیر.

من خۆم ئامادەكردبوو بۆ قسەكردن سەبارەت بەناوچەی دژەفڕین لەعێراق،هەڕەشە تیرۆریستییەكان لەناوچەكەدا، و پۆستی فەرماندەیی گەڕۆك كەفەرماندەیی ناوەڕاست ئامادەی كردبوو. بەڵام پێئەچوو دۆناڵدرامسفێڵد لەم یەكەم دیدارەدا پێی‌خۆشنەبێت لەبارەی كارەوە قسەبكەین. جڵەوی گفتوگۆكەی گرتبووە دەست. و هەرچەندە بەنەرمی,بەڵام زۆر بەباوەڕبەخۆبوونەوە قسەی ئەكرد.

بەوهەستەوە لەكۆبوونەوەكە هاتمەدەرەوە كەلەگەڵ كەسێك دانیشتووم زیاتر لەوەی ئێمە ئەمانەوێت لەبارەی ئەوەوە بزانین,مەبەستییەتی فەرماندە سەربازییەكانی ئەمریكا بناسێت.



كاتێكیش لەگەڵ ئەندامانی تری فەرماندەیی هاوبەش و فەرماندەی هێزەكان بە ئۆتۆبوس(پاس)بەرەو كۆشكی سپی بەڕێوەبووین,ئەوەم هات بەبیردا كە رامسفێڵد ئەزانێت چی ئەوێت.

بەڕێوەبووین بۆدیداری سەرۆك (جۆرج دەبلیو بوش)و ئەندامانی تری ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمێریكا. و كەچووینە ژووری ئەنجومەنی وەزیرانەوە, زەینم لای ئەو ڕووداوە مێژووییانەبوو كە لێرەدا ڕوویانداوە.

لە چوارچێوەی ئەم دیوارە تەختەبەندانەدا,هەریەك لە(براهام لینكۆڵن) و (تیدی رۆزفڵت) و (ۆدرۆ ویڵسن) و (فرانكلین رۆزفڵت) و (جۆن كیندی) چەندین بڕیاریانداوە سەبارەت بەئاشتیی جیهانیی و ململانێ نێودەوڵەتییەكان.

سەرم سوڕمابوو لەمامەڵەی دۆستانەی كارمەندانی ئەوشوێنە لەگەڵمان.

من پێشتر و لەسەردەمی (كلنتۆن)دا نە بانگهێشتكراوم و نەسەردانی كۆشكی سپیم كردووە، بەڵام هاوكارانم بۆیان باسكردبووم كەچەند ساردوسڕ بووە لەگەڵ ئەفسەرانی سوپا.و ئەگەر ئەو قسانە لەشوێنی خۆیاندا بن,كەواتە ئەمە كۆشكێكی سپی جیاوازە.

سەرۆك بوش لەوەی پێشبینیم كربوو گەنجتر دیاربوو.بە گورجوگۆڵیی بەرەو مێزەكە هات و تەوقەی لەگەڵ هەموومان كرد.

بوش بەخەندەوە پێی وتم: (( ژەنەراڵ, ئەبێت وێنەی ئەم دیمەنە بگرین. خوا ئەزانێت کەی جارێکی تر ئەمە دووبارە ئەبێتەوەکە دوو رۆڵەی(میدلاند)ی ویلایەتی(تەکساس) بگەنە ئەم پلەو پایەیە)).

لەوەڵامدا وتم: (( جەنابی سەرۆك,مـن هەندێکجار گومانم هەبوو کەبگەمە پلەی مولازمی دووەمیش)).

دوای ئەوەی دانیشتین، (دیك چینی) جێگری سەرۆك و (کۆنداليزا رایس)راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی و (ئەندرۆ کارد)ی سەرۆکی دەستەی کارمەندانی کۆشکی سپی هاتنە لامان.

سەرەتا رامسفێڵد وتەیەکی بەخێرهاتنی پێشکەشکرد, پاشان هەریەك لەفەرماندەکان باسێکی سەبارەت بەلێپرسراوێتیی خۆی پێشکەشکرد. و کەمن کەوتمە باسکردنی فەرماندەیی ناوەڕاست و ناوچەی بەرپرسیارێتیم,بێدەنگی باڵیکێشا بەسەر ژووری ئەنجومەنی وەزیراندا. و سەرۆك زۆربەوردی و بەبایەخەوەگوێی گرتبوو. و سەبارەت بەئاستی هێزەکان و کەسێتییەکانی فەرماندەیی لەناوچەکەدا پرسیاری لێکردم.

دوای ئەوە هاوسەرەکانمان هاتنەلامان بۆ بەشداریکردن لەوئاهەنگی پێشوازی و ئێوارەخوانەدا کەلەهۆڵی(شین)ی کۆشکی سپی سازکرابوو. و کاتێك من و (کاسی)هاوسەرم



لەگەڵ دۆستە دێرینەکانمان و (کۆندی رایس) و (دیك چینی)ی جێگری سەرۆك دەمەتەقێمان ئەکرد، بوش هاتە لامان و رووی قسەی کردە من و وتی: (( چوار ئەستێرە! ئای خوایە، رۆڵەکەی میدلاند سەرکەوتنێکی باشی بەدەستهێناوە)).

بەخەندەوە سەیرێکی ژوورەکەم کرد و وتم: (( جەنابی سەرۆك، دوو رۆڵەی میدلاند سەرکەوتنی باشیان بەدەست هێناوە)).

کەئامادەی دانیشتن بووین لەدەوری مێزی نانخواردنەکە، وبوش تەقەی لەپەرداخێکی شوشەیی هەڵساند و وتی: ((تکایە لەگەڵ مندا خۆتان نەوی بکەن)).

کاتێك نوێژی بەپیتیی ئەخوێندەوە، رەوانیی و سادەیی نوێژەکە سەرنجی راکێشام.

ئەو شەوە هەستم بەشادمانی کرد کەپیاوێکی باوەڕدار لەکۆشکی سپیدایە.

- **چیرۆکی ئەو هەوڵە ستراتیژییەی خستبوومانە گەڕ بۆ کلاوکردنە سەر رژێمی سەدام.**
- **بەسەرهاتی سیخوڕی دووسەرە(درۆی نیسان).**

سەرەنجام ناوی ئۆپەراسیۆنەکەمان دیاریکرد و بەفەرمیی ناونرا ( ئۆپەراسیۆنی ئازادیی عێراق). بڕیارەکە بڕیاری سەرۆك بوو. و منیش لام پەسەند بوو.

www.pertwk.com

ئامانجی ئەم ئۆپەراسیۆنە نە داگیرکردن بوو، نە نەوت، بەڵکو ئازادکردنی 26 ملیۆن عێراقی و ئازادیی جیهان بوو لەمەترسیی ئەوەی چەکەکۆمەڵکوژەکان بکەوێتە دەست تیرۆریستان.

ژمارەی هێزەکانی هاوپەیمان کەلەپێناو بردنەوەی ئەم جەنگەدا کۆکرابوونەوە گەیشتبووە (290000 – دوسەد و نەوەد هەزار)سەرباز و ئەندامی هێزەکانی ئاسمانی و دەریایی و گاردی کەنار و هێزی تایبەتی ئەمێریکا و بریتانیا و ئوستراليا و ئەوروپا. کە پێکهاتبوون لەژنان و پیاوانی (23) وڵات.

هاوپەیمانانیشمان لەناوچەی کەنداوی عەرەب، پێگەی جموجووڵیان بۆ دابین کردبووین، هەر لەبنکەی ئاسمانی و بەندەر و ئاسایشی دەریایی، تا پاراستنی هێڵە دورو درێژەکانی لۆجستی و فریاگوزاریی پشتی بەرە.

لەگەڵ گەڵاڵە بوونی ئامادەکارییەکان بەشێوەیەکی گشتیی، چەند هەزار سەربازێکی هێزی تایبەت، کە زۆربەیان بەشدارییان کردبوو لەئۆپەراسیۆنەکانی ئەفغانستاندا، چوونە پاڵ هێزەکانی تایبەتی بریتانیا و ئوستراليا لە پێگەکانی ناوچەکەدا و ئامادەبوون بۆ هێرشبردنە سەر خۆرئاوای عێراق.



ئەشێت گەر بڵێین(ئازادیی عێراق) گەورەترین پرۆسەی مۆڵدان و بڵاوکردنەوەی هێزە لەمێژوودا.

یەکەمین ئەرك کەبڕیار بوو دوای کەمتر لە 4 سەعات دەستپێبکات، تەرخانکرابوو بۆ وێرانکردنی خاڵەکانی چاودێریی دوژمن بەدرێژایی سنووری خۆرئاوای عێراق.

ئەبوو هێزەکانی تایبەت لەرێی بەکارهێنانی تیشکی لەیزەرەوە، جێگەی قەڵاگەورە بەردینەکان و تاوەرە ئاسنینە بچووکەکان دەستنیشان بکەن.

بڕیارماندا، فڕۆکەکانی جۆری (AH – LITTLE BIRDS – 6 و(M H – 60) بەکاربهێنین بۆ تێکشکاندنی بەرگرییەکان، لەگەڵ بۆمب هاوێژ و موشەکی( هێل فایەر) و بۆمبی(500 پاوەن) بۆوێرانکردنی بنکەکانی چاودێریی.

بەمەزەندەی خۆمان ئەم زەبرانە لەرۆژانی داهاتوودا رۆڵی یەکلاکەرەوەیان ئەبێت، چونکە پێمانوابوو ئەبێتە هۆی کوێربوونی دوژمن. و بەلەناوبردنی تواناکانی چاودێریی عێراق، سەدان سەربازی هێزی تایبەت ئەتوانن بە هێلیکۆپتەر و ئۆتۆمبیلی سەربازیی، بەشەو لەسنورەکانی خۆرئاواوە خۆیان بکەن بە عێراقدا، بۆ دەستبەسەرداگرتنی بنکەکانی موشەك، ئەگەر هەبن، بەتایبەت موشەکی بەناوبانگی (سکۆد)، جگە لە دەستبەرکردنی چەند فڕگەیەك لەبیابانی خۆرئاوای عێراق.

www.pertwk.com

هەرچەندە توانای هەواڵگریی عێراق لەباشترین دۆخیدا مامناوەندییە، بەڵام هەر لەماوەی تەنیا چەند سەعاتێکدا،پێی ئەزانن کەهێزەکانمان بەکردەوە سنوری عێراق و ئوردنیان بڕیوە.

چەند رۆژێك لەوەوبەر و لەدواکۆبوونەوەماندا، بە(گاری هاریل) و (دیل دیلی)م راگەیاند کەئەمەوێت کارییگەرییەکی ئاشکرا و دیارهەبێت.

پێموتن: (( نیازم وایە سەرەتا دەستبگرین بەسەر ئەو (19) تاوەرەی رووبەڕووی ئوردندا، پاش ئەوە بەچەندسەعاتێك ئەو (24) تاوەرەی چاودێریی سەرسنوری سعودییە تێکبشکێنین)).

جموجووڵ و چالاکییەکانی هێزی تایبەت لەخۆرئاوای عێراق تەنیا سەرەتای قۆناغی یەکەمی (ئۆپەراسیۆنی ئازادیی عێراق ) نەبوو، بەڵکو بەشێك بوو لەپلانێکی ئاڵۆز بەمەبەستی هەڵخەڵەتاندنی دوژمن.

لەماوەی چەندین مانگی رابردوودا لەهەوڵێکی ستراتیژیی بەردەوامدا بووین بۆ سەرلێشێواندنی رژێمی سەدام حسێن، و سەبارەت بە ئاڵۆزیی و هەستیاریی فێڵەکەمان، تەنیا چەند کەسێکی کەم لەناو حکومەتی ئەمێریکادا ئاگایان لێی بوو.

توخمی گرنگی هەموو ئەم پلانە کەسێك بوو ناومان لێنابوو (درۆی‌نیسان)، کەئەفسەرێکی سوپای ئەمێریکا بوو، و



ئەفسەرێکی (بەڕێوەبەرێتیی سیخوڕیی دەرەکیی) عێراق کە بۆشوێنەونیی لەبواری دیپلۆماتیدا کاری ئەکرد، پەیوەندیی کردبوو بەو ئەفسەرەی ئێمەوە.

ئەفسەرەکەی عێراق کە بە (کۆلۆنێل) ئاماژەمان بۆ ئەکرد، بەحسابی خۆی توانیبووی (درۆی نیسان) وەك سیخوڕێکی دووسەرە بەگەڕبخات.

دوای چەند سەعاتێك لەم هەنگاوەی ئەفسەرە عێراقییەکە، ئەفسەرەکەی خۆمان بەبێ‌ئاگاداریی هەواڵگریی فەرماندەییەکەی خۆی، بابەتەکەی بەئێمە راگەیاندبوو.

پاش دوو رۆژ چاومکەوت بە (جیف کیمۆنز) ی بەڕێوەبەری هەواڵگریی و پێی وتم: (( ئەتوانین کاربکەینە سەر جموجووڵی عێراق)).

کیمۆنز وتی: (( هێشتا نازانین ئەو ئەفسەرەی هەواڵگریی عێراق تاچەند دێتە پێشەوە )). بەڵام ئاماژەی بەوە کرد کەئێمە درۆی نیسان ئەهێڵینەوە کاری لەگەڵبکات تابزانین تاکوێ ئەڕوات.

منیش داواملێکرد لەپەیوەندیی بەردەوامدا بێت لەگەڵ ئەوکەسانەی مامەڵە ئەکەن لەگەڵ (درۆی نیسان) و لەگۆڕانکارییەکان ئاگادارم بکاتەوە.

پاش ماوەیەکی کورت (درۆی نیسان) زنجیرەیەك دیداری نهێنیی ئەنجامدا لەگەڵ (کۆلۆنێل)، و چەندین نەخشەی کۆن

و پاشكۆی پلانی(1003)ی پێفرۆشتبوو، كەهەموو بەڵگەنامەكان لێیان نوسرابوو (زۆر نهێنی).

(كۆلۆنێل) لەبەرامبەر هەر یەك لەوبەڵگەنامانەدا، چەندین هەزار دۆلاری دابوو بە (درۆی نیسان). لەكۆتایی هەردیدارێكی نهێنیشدا بە(كۆلۆنێل)ی ئەوت كەئەتوانێت بەڵگەنامەی هەستیاری زیاتری بۆ بهێنێت،تایبەت بەپلانی جەنگیی فەرماندەیی ناوەڕاست.

لەماوەی چەند هەفتەیەكی نێوان كۆتایی ساڵی(2002) و سەرەتای ساڵی(2003)دا، (درۆی نیسان) توانیبووی زانیاریی ئۆپەراسیۆنیی چڕوپڕ بە(كۆلۆنیل) بفرۆشێت، كەهەمووی لەزانیاریی ڕاست و دروست ئەچوون، بەڵام زۆربەی لەلایەن شانەیەكی تایبەت بەهەڵخەڵەتاندنی ڕێژیمی عێراق، لەناو فەرماندەیی ناوەڕاستدا، ئامادە كرابوو.

ئەو چیرۆكەی لەم ڕێگەیەوە ئەماندایە لایەنی عێراقیی، بریتیبوو لە: (( هاوپەیمانان بەنیازن تەنیا بەشێك لەهێزەكانی زەمینیان لەكوەیت مۆڵ بدەن، لەكاتێكدا خۆیان ئامادە ئەكەن بۆ هێرشێكی ئاسمانیی سەرەكیی بۆ سەر باكووری عێراق، لەسەرووی تكریتەوە تا چاڵەنەوتەكانی دەوروبەری شاری كەركوك، بەبەشداریی هێزێكی هێرشبەری بە هەلیكۆپتەر گواستراوە بۆ پشتیوانی هێزەكانی پەڕەشوت.و هەر لەگەڵ دابینكردنی چەند فڕگەیەك، فڕۆكەكانی جۆری



(C-17) تانك و زرێپۆشی جۆری(برادلی) ئەگوێزنەوە بۆئەو هێزانە.

دواتریش هێزەكانی سەر بەتیپی چواری پیادە، كەحكومەتی توركیا ڕێیان پێئەدات بەناوخاكی توركیادا تێپەڕبن، بەرەو باشوور و ڕووەو بەغدا پێشڕەویی ئەكەن)).

مەبەستمان لەكارەكەی(درۆی نیسان) ئەوەبوو گومان لای سەركردایەتیی عێراق دروست بكەین، سەبارەت بەكات و شوێن و قەبارەی ئەوهێزانەی هاوپەیمان كەهێرش ئەكەن.

هەربۆیە ئەگەر ئەم پلانەی سەرلێشێواندن سەربگرێت، ئەوا سەدام حسێن بەشی زۆری(13) تیپە سەربازییەكەی لەباكووری بەغدا دێڵێتەوە بۆبەرگریی بەرامبەر تیپی چواری زرێپۆش،تا ئیتر كاتی بەدەستەوە نامێنێت كەبەكاریان بهێنێت بۆ پێشگیریی لەهێرشی سەرەكیی هاوپەیمانان لەكوەیتەوە.

پێش كەمترلەدوو هەفتە لە دەستپێكردنی (ئۆپەراسیۆنی ئازادیی عێراق)، پەیوەندیی نێوان (درۆی نیسان) و (كۆلۆنێل) گەیشتە لوتكە، كاتێك زانیاریی ورد و چڕوپڕی دایە سەبارەت بەناوچەی دابەزاندنی تیپی(82)ی بەفڕۆكەگواستراوە لەنزیك تكریت و كەركوك.

تا(19)ی مارس نەمئەزانی كەئایا فێڵەكەمان سەریگرتووە یا نا؟ بەڵام زانیاریی تەواوم هەبوو لەبارەی ئەنجامی

www.pertwk.com

چالاكییەكانی چاودێرییەوە. كە سەرەڕای مۆڵدانی هێزێكی گەورە لەكوەیت، كەچی هێزەكانی گاردی كۆماریی و هێزەكانی سەربەتیپەكانی سوپای عێراق، جموجووڵێكی گەورەیان نەكرد لە شوێنەكانی خۆیان لەباكووری عێراق. چونكە دیاربوو چاوەڕێی هێرشێكن لەباكوورەوە كەهەرگیز روونادات.

**■ بۆمێژوو: ئەمویست هێزەدۆڕاوەكانی عێراق لەیەكەی یەكگرتوودا بێڵمەوە بەفەرماندەیی ئەفسەرەكانی خۆیان و موچەكانیان بدەمێ.**

بۆچوونەكەی من سادە و بەكورتی بریتی بوو لە: ئەوكاتەی ئێمە لەفەرماندەیی ناوەڕاست پلانی جەنگیی جێبەجێئەكەین، ئەبێت واشنتۆن سەرگەرمی مەسەلەسیاسییەكان بێت.زۆر شت هەبوو كەپێویست بوو پێوەی سەرقاڵ بین،هەربۆیە من لەچەند شتێك نیگەران بووم:

- میكانیزمێكی كردنی بۆبەرنامەیەكی هاندان بەمەبەستی بەدەستهێنانی زانیاریی سەبارەت بەچەكەكۆكوژەكان و ئەوفەرماندانەی رێژیم كەخۆیان حەشارداوە.

- پلانێكی كردنی سیاسی سەبارەت بەبەخشینی پارە بە یەكەسەربازییەكانی عێراق،كەبتوانن یەكسەرە هاوكاریمان



بكەن، ولەگەڵ هاوپەیمانان كاربكەن لەپرۆسەی بنیتنانەوەی عێراقدا.

- ئەمویست هێزەشكستخواردووەكانی دوژمن لەیەكەی یەكگرتوودا بهێڵینەوە، بەفەرماندەیی ئەفسەرەكانیان، و موچەكانیان بدرێتێ لەشێوەی یارمەتی مرۆیی خۆراك و پارەدا.

- ئامادەكردنی لیستێك(لیستی رەش)لەوكەسانەی گومانیان لێئەكرێت تاوانباری جەنگن و دیاریكردنی باری قانونییان.

بۆیە ئەو خاڵانە بەرای من بەشێك بوون لەوئەركە ستراتیژییانەی كەئەبوو ئەمێریكا رووبەڕوویان بێتەوە.

بەشێك لەنیگەرانییەكەی من ئەگەڕایەوە بۆ مێژووی ئەمدواییەی ئەمێریكا لەگەڵ جەنگدا. چونكە لەسەردەمی جەنگی ڤێتنامدا، (رۆبەرت مەكنەمارا) و ئەفسەرەكانی ئامانجەكانیان دیاریئەكرد بۆ بۆردومانكردن و بڕیاریان ئەدا سەبارەت بەمانۆڕی یەكەسەربازییەكان. ئەمە لەعێراق روونادات.

ئەمزانی كە سەرۆك و دۆن رامسفێڵد پشتیوانیم ئەكەن، بۆیە هەستم بەئازادیی ئەكرد لەگەیاندنی ئەم پەیامە بەدەستەی بیرۆكراسییەكانی پشت ئەوان، بە دێڕێك كە كورتەكەی بریتی بوولە: ئێوە بایەخ بدەن بەرۆژی دوای

www.pertwk.com

کۆتایی هاتنی جەنگ، واز لەمنیش بێنن بایەخ بدەم بەخودی جەنگەکە.

خوا چاکترین فەرماندەیی پێبەخشیوم، لەگەڵ چاکتریت ستافی جەنگاوەر،کە بشێت هەر ژەنەراڵێکی چوار ئەستێرە(بەرزترین پلەی سەربازییە لەناو سوپای ئەمێریکادا)بە ئاواتی بخوازێت و بەدەستی بێنێت. ودڵنیابووم کەئەو هەڵمەتەی بەمزوانە دەست پێئەکات ئەبێتە هۆی تێکشکاندنی دوژمن بەخێراییەکی مێژوویی.

واشنتۆن پێویستی بەئامادەکاریی بوو بۆداگیرکردن و بنیاتنانەوە، چونکە لەوانەیە چالاکییە جەنگییەکان خێراتر لەپێشبینیی هەرکەسێك کۆتاییان بێت. من و رامسفێڵدیش لەکۆبوونەوەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەییدا ئاماژەماندابوو بەئەگەری(سەرکەوتنێکی کارەساتبار).

**■ چۆن نەمانهێشت رژێمی عێراق چاڵە نەوتەکان وێران بکات؟**

لەگەڵ(گرینچ)چاومان خشاند بە دوادەی هێرشەکەدا کە(جین رینوار) بە پەیامی فاکسی کۆدکراو(مجفر) ناردبووی بۆمان. ولەبەشی سەرەوەی لاپەڕەکەدا بەهێڵێك چوار رۆژی یەکەمی ئۆپەراسیۆنەکە روونکرابووەوە:



رۆژی دابەزاندنی هێزەکان و رۆژی یەکەم و رۆژی دووەم و رۆژی سێیەم،کەهەر رۆژێك سەعات (12) ی نیوەشەو بەکاتی عێراق دەستپێئەکات، چالاکییە جەنگییەکان سەعات (9)ی شەوی (19 یمارسی 2003) دەستپێئەکات.

بەوردیی سەیری ئەم دواکۆپییەم کرد،چونکە گۆڕانکاریی کرابوو لەرەشنووسی ئەو خشتەی کاتەی سەرەتای ئەم هەفتەیە ناردبووم بۆ دۆناڵد رامسفێڵد.

ئامانجەکانی(19)ی مارس هێشتا بریتییە لەوێرانکردنی بنکە و تاوەرەکانی چاودێریی لە خۆرئاوای عێراق و ناردنە ناوەوەی هێزی تایبەت، لەکاتێکدا رۆژی دواتر واتە(20 یمارس)، پرۆسەی چاودێریی ئاسمانیی رێگەکان و کێڵگەکانی مین و چاودێریی زەمینیی هێڵەکانی هێرشبردن بەرەو باشووری عێراق، لەسەعات 8ی ئێوارەی هەمان رۆژدا، دەستپێئەکات.

وادەی دووسەعاتیش هێزی تایبەت کەچەند تیمێکی کۆماندۆی سوپای (پۆلاند)یان لەگەڵە،کێڵگەکانی گازی دەریایی و نەوت و وێستگەی سەرەکیی بارکردنی نەوت هەڵگرەکان لە(فاو) لەسەرسنووری عێراق – ئێران لەسەرەوەی کەنداوی عەرەب کۆنترۆڵ ئەکەن.

کاتی ئەنجامدانی هەموو ئەم چالاکییانە گۆڕانیان بەسەردا هاتووە. بەڵام بڕیاردراوە هێرشی زەمینیی سەرەکیی

هێزەکانی هاوپەیمان، سەعات 6ی بەیانیی ڕۆژی هەینی(21یمارس) دەستپێبکات، و لەجیاتی پەڕینەوە لەسنوور لەهەندێك شوێنی دیاریکراوەوە لەبەرەبەیاندا، وئەنجامدانی هەندێك ئۆپەراسیۆنی مانۆڕئاسا بەدوایدا، بڕیاردرابوو کەهێرشەکە شەوی پێشتر لەلایەن چەند یەکەیەکی سوپا و هێزی ماێنز و هێزی چاودێریی زەمینییەوە ئەنجام بدرێت.

بەهۆی هەندێك زانیاریی هەوالگریی کەپێش 12 سەعات بەدەستم گەیشت و نەئەکرا پشتگوێیان بخەم،گۆڕانکارییەکم لەکاتەکەدا کرد. چونکە سەرلەبەیانی ئەو ڕۆژە و لەکاتێکدا خۆم ئامادە کردبوو کەبارەگەی سەرەکیی فەرماندەیی بەرەو سعودییە بەجێبهێڵم بۆ دیداری (باز موسلا)، (جیف کیمۆنز)بەخۆی و چەند لێکۆڵەرێکەوە خۆیان کرد بەژووری بەدواداچوونی ئۆپەراسیۆنەکاندا. و پێیڕاگەیاندم کەزانیاریی گرنگی پێیە.

بەدرێژایی چەندین هەفتە سەرقاڵی چاودێریی چاڵەنەوتەکانی باشووری عێراق بووین،بۆ بینینی هەر هەوڵێکی ڕێژیمی عێراق، بۆ وێرانکردنی کۆمەڵگەی چاڵەنەوتەکانی(ڕومێلە).

جیف وێنەیەکی پیشاندام کەمانگی دەستکردی چاودێریی گرتبووی، دیاربوو کەئاگر لە 6 بیری نەوت بەردرابوو.



جیف وتی: (( بەرزیی گڕی ئاگرەکە گەیشتووەتە (300 پێ))، بەلام دووپاتی کردەوە کەهێشتا دڵنیانین لەوەی کێشەیەکی گەورە ڕوویدابێت.

جیف ئەوەشی پێڕاگەیاندم کە بەپێی ئەو ڕاپۆرتانەی لەسەرکردە شیعەکانی ناوچەکەوە بەدەستیان گەیشتووە، فارگۆنەکانی هێڵی ئاسن بە تەقەمەنیی بارکراون و بەرەو(ڕومێلە) بەڕێوەن.

ژمارەی ئەو بیرانەی لەکێڵگەی(ڕومێلە)دا نەوتیان لێدەرئەهێنرێت(454) بیرن بەدرێژایی ئەو بیابانە، لەگەڵ(609)بیری یەدەك. و ئەم کێڵگەیە ئایندەی گەلی عێراقە، و وێرانکردنی، بێگومان ئەبێتە کۆسپ لەبەردەم پرۆسەی هاتنە دەرەوەی وڵات لەشوێنەواری دەیان ساڵ پێشێلکاریی ڕێژیمی دیکتاتۆریی بەعس.

هەرگیز دیمەنی کارەساتباری سوتانی بیرەنەوتەکانی کوەیتم بیرناچێتەوە کەساڵی (1991) هێزەکانی عێراق لەگەڵ پاشەکشەیان ودەرکردنیان لەکوەیت گڕیان تێبەردان.

بەپێیزانیارییە هەوالگرییەکان عێراقییەکان تادڵنیانەبن لەوەی جەنگ دەستی پێکردووە، پەنا نابەنە بەر وێرانکاریی(گەورە).

www.pertwk.com

ئەونیشانە مسۆگەرەی کەعێراقییەکان لەمبارەیەوە پێشبینی ئەکەن، دەستپێکردنی هێرشی ئاسمانیی فراوانە، هاوشێوەی ئۆپەراسیۆنی(گەردەلولی بیابان)ی ساڵی(1991), ئەو هێرشەی کەدەزگاکانی راگەیاندن وا باسی ئەکەن کە(بێگومان ئەکەوێتە پێش هێرشی زەمینییەوە).

وتم: ((جیف، ئەگەر ئەوە خراپترینی سیناریۆکان بێت، وکێڵگەکانی نەوتیان بۆمبڕێژکردبێت بۆ تەقاندنەوە، چەند کاتمان پێویستە بۆرزگارکردنی بیرەکان؟)).

جیف وتی: ((لەوانەیە 48 سەعات ژەنەراڵ، ئەم ناوچەیە زۆرفراوانە. بەڵام ئەگەر عێراقییەکان بەڕاستیان بێت، ئەوا کەدەستیان پێکرد، ئەتوانن زیانی گەورە بگەیێنن)).

بۆ رۆژی دووەم، مسۆگەرکردنی سەلامەتیی کێڵگەی (رومێلە), ئامانجی یەکەمی ژەنەراڵ(جیم کۆنوای)بوو.

لەخۆمم پرسی: ((ئایا هێزەکانی مارێنز ئەتوانن بەکەمتر لەوکاتە ئەرکەکە جێبەجێ بکەن؟))

رزگارکردنی نەوتی عێراق، ژێرخانی سەرەکیی ئاو کەپشتیوانیی بواری کشتوکاڵیی وڵات ئەکات، گۆتکردنی بەعسییە توندڕەوەکان، ئامانجی سەرەکیی هەڵمەتەکە بوو.

لەڕێی تەلەفۆنی کۆنگرە بەپەلەکانەوە،پەیوەندیم کرد بە(جیف)و لێکۆڵەرەوەکانی و (دیف ماکیرنان)ەوە.



چەند مانگێك بوو داوای جۆرێك لە نەرمیی(مرونە)م ئەکرد، ئێستا ئەتوانم بزانم کەئایا ئەو داوایەم هیچ ئەنجامێکی هەبووە؟

وتم: (( دەیڤید، ئەزانم دیمەنەکانی چاودێریی کێڵگەی (رومێلە)ت بینیوە. چاکترین گریمانە ئەوەیە کەکاتمان کەمە. ئایا ئەشێت هێزەکانی مارێنزی بەردەستی(جیم کۆنوای) رۆژێك پێشتر دەستبەکاربن؟))

وتی: ((گەورەم لەشتە ئەکۆڵینەوە. وئەگەر جێبەجێکردنی شیاو بێت، ئەوا هێزەکانی مارێنز ئەنجامی ئەدەن)).

(ماکیرنان)ئەفسەرێکی زرێپۆشی بەئەزمون بوو. ولەکاتی ئۆپەراسیۆنی(گەردەلولی بیابان)دا پلەکەی (لیفتنانت کۆلۆنێل)بوو، و فەرماندەی تەکتیکیی فەیلەقی حەوتەم بوو، و هاوئاهەنگکەری چالاکییەکانی(6) تیپی ئەمریکایی و بریتانیایی بوو. پیاوێکی زیرەك و کۆڵنەدەر و نەترس بوو. وهاوڕێ و ئەفسەرێکی نمونەییش بوو بۆفەرماندەیی هێزە زەمینییەکانی هاوپەیمانان.

پێموت: ((سوپاس.وەك پێشبینیم ئەکرد، وادەرچوویت)).

کەبەرێوەبووم بەرەو فڕۆکەیەکی(سبار – 6)تا بچم بۆسعودیە بۆ دانوستاندن لەگەڵ ژەنەراڵ(باز موسلا),پێش ئەوەی لەپاشنیوەڕۆی هەمان رۆژەدا کۆنگرەیەکی ڤیدۆیی

www.pertwk.com

لەگەڵ سەرۆك ببەستین، هات بەمێشکمدا کەئەمڕۆ، ڕۆژێکی سەخت ئەبێت.

کەدابەزیم (باز)لەبەر دەرگەی فڕۆکەکەدا پێشوازیی کردم. پێموت: (( ئەوپەڵە رووتاوەیەی تەپڵی سەرت زیاتر بووە لەوەی لەهەفتەی رابردوودا بینیم)).

(موسلا)خەندەیەك گرتی و کەوتینە چاوخشاندنەوە بەخشتەی ئۆپەراسیۆنی فەرماندەیی هێزەهاوبەشەکاندا، بۆچالاکییە ئاسمانییەکان، کەپێکهاتبوو لە 3 قۆڵی چاودێریی سەربەهێزی ئاسمانیی و 6 قۆڵی سەر بەهێزی دەریایی لەسەرکەشتییەکانی فڕۆکەهەڵگر لەکەنداو و دەریای ناوەڕاست.

بڕیار وابوو چالاکییەکانی ڕۆژی یەکەم لەسەعات 9ی شەوی(21 ی مارس)دا دەستپێبکات. و وەك پێشبینیم کردبوو، گەلێك هۆکاری تێکرژاو لەچالاکییە ئاسمانییەکانی ئۆپەراسیۆنەکەدا هەبوو، وەك دەمکوتکردنی بەرگرییەکانی دوژمن، تەرخانکردنی فڕۆکە بۆپرۆسەی بەدواداگەڕان و رزگارکردن، دابینکردنی فڕۆکەی سوتەمەنیی هەڵگر بۆ وەرگرتنەوەی سوتەمەنی وگۆڕینی کاتی دەرچوون.

کە بە(باز)م راگەیاند داوام لە(دیڤ کیرنان)کردووە لەئەگەری گواستنەوەی زووتری هێزەکانی مارێنز بۆ کێڵگەکانی نەوت بکۆڵێتەوە، بۆساتێك بیریکردەوە و وتی:



((سەرۆك، گەربمانەوێت ئەتوانین کاتەکە پێشبخەین، لەوانەیە گرفتی تیابێت، بەڵام ئەتوانین. ئەگەر داوای بۆچوونی سەربازیی من ئەکەیت، پێموایە پێویستە پابەندی وادەی بڕیارلێدراوبین سەبارەت بەچالاکییە ئاسمانییە سەرەکییەکان. بەمەش ئەتوانین پشتیوانییەکی بەهێز پێشکەشی هێزەکانی دەیڤید بکەین، زیاتر لەوەی خۆشیان چاوەڕێی بوون لەکاتی هێرشەکەیاندا. بەڵام لەبەرامبەردا پێویستە ئامانجە ستراتیژییەکان بۆدوای دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنەکە دوابخەین)).

سەرنجێکی(باز)م دا، و بیرمکردەوە، بەخۆمم وت ئەمە چاکترین پیاوی زیندووی ناو هێزی ئاسمانییە، هاوڕێمە و بڕوایەکی کوێرانەشم پێیەتی. و ئەگەر وتی ئەتوانین ئەو کارە پێش ڕۆژی یەکەمی دیاریکراو جێبەجێبکەین و ئامانجەکانمان بەدیبهێنین، ئەوا جێبەجێی ئەکەین.

وتم: ((باز، هەوڵئەدەین زووتر ئۆپەراسیۆنە زەمینییەکان دەستپێبکەین)).

وتی: (( ئەتوانین لەپێناو بەدیهێنانی ئەو کارەدا یارمەتیدەر بین)).

لەوێوە بڕیارماندا چالاکییە ئاسمانییەکان لەکاتی دیاریکراوی خۆیاندا، سەعات 9 یشەوی(21 ی مارس) دەسپێبکات. و ئەگەر(دەیڤید ماکیرنان) و (جیف کۆنوای)

بتوانن ئەمكارە جێبەجێبكەن، ئەوا هێزەكانی زەمینیی پێش پلانەكە ئەكەون و لەكاتی گونجاودا ئەگەنە كێڵگەكانی رومێلە و رزگاری ئەكەن.

بەمەش ئەو بڕیارانە گەلاڵە بوون كەچەندرۆژێك بوو پێشبینیمان كردبوو، هێزەكانی زەمینیی (24سەعات) پێش دەستپێكردنی هێرشی ئاسمانیی دەستبەكار ئەبن.

لەماوەی چەندین مانگی پلاندانانـدا بەردەوام ماوەی تەرخانكراو بۆ هێرشی ئاسمانیی ڕێخۆشكەر بۆ هێرشی زەمینیی كەمئەكرایەوە.

پێش دوومانگ، كاتی دیایكراو(16)هەڵمەتی بۆردومانی ئاسمانیی بوو بەشەوورۆژ(بۆئامادەكردنی زەمینەی شەڕەكە)، پێش ئەوەی هێزەكانی زرێپۆش لەسنوور بپەڕنەوە. وپاشان وامان پێباشبوو كە كاتێك جەنگاوەرانی(بازموسلا) شەویهەینیی(21 ی مارس)گورزێكی ئاسمانیی كوشندە لەرژێیم ئەوەشێنن لەبەغدا، ئەوكاتە تانكەكانی جۆری(ئەبرامز)و زرێپۆشەكانی جۆری(برادلی)گەیشتبنە قولایی عێراق.

**■بەسەرهاتی تەواوی هەوڵی تیرۆر كردنی سەدام و هەردوو كوڕەكەی لەكێڵگەكانی دۆرە.**



ئێوارەی رۆژی سێشەممە كاتێك لەگەڵ(جیف كیمۆنز) و (جین رینوار)لەدەوری مێزێك دانیشتبووین, راپۆرتێك و چەند وێنەیەكی دیجیتاڵیان دامێ كەلەئاسمانەوە گیرابوون.

كیمۆنز و رینوار پێیان وتم: (( زانیاریی هەواڵگریی سەرنجراكێشمان لەناو بەغداوە پێگەیشتووە)). و دووپاتیان كردەوە كە: ((سەرچاوەكانی ئاژانسی هەواڵگریی ئەمێریكا ئەڵێن، لەوانەیە بتوانن شوێنی كۆبوونەوەیەكی سبەی یا دووسبەی سەدام حسێن لەگەڵ هەردوو كوڕەكەی دەستنیشان بكەن)).

سەبارەت بەرادەی راستگۆیی ئەوقسانە پرسیارم لە كیمۆنز و رینوار كرد،ئەوان باسی سەرچاوەكەیان كرد كە باوەڕپێكراوە، بەلام شوێنی كۆبوونەوەكە تا ئەو ساتە نەزانرابوو.

ئەم زانیارییانە لەدوو سیخوڕی جێباوەڕەوە گەیشتووە و لەتۆڕێكدا كار ئەكەن كە تازە (CIA) لەناو پایتەختی عێراقدا دروستی كردووە.

پێموتن: ((ئێمە ئەگەر بتوانین شوێنی ئەو كۆبوونەوەیە دیاریبكەین، بێگومان ئەتوانین دوای ئەو(ئامانجە گرنگانە)بكەوین. و لەوانەشە ئەم هەنگاوە ببێتە گورزێك و سەری رژێیمی عێراق بپەڕێنێت.چونكە كوژرانی سەدام حسێن و دوو كوڕەكەی، رژێیمی عێراق ئیفلیج ئەكات. كە كوڕەكانی

www.pertwk.com

وەك دوو شوێنگرەوەی شەرعیی وان. جگە لەوەش پۆستی سەربازیی کاریگەرییان بەدەستەوەیە)).

قوسەی سەدام حسێن، کوڕە بچووکەکەی سەدام، فەرماندەی گاردی کۆماریی تایبەت و دەزگەی ئاسایشی تایبەت و یەکە شەڕکەرەکانی گاردی کۆماریی بوو.

بەڵام عودەی کوڕەگەورەی، ترسناك و سەرکوتکەر بوو بەشێوازی تایبەتی خۆی، و فەرماندەی هێزەکانی(فیدایی سەدام) بوو، کەهێزێکی نانیزامییە و ژمارەی چەکدارەکانی نزیکەی(40000) کەسە.

زانیارییەکەی(CIA) گرنگ بوو، بەڵام بەبێ دەستنیشانکردنی ئەو شوێنەی بڕیاربوو کۆبوونەوەکەی تیابکرێت، هیچمان لەدەست نەئەهات. هەر چەندە(رینوار)وتی: ((سەرچاوەکانی(سی ئای ئەی)ئێستاکار لەسەر زانینی شوێنی کۆبوونەوەکە ئەکەن)).

بەهێزترینی ئەگەرەکان ئەوەبوو کەکۆبوونەوەکە لە ناو کەمپێکی باشووری بەغدا بەناوی(کێڵگەکانی دۆرە)ئەنجام بدرێت کە هی(ساجیدە)ی ژنیسەدامە.

سەیری ئەو وێنانەی کەمپەکەم کرد کەمانگە دەستکردەکان گرتبوویان، وبریتی بوو لەڤێلایەکی کەشخە وچەندین پارکی ئۆتۆمبیل و چەند خانوویەکی ئاسایی لەدەوری کەمپەکە.



بۆم روونکردنەوە کە کێشەکە ئەوەیە ئەو دەرفەتەی دراوەتە سەدام حسێن و کوڕەکانی تا عێراق جێبهێڵن، سەعات4 ی بەرەبەیانی دووسبەی تەواوئەبێت، پێشم وتن کە سەرۆك بوش 48 سەعاتی دەرفەت داوە بەسەدام بۆجێهێشتنی عێراق، و من بوش چاك ئەناسم. فەرمانی تەقاندنی یەك فیشەك نادات تا ئەو کاتەی بۆ سەدام و کوڕەکانی دیاریکراوە بەسەرنەچێت.

ڕێنماییم دەرکرد بۆ دابەستنی موشەکەکانی(تۆماهۆك) لەسەر سەکۆکانی هاویشتن، و دەستنیشانکردنی ئەو ئامانجە و چەندین ئامانجی تر. سەرنجی هاوکارەکانیشم بۆئەوە راکێشا کەچاوەڕێی هیچ ڕێنماییەکی زەبروەشاندن نەبن تا دەرفەتەدیاریکراوەکە بەسەرنەچێت. لەبەشی دیاریکراویش بۆلێدوان سەبارەت بەو ئامانجەی لەوانەیە لەم هێرشەدا بەدیبهێنین، نوسیم: ((پەڕاندنی سەری رێژیم)).

ئەمە ئێوارەی سێشەممە روویدا، و تاشەوی چوارشەممە، واتە رۆژی دابەزاندنەکە، زانیارییە هەواڵگرییەکان سەبارەت بەکێڵگەکانی دۆرە هێشتا دیاریکراو نەبوون بەشێوەیەك کەبواری هەنگاونانمان لەوبارەیەوە بۆ برەخسێنێت، بۆیە گەڕامەوە بەلای چاودێریکردنی ئۆپەراسیۆنە تایبەتەکان کە بەردەوام بوون.

www.pertwk.com

دەنگی زەنگی دوگمە سورەکە وەك فیشەکێك رایپەڕاندم.

لەوبەری هێڵەکەوە(دیك مایەرز)قسەی ئەکرد و لێی پرسیم: ((تۆم، من لەکۆشکی سپیم لەگەڵ سەرۆك و رامسفێڵدی وەزیر و جۆرج تینیت. ئایا ئاگات لەدەرکەوتنی ئامانجەکەی کێڵگەکانی دۆرە هەیە؟))

لەوکاتەدا شەکەت بووم، بەڵام تەواو بێداربووم.

مایەرز وتی: ((دوێنێ شەو لەوبارەیەوە دەستبەکاربووین..........ئایا ئەتوانن ئەمشەو گورزێك لەو ئامانجە بسرەوێنن؟))

بە(دیك مایەرز)م وت: ((موشەکەکانی تۆماهۆك ئامادەن و لەگەڵ(جین رینوار) و (تیم کیتینگ)ی فەرماندەی کەشتییەکان قسە ئەکەم سەبارەت بەپرۆسەی تەقاندنی موشەکەکان و کاتی هەستانی فڕۆکەکان)).

دووپاتیشم کردەوە کە هیچ کێشەیەك لەوبارەیەوە نابینم، و پرسیارم لێکرد سەبارەت بە رادەی جێباوەڕیی ئەو زانیارییانە لەسەر کۆبوونەوەکەی دۆرە.

وەڵامی(دیك مایەرز)ئەوە بووکە بەرای(جۆرج تینیت)سەرچاوەی زانیارییەکە باشە.

بەڵێنم بە مایەرز دا کەبەزووترین کات وەڵامی لێبگێڕمەوە و پەیوەندییەکەمان کۆتایی هات.



(جین رینوار) و (تیم کیتینگ) لەماوەی کەمترلە سەعاتێکدا پرۆسەی دابەستنی موشەکەکانیان تەواوکرد، سەرپەرشتیی ئامادەکردنی(24)موشەکی تۆماهۆکیان کرد کەئاڕاستەکرابوون بۆ کۆمەڵگەی کێڵگەکانی دۆرە و (16)بنکەی فەرماندەیی رێژیمی عێراق لەناو بەغدادا.

بایەخی ئامانجەکانی تری ئەم موشەکبارانە دوولایەنە بوو. لەلایەکەوە خۆمان نیازمان وایە لەرۆژی یەکەمدا زەبر لەو ئامانجانە بوەشێنین، و لەلایەکی ترەوە موشەکبارانی چەندین شوێنی تر لەو کاتەدا لەوانەیە ببێتە شوێنەونیی بۆئەو کەسانەی زانیارییان داوینەتێ لەبارەی کێڵگەکانی دۆرەوە.

دوای ئەوەی چاوێکم بەئامانجەکاندا خشاند، (دیك مایەرز)دووبارە تەلەفونی بۆکردمەوە و وتی: (( زانیاریی نوێمان لەبارەی کێڵگەکانی دۆرەوە لەسەرچاوەیەکەوە پێگەیشتووە. شوێنەکە بنکەی پتەوی سەربازیی و حەشارگەیەکی قەڵائاسای تیایە کەلەوانەیە موشەکی(تۆماهۆك)نەتوانێت ئەرکەکە بەچاکی جێبەجێبکات.

پرسیاری لێکردم سەبارەت بەتوانای گرتنە بەری شێوازێکی تر بۆ وەشاندنی گورزەکە بەشێوەیەکی چاك.

وەڵامم دایەوە: ((بواری ترمان نییە چونکە هەردووکمان ئەزانین کەتەنیا فڕۆکەی جەنگیی جۆری (ستیلس – خێو)ی

www.pertwk.com

بۆمبهاوێژ ئەتوانێت ئامانجی لەجۆرە لەنزیك بەغدا بۆردومان بكات، پێش ئەوەی بەرگریی ئاسمانیی شارەكە وێران بكەین)).

فڕۆكەی (ستیلس—F-117 )لەسەر رادار دەرناكەوێت و ئەگەر زۆربەرزیش بفڕێت لەزەوییەوە بەچاو نابینرێت.

بەپێی دۆخی كەش و هەوا، پێشبینی ئەكرا خۆر سەعات شەش و 9خولەك بەكاتی عێراق لە سەر بەغدا هەڵبێت، بەڵام یەكەم رووناكیی دوای بەرەبەیان پێش ئەوە بە نزیكەی نیو سەعات دەرئەكەوێت، كەواتە ئەگەر فڕۆكەی (F-117) مان بەكارهێنا, ئەبێت ئەوپەڕی لەسەعات 5,30 خولەكی بەیانیدا لەمەودای موشەكە دژە فڕۆكەكانی عێراق دووركەوتبێتەوە.

بە(دیك)م وت: ((لەگەڵ باز لەهەڵوێستەكە ئەكۆڵینەوە)). كەچی باز بەشێوەیەك كەلێی چاوەڕوان نەئەكرا وتی: ((لێی ئەكۆڵینەوە)).

لەم نێوانەدا باز تەلەفۆنێكی بۆ كردم و وتی: (( ژەنەراڵ, ئەوەی دەستمان كەوتووە ئەمەیە: فڕۆكەی (F-117)ی جۆری(نایتهۆك) و بۆمب. بۆمبەكانیش(200 پاوەن)ن كەناسراون بە(حەشارگە وێرانكەر)، و فڕۆكەوانەكانمان لەبنكەی ئاسمانیی(عیدید)ن. من ئێستا تەنیا هێندەم لەسەرە كەهەموویان پێكەوە كۆبكەمەوە، و پلان بۆكارەكە دانێین و پێش خۆرهەڵاتن بفڕن بەرەو بەغدا)).



بەخەندەوە پێموت: (( تەواوە باز)).

بیرم بەخێرایی ئەهات و ئەچوو, هەروەك ئەو كاتەی(11ی سێپتەمبەر)لەسەربانی هۆتێل(كایدۆن) وەستابووم. و وتم: ((ئەگەری سەركەوتنی هێرشەكە بە یەك فڕۆكە چەندە؟))

باز بەبێدوودڵی وتی: ((یەك فڕۆكە نیوەی چانسی سەركەوتنمان ئەداتێ)).

جارێكی تریش پێش ئەوەی هیچ بڵێم بیرمكردەوە. من بەگشتیی كەسێكی گەشبینم، بەڵام ئەمڕۆ ئەگەری شكست لەئارادایە. پرسیم: ((چی پێویستە بۆ سەركەوتنی **100**٪؟- كەواتە دوو فڕۆكە؟))

باز وتی: (( ژەنەراڵ، رێژەی سەركەوتنت ئەبێت بە **100**٪)).

وتم: (( دووفڕۆكە – باز، كارەكە جێبەجێ بكە)).

باز وتی: ((دوو فڕۆكەی جۆری نایتهۆك بەرێوەن، سەرۆك)).

جین باسی گرفتێكی تری كرد: ((بۆردومانكردنی بارەگەی فەرماندەیی كاردانەوەی توندی بەدوادا دێت، تەنانەت ئەگەر ئەو هیچوپوچانەشمان كوشت)).

وتم: (( جیف، بە بەرێوەبەری هەواڵگریی دەستەی ئەركانی هاوبەشم وتووە. باباشتر ئەو ئامانجانە زیادانە دیاریبكەین كەموشەكی (تۆماهۆك)یان ئاراستە ئەكەین، و

www.pertwk.com

ئەگەر بۆردومانی دۆرەمان کرد دیارە ئەشمانەوێت زیانی قورس لەهێزەکانی ئاسایش و هەوالگریی ڕێژیمی عێراق بدەین)).

تەلەفۆنی راستەوخۆی کۆشکی سپیم بەدەستەوە بوو کاتێك(گرینیچ) خۆی کرد بەژووردا و وتی: (( گەورەم، سەرۆکی ئەرکان لەکۆشکی سپییەوە هەوڵ ئەدات پەیوەندیت پێوە بکات)).

کەوتینە قسە و وتم: (( من لێرەم دیك. هەوڵ ئەدەین زەلاتەی مریشك لە ریقنە دروست بکەین)).

– ((لێمان توورە مەبە, تۆم)).

– ((دیك, من لەتۆ توورە نابم. تۆ برامیت)).

– ((راستەوخۆ لەگەڵ فەرماندەی هێزی ئاسمانیی ئێوە قسەمکرد. هەوڵمدا یەکەمجار پەیوەندیی بە خۆتەوە بکەم, بەلام لەسەر تەلەفۆن سەقاڵ بوویت. ئەشزانیت لە کاتێکی سەختداین.......)).

– ((کێشە نییە,دیك)).

ئەو فاکسەی ناردبووم بۆ(وۆلفۆیتز) کاری خۆی کردبوو. ئەمویست کارمەندانی بەشی خۆرهەلات و ناو نوسینگەی وەزیری بەرگریی لەبەر پێمدا لابەرن, هەرچەندە(دیك مایەرز)کەسێکی خۆهەڵقورتێن نەبوو، و لەوشوێنەدا پشتیوانم بوو.



پرسیم: ((باز چۆن هەڵسوکەوت ئەکات؟))

– ((هەوڵ ئەدات ئەرکەکە سەرکەوتوو بێت. تائێستا شتەکان باش دیارنین)).

– ((بەڵێ. دوو فڕۆکەی (F-117) و چەند ئامانجێکی تریش ئەخەینە لیستی موشەکەکانی تۆماهۆکەوە)).

– ((تۆم، بەلام من پێویستم بەکاتێکی ورد و دیاریکراو هەیە. ئەمانەوێت ئەو ئامانجانە بۆردومان بکەین. بەلام سەرۆك نایەوێت لەپێناوی هیچدا دوو فڕۆکەوان لەدەست بدەین)).

– ((دیك، بۆردومانی ئامانجەکان نابێت لەسەعات 5,30خولەکی بەیانی تێپەڕبکات، بەمەرجێك دەرچوونی فڕۆکەکان لەبنکەی(عیدید) لەسەعات 3,30خولەك دوانەکەوێت.

گەشتەکە لەگەڵ وەرگرتنەوەی سوتەمەنیی لەئاسماندا دوو سەعاتی پێئەچێت. و بۆ ئەوەی فڕۆکەکان بتوانن بزوێنەرەکانیان بخەنە کار و بچنە سەر فرگەکان و بفڕن، ئەبێت تاسەعات 3,15 خولەك بڕیاری سەرۆکم پێبگات)).

سەیری کاتژمێری سەردیوارەکەم کرد، سەعات 2,27 خولەکە.

– ((کەمتر لەیەك سەعاتمان لەبەردەمدا ماوە تابزانین دەستبەکار ئەبین یا نا، دیك)).

– ((لەوە تێئەگەم و پەیوەندیت پێوەئەکەمەوە)).

www.pertwk.com

دڵنیام (دیك مایەرز)تێگەیشت، چونكە ئەوكاتەی فڕۆكەوانێكی گەنج بوو, دەیان دەرچوونی بەسەر ئاسمانی(ڤێتنامی باكوور)دا ئەنجامداوە و وردەكارییەكانی جەنگ ئەزانێت. شادمان بووم كە لەكۆشكی سپییە لەگەڵ سەرۆك و وەزیریی بەرگریی.

سەعات 2,59 خولەك(بازموسلا) راپۆرتێكی پێشكەشكردم: (( هەر دوو فڕۆكەكە چەكدار كراون و فڕۆكەوانەكان لەئەركەكەیان ئاگادار كراونەتەوە و لەناو فڕۆكەكانیاندا دانیشتوون. كەسمان بەو وادەیە شادمان نین. بەڵام خۆت ئەزانیت فڕۆكەوانەكانی(ستیلس)ئامادەن بەرەو دەروازەكانی دۆزەخیش بفڕن, لەپێناو بۆردومانكردنی ئامانجێكی باشدا)).

دانم بەخۆدا گرت و پرسیاری ناوی دوو فڕۆكەوانەكەم نەكرد, چونكە سەرەڕای ئەگەری سەركەوتنی سەد لەسەدیش, هێشتا فڕۆكەكان لەبەردەم مەترسی ئاشكرابووندا بوون لەكاتی گەڕانەوەیاندا، دوای خۆرهەڵاتن. لەوانەیە یەكێك لەو دوو لاوە نەگەڕێتەوە.

لەكاتژمێرە دیجیتاڵەكەدا كات بوو 3,12 خولەك. هەناسەیەكی كامەرانیم هەڵكێشا و سەیری(جین)م كرد: ((كاتەكە درەنگ ئەبێت)).

بارودۆخی كۆشكی سپیم هێنایە بەرچاو: (( سەرۆك بەراوێژكارانی دەورە دراوە و لەخاڵە باش و خراپەكانی ئەم



كارە ئەكۆڵنەوە. جۆرج بوش فڕۆكەی جەنگیی ئاژووووە و لەمیكانیزمی پلاندانان و جێبەجێكردن تێئەگات. ئەشزانێت چۆن بڕیار ئەدرێت)).

تەلەفۆنە راستەوخۆكەی كۆشكی سپی زەنگی لێدا.

دیك مایەرز بوو: (( ئەركەكە بەردەوامە، تكایە جێبەجێی بكەن)).

بە(بازموسلا)م وت: ((بڕیارەكەم وەرگرت. باز ئەركەكە جێبەجێ بكە. بەخت یاوەری هەمووان بێت)).

سەعات 3,38 خولەك فڕۆكەكان بەڕێكەوتن. ئێستا ئیتر ئەتوانین هاوئاهەنگیی تەقاندنی موشەكەكانی (تۆماهۆك)بكەین. كات لە ژووری جەنگدا تێئەپەڕی.

یەكێك لەلایەنەكانی ئەركی فڕۆكەی جۆری(ستیلس)ئەوەیە كە فڕۆكەكە زانیاریی نانێرێت بۆ تیمی شین، دوا شت كە لەبارەی گەشتی فڕۆكەكەوە ئەیزانین, تەواو بوونی وەرگرتنەوەی سوتەمەنییە لەئاسماندا.

**■ سەدام چۆن دانەڕۆكەكەی قوتدا........ و بیرۆكەی (48)سەعات دەرفەت پێدانی لەكوێوە سەریهەڵدا؟**

www.pertwk.com

گەیشتنی ئەم هێزە جەنگاوەرە تازەیە ژمارەی هێزەكانی ئەویَ ئەگەیێنێتە(15000 –پانزە هەزار)ئەفسەر و سەرباز. بەلاَم من و سەرۆك و رامسفێلّد سەبارەت بە ئەركێكی گرنگی تیپی چوارەمی پیادە گفتوگۆمان كرد, ئەویش كاركردنییەتی وەك بەردی بناغەی سەرلێشێواندنی دوژمن. چونكە لەوكاتەدا كە تیپەكە لە (دەریای سپی) جێگیر بوو بۆ سەرقالّكردن و چاودێریكردنی هێزەكانی دوژمن لەباكوور, زانیاریم دزە پێكرد بۆ رژێمی سەدام, كە رێوشوێنی نهێنیمان هەیە لەگەلّ توركەكان, و لەوانەیە لەدواساتدا بەندەرەكانیان بخەنە سەرپشت بۆ هێزەكانمان. چالاكییەكانی چاودێریی و بەدواداچوونیش ئاماژەی ئەوەیان ئەدا كە(13) تیپ سەربازییەكەی عێراق هێشتا لە باكووری بەغدای پایتەخت جێگیرن. ئەمەش نیشانەی ئەوەیە كەپێئەچێت سەدام دانەڕۆكەكەی قوت دابێت.

پاشان قۆناغە وادەییەكان(وقت)ی‌ئۆپەراسیۆنە جەنگییەكانم بۆ روونكردنەوە, وئەو وێنانەی لەلایەن مانگە دەسكردەكانەوە گیرابوون هێزەكانی سەر بەسوپای عێراقیان نیشان ئەدا لەناوچەی نێوان سنووری كوەیت و شارەكانی باشووری عێراقدا. جێگیر بوونی هێزەكانی دوژمن لەهەمان ئەو شوێنانەدا بوو كە پلاندانەرانی هەوالگرییمان پێشبینیان كردبوو.



تائەم قۆناغە ئەكرێت بلّێین كە ئەگەر پلانەكەمان بۆسەرلێشێواندنی دوژمن سەركەوتوو بێت, ئەوا ئامادە ئەبین بۆ دەستپێكردنی هاوكاتی چالاكییەكانمان بەهۆی هێزەكانی ئاسمانیی و زەمینی و هێزەكانی تایبەت, لەسایەی رێنماییەكانی سەرۆك بوشدا.

بە سەرۆك بوشم وت: (( پێویستە پێش(48) سەعات لەجێبەجێكردنی ئەركەكە لەوادەكەی ئاگاداربكرێمەوە, چونكە ئەو كاتە پێویستە بۆ گواستنەوەی هێزەكانی تایبەت بۆ خۆرئاوای عێراق, بەمەبەستی پەكخستنی سەكۆكانی هاویشتنی موشەكی(سكۆد)ی عێراق)).

هەریەك لەسەرۆك و رامسفێلّد و پاولّ گفتوگۆیان كرد سەبارەت بەدوادەرفەت دان بەسەدام, كە یان خۆبەخشانە لەگەلّ عودەی و قوسەی كوڕی عێراق بەجێبهێلّن، یان هێزەكانی هاوپەیمان بۆیان ئەچن و لەدەسەلاّت رایان ئەمالّن.

سەرۆكیش لای خۆیەوە پێشنیازی ئاگاداركردنەوەی پێش(48)سەعاتی دووپاتكردەوە.

لەنوسینگەكەم لەبارەگەی فەرمانەدەیی بنكەی(سیلییە)لە(قەتەر)دانیشتبووم و سەیری سەرۆك بوشم ئەكرد كەقسەی بۆگەلی ئەمێریكا و جیهان ئەكرد. كات بەرەبەیانی رۆژی سێشەممە(18ی‌مارسی 2003)بوو

www.pertwk.com

لەقەتەر و شەوی دووشەممە بوو لەئەمێریکا, بەپێی جیاوازیی کات لەنێوان هەردوو وڵاتدا.

سەرۆك بوش لەقسەکانیدا باسی دۆسیەی ڕێژیمی عێراقی کرد لەدوژمنکاریی دژی وڵاتانی دراوسێی عێراق.

**■ بەڕوونی بە(وۆلفۆیتز)م وت: ((وابکەن واشنتۆن خەریکی سیاسەت و ستراتیژیی بێت و وازم لێبێنن خۆم بەتەنیا جەنگەکە بەڕێوەبەرم)).**

ئەمزانی کە(ستراتیژییەکانی سەرکورسی) یان ئەوانەی ناوم لێناون(ژەنەراڵەکانی تەلەفزیۆن) هەوڵ ئەدەن هەڵەی زۆر لەبڕیارەکانمدا بدۆزنەوە،هەرچەندە ئەمزانی بڕیارەکانم ڕاستن.

گوێڕادێریی بۆ پەیوەندییەکانی عێراق ئەوەی بۆدەرخستین کە ئەوان زووتر لەکاتی پێویست چاڵەنەوتەکان وێران ناکەن, چونکە ڕۆژانە لەو کێڵگانە(50ملیۆن دۆلار)یان دەستئەکەوێت لەڕێی پرۆگرامی نەوت بەرامبەر بەخۆراکەوە.

لەوەش دڵنیابووم کەئەگەر هێرشە ئاسمانییەکان دژی ئامانجەکانی ڕێژیمی عێراق ئەوە پیشان بدەن کە جەنگ دەستی پێکردووە, ئەوا سەدام فەرمانی وێرانکردنی چاڵەنەوتەکان ئەدات. بۆیەپێویست بوو گەر بۆمان بلوێت ئەو کێڵگانە کۆنترۆڵ بکەین. بەڵام ڕزگارکردنی کێڵگەکانی ڕومێلە



ئەبێت بەیەکێك لەتایبەتمەندییەکانی دەستپێکردنی هێرشی زەمینیی, پێش هێرشی ئاسمانیی. و کارێکی لەوشێوەیەش بەهیچ جۆرێك لەلایەن عێراقییەکانەوە پێشبینیکراو نابێت, و ئەتوانین بەکتوپڕیی ئەنجامی بدەین, سەرەڕای ئەو ڕاستییەی کە (290000- دووسەدونەوەدهەزار)سەربازی هێزەکانی ئاسمانیی و دەریایی و زەمینیمان لەناوچەکەدا مۆڵداوە.

کاتێکیش بە ڕامسفێڵدم ڕاگەیاند کەبیرمان لەوەکردووەتەوە سەرەتای چالاکییە زەمینییەکان بگۆڕین، یەکسەر ڕەزامەندیی پیشاندا و وتی: ((تۆم تۆخۆت فەرماندەیت، ئەبێت خۆت بڕیاربدەیت)).

دڵنیا بووم کەوەزیر باوەڕی پێمە. بەڵام بۆهێمن کردنەوەی پینتاگۆن هەندێك ڕێوشوێنی ترم گرتەبەر. وڕۆژی(17ی مارس), واتە دوو ڕۆژ پێش دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنەکان, لەڕێی فاکسەوە(پەیامێکی نیازەکان)م نارد بۆ(پۆڵ وۆلفۆیتز)ی جێگری ڕامسفێڵد. و هەرچەندە زۆر بەڕێزەوە نامەکەم نوسیبوو, بەڵام ناوەڕۆکەکەی ئاشکرا و ڕاستەوخۆ بوو,کە: ((وابکەن واشنتۆن سەرقاڵی سیاسەت و ستراتیژیی بێت. و وازم لێبێنن خۆم بەتەنیا جەنگەکە بەڕێوەبەرم)).

www.pertwk.com

لەکۆتایی پەیامەکەشدا، ئەو چوارچێوە رەوشتییەم بەبیر(ۆڵفۆیتز)هێنابووەوە کەلەرۆژانی داهاتوودا لەناویدا کارئەکەم: ((ئالآیەکی ئەمێریکا و (ئینجیل)ێکم لەگیرفاندا هەلگرتووە, و ئەڵقەی هاوسەرێتیم کردووەتە پەنجەی دەستی راستم, لەئەرکەکەی سەرشانم و ئەو ناوەڕۆکە ستراتیژییە تێئەگەم کەئەرکەکەی پێجێبەجێ ئەکرێت. و لەرێی خۆم لانادەم, مەگەر لەو بارەیەوە رێنماییم پێبگات)).

ئۆپەراسیۆنی(ئازادیی هەمیشەیی)لەئەفغانستان رووبەڕووی رەخنەی فەرمانەدەی هێزەکان و دەستەی ئەرکانی هاوبەش بووەوە. و من نامەوێت ئەو جۆرە پەرتەوازەییە لەعێرقدا دووبارە بکەمەوە.

(پۆڵ ۆڵفۆیتز)هاوڕێم بوو, ئەمزانی هەمووان ئاگادار ئەکاتەوە کە(تۆمی فرانکس) ئامادەنییە وەك سەگێکی ماڵیی جۆری(شیهۆهوا)مامەڵەی لەگەڵ بکرێت و هەوڵ ئەدات ئاڵۆزترین و تێکرژاوترین ئۆپەراسیۆنی هاوبەشی هێزەجیاجیاکان لەمێژوودا رێکبخات.

یاداشتەکەم بۆ(ۆڵفۆیتز)سەرنجی پینتاگۆنی راکێشابوو. هەرلەویاداشتەدا نوسیبووم: ((ئامادەبوونی فەرماندەی هێزەجیاجیاکان لەکۆنگرەی پەیوەندیی ڤیدیۆیم لەگەڵ وەزیردا, یارمەتیم نادات. ئەزموونی پێویستیان نییە لەئۆپەراسیۆنی هاوبەشدا تا بەشێوەیەکی سودبەخش



کاربکەن)). و بۆ روونکردنەوەی زیاتر لەپەیامەکەدا نوسیبووم: ((من لەتوانای هێزەکان تێئەگەم و بەچاکترین شێوە ئەیانخەمەگەڕ)).و دوای ئەوە هۆشیارکردنەوەیەکم تێکردبوو سەبارەت بەدزە پێکردنی پلانەکە بۆ راگەیاندن و نوسیبووم: ((دزەپێکردنی زانیارییە نهێنییەکان و بۆچوونی پسپۆڕان، تاهانم بدەن بۆهەوڵدانی زیاتر,یا کارکردن بەشێوازێکی خێراتر و باشتر رەفتارکردن, کارم تێناکات)).

**■ ئیتر ئەوە واشنتۆنە....... گەر لەگەڵ ژنەکەتدا بیت لێکۆڵینەوەت لەگەڵ ئەکات...... ئەشیەوێت شەڕی(تاڵیبان)ی بۆبکەیت...!**

رۆژی(دووشەممە - 3ی‌شوباتی 2003) ئەو راپۆرتەی پشکنەری گشتیی وەزارەتی بەرگریم پێگەیشت, کەماوەیەکی زۆربوو, و لە(تشرینی یەکەمی 2002)ەوە چاوەڕێم ئەکرد.

راپۆرتەکە ئەنجامی سکالآیەك بوو کەئەفسەرێکی داخ لەدڵی ناو فەرماندەییەکەم لە(تشرینی یەکەمی 2002)دا لە دژم بەرزی کردبووەوە. تۆمەتەکان سەبارەت بە(کاسی)ی هاوسەرم بوو.

ئەفسەرەکە بەشێوەیەکی تایبەت سکالآی ئەوەی کردبوو کەمن لەکاتی کاری فەرمیدا رێمداوە بەکارمەندانی بەردەستم خزمەتی تایبەتیی هاوسەرەکەم بکەن, و رێنماییە

www.pertwk.com

سەربازییەکانم پێشێلکردووە بەوەی ڕێمداوە(کاسی)بەفڕۆکەی حکومیی هاتوچۆ بکات, و لەوەش مەترسیدارتر, من ڕێنماییەکانی ئاسایشی وەزارەتی بەرگریم پێشێلکردووە بەوەی ڕێمداوە زانیارییە نهێنییەکان ببینێت.

سەرەڕای ئەوەی تۆمەتەکانم بەشتی هیچوپوچ ئەزانی، بەڵام سەرنجی ئەوئەگەرە ترسناکەشمدا، لەسایەی ئەو گوشارەی ئەیخاتەسەر فەرماندەییی،ئەویش لەکاتی چالاکییەکی گەرموگوڕدا لەئەفغانستان و کەنداوی عەرەب.

هەرلەگەڵ سەرهەڵدانی ئەو تۆمەتانە قسەم لەگەڵ ڕامسفێڵدەوە کرد و پێم وت: ((جەنابی وەزیر, بڕواناکەم شتێکی لەوبابەتە لەئارادا بێت, بەڵام پێم وایە پێویستە لەبارەی هەرتۆمەتێکەوە لێکۆڵینەوەیەکی هەمەلایەنە بکرێت. و ئەگەر هەڵەیەکم هەبووبێت خۆم بەرپرسیارێتییەکەی هەڵئەگرم و گرنگە لێکۆڵینەوەکە کراوە بێت)).

ڕامسفێڵد وتی: ((با پشکنەری گشتیی ئەوکارەبکات, بەڵام نامەوێت خۆت بەو مەسەلەیەوە سەرقاڵ بکەیت)).

وەڵامم دایەوە: ((چی ئەبێت بابێت. من کاری گرنگترم هەیە)).

ئەمە لەمانگی تشرینی یەکەمدا بوو, و لەکاتەوە ڕەوڕەوەی بیرۆکراسیی بەخاوی کەوتە جووڵە.

بەپێی ئەزموونی پێشترم وەك ئەفسەرێکی لاو بەپلەی(مەیجەر), ئەمزانی لێکۆڵینەوە لەبارەی



هەڵسوکەوتی(ژەنەراڵ)ەوە بەشێوەیەکی خێرائەنجام ئەدرێت, بەڵام هیچ کۆنترۆڵێکم نەبوو بەسەر پرۆسەکەدا. و ڕاپۆرتەکەش کە سەریهەڵدا زۆرهەمەلایەنە بوو, و پشکنەریگشتیی هیچ بەڵگەیەکی نەدۆزییەوە سەبارەت بەو تۆمەتەی کە گوایە ستافی نوسینگەکەم خزمەتی تایبەتیی(کاسی)یان کردبێت, و سەبارەت بەوەشی کەلەگەشتەکانمدا بۆناوچەی بەرپرسیارێتیم هاوڕێم بووە, ڕاپۆرتەکە هیچ هەڵەیەکی لەمکارەدا بەدی نەکردبوو.

سەبارەت بەمەترسیدارترین تۆمەتیش کەگوایە من لەناوفڕۆکەکەدا ڕێمداوە بەڵگەنامەی زۆرنهێنی ببینێت,کەشتێکی درۆیە,نەمتوانی بیسەلمێنم کەلەکاتی بوونی هاوسەرەکەم لەهۆڵیکۆبوونەوەی فڕۆکەکەدا, من گفتوگۆم لەبارەی ئەو جۆرەبەڵگەنامانەوە لەگەڵ ستافەکەم نەکردووە.کاتێکیش ساڵی(2002)ئەم تۆمەتانە وروژێنرا, کاسی(بەڵێننامەیەکی سەبارەت بەئاشکراکردنی ئەنقەست)ئیمزا کربوو, کەقەدەغەیە هەر زانیارییەك ئاشکرا بکات کەلەوانەیە گوێیلێبووبێت. جگەلەوەش پێش زیاتر لە دووساڵ مۆڵەتی ئاسایشی وەرگرتبوو.

ئەم ئەنجامە مایەی ئاسوودەیی من و ڕەزامەندی ڕامسفێڵدیش بوو. و لەیەکەم سەردانمدا بۆ واشنتۆن دوای ڕاپۆرتەکەی پشکنەری گشتیی, جارێکی تر باسەکەم لەگەڵ

www.pertwk.com

وەزیری بەرگریی وروژاندەوە, و پێیوتم: ((تاهێزت زیاتر و دەسەڵاتت زیاتر بێت ئەبێت زیاتر هۆشیار بیت. و ئەوەت لەیادبێت کە تێگەیشتنت لەسەر ئەژمێردرێت)).

وتم: ((راستە گەورەم)). و درێژەمدا بە جێبەجێکردنی ئەرکەکانم.

**■ هەور هەردوو فڕۆکەکەی لەئامێرەکانی چاودێریی عێراق شاردەوە,بەڵام شوێنی کۆبوونەوەکەشی لێ ونکردن.**

سسەعات 5,41 خولەکی بەیانی بوو.بەسەرکەناڵەکانی سەتەلایتدا ئەگەڕام.پەیامنێری یەکێك لەکەناڵەکان, هاوکاتی رووداوەکە, لەباڵکۆنی هۆتێل(فەلەستین)ی بەغداوە قسەی ئەکرد, سەبارەت بە(تەقینەوەی توند) لەباشووری شارەکە دەوروبەری لای خۆرئاواوە. و وەك چاوەڕوان ئەکرا بەرگریی ئاسمانیی عێراق کەوتنە هاویشتنی موشەکی دژیفڕۆکە و ئامێری دواکەوتنی فڕۆکەکان.

لەعێراق بەیانی بوو.بەڵام هێشتا لەبارەی دووفڕۆکەوانی فڕۆکەکانی(ستیلس)ەوە هیچمان نەبیستبوو.

کاتێك راپۆرتی چالاکییەکە گەیشت, رەنگدانەوەی هەندێك دیمەنی درامیی هێرشەکەی پێوە بوو. هەردوو فڕۆکە (F-117)کە(رام-1)و(رام-2) لەدوولاوە لەکێڵگەکانی دۆرە نزیك بووبوونەوە, لەرێڕەوێکی پێچاوپێچی بەرەوخواردا,یەکێکیان



لەخۆرهەڵات و ئەوی تر لەخۆرئاواوە. خۆریش خەریك بوو ئەگەیشتە ئاسۆ. هەوریش لە چاودێریی زەمینی ونی کردبوون, بەڵام هاوکات هەورەکە بەری ئامانجەکەشی لێگرتبوون. لەدواساتدا فڕۆکەوانەکان کونێکیان لەهەورەکەدا دۆزیبووەوە و تەنیا (6چرکە)یان لەبەردەمدا مابوو بۆ دیاریکردنی ئامانجەکەو ئاڕاستەکردنی بۆمبەکانیان. بەڵام خاڵەکانی نیشانەگرتن زۆر نزیك بوون و ئەوچەکانەش کەئامێری نیشانەگرتن زۆر ورد و زیرەکانە رێنماییان ئەکات بۆیەکەمجار بوو لەشەڕێکی راستەقینەدا بەکاربهێنرێن.

هێندە ورد و راستپێك بوون کەخەریك بوو بۆمبەکان پێش تەقینەوەیان بەیەکدا بدەن. بۆمبەکە بە شێوەیەك دروستکراوە کەپێش تەقینەوەی بەناخی زەویدا رۆبچێت, وئەو کۆشکە کەشخەیەی کەناری(دیجلە)هەڵتەکێنێت, کەپێمان وابوو سەدام و دووکوڕکەی لەوێدان.

فڕۆکەوانەکان دوای بینینی تەقینەوەی بۆمبەکانیان, جارێکی تر بەناو هەورەکەدا فڕۆکەکانیان بەرەو ئاسمان تاودایەوە و لەدوای خۆیانەوە چاویان لێبووموشەکەکانی تۆماهۆك هەمان ئەو ئامانجانە ئەپێکن.

دوو فڕۆکەوانەکە بێوەی بوون و بەرۆژیرووناك گەیشتنەوە بنکەی(عیدید).

www.pertwk.com

کەلەگەرماوەکە هاتمەدەرەوە,(جیف کیمۆنز)بەتەلەفۆن پێی وتم: ((ژەنەراڵ, سەرقاڵی ئامادەکردنی راپۆرتی زیانەکان و راپۆرتی ئاژانسەکانین)).

سەرەڕای ئەو هەموو پێشکەوتنەمان لەبواری تەکنەلۆژیادا, کەچی هێشتا هەڵسەنگاندنی زیانەکان لەشەڕدا گرفتێکە و لەبەرنەبوونی راپۆرتی(چاوبین) لەشوێنی ئامانجەکانەوە, ئەبێت پشت بەوێنە ببەستین.

بۆ نمونە ئەگەر فڕۆکەیەکی سۆسەکەر(استطلاع)حەشارگەی دەستەیەکی پێکهاتوو لە 6 تانکی عێراقی دیاریکرد کە بەلقوپۆپی خورما داپۆشراون, ئەوا ئەتوانێت ئامانجەکە بۆ گورزێکی ئاسمانیی دەستنیشان بکات, و دوای ئەوەی دووکەڵی بۆردومانەکە ئەڕەوێتەوە, ئەو کاتەلەوانەیە فڕۆکەیەکی سۆسەکەر, یا وێنەکانی مانگی دەستکرد ئەوە ئاشکرابکەن کە دوو یاسێ لەوتانکانە بەتەواوی تێکشکاون, و لەوانەیە پرۆسەی گوێڕادێریی لەپەیوەندییەکانیش پێمان بڵێت کەهیچ پەیوەندییەکی بێسیم لەهیچکام لە تانکەکانەوە دەرناچێت. و ئەگەر ئەوتانکانەی کەهێشتا دڵنیانین پێکراون یا ناهیچ جووڵەیەك نەکەن, بەئاسانی ئەگەینە ئەو ئەنجامەی کەهەرشەش تانکەکە لەکارخراون. بەڵام چۆن ئەتوانین زۆر بەوردی ئەوە دەستنیشان بکەین؟



ئەوە یا ئەبێت هێرشبەرەکان هەموو یەکە زرێپۆشەکانی عێراق لەلیستەکانیاندا بسڕنەوە, یا فڕۆکەکانمان جارێکی تر ئەوتانکانە بۆردومان بکەنەوە کە لەچارەنووسیان دڵنیانین.ئەشمزانی لەوانەیە ئەم جۆرە گرفتانە بۆ چەندین شەو و رۆژی ئاینده ئۆقرەمان لێببڕێت.

لەڕێی فڕۆکە سۆسەکەرەکانەوە شتێکی زۆرمان سەبارەت بەئەنجامی بۆردومانی کێڵگەکانی دۆرە دەستنەکەوت. سەدام زیندووە یا کوژراوە؟بریندارە یا سەلامەتە؟

لەوانەیە سەرەنجام ئەوەمان بۆ روون ببێتەوە, و تائەو کاتەش زۆر ئامانجی تازە هەیە کەئەبێت بۆردومانیان بکەین. چونکە لەگۆڕەپانی جەنگدا, لەوانەیە راپۆرتەکانی هەواڵگریی هەندێك جار راستییەکان بپێکن و هەندێك جاریش نەیپێکن. بەڵام خۆنامانەوێت هەڵی پەڕاندنی سەری رژێمەکە و کۆتایی پێهێنانی خێرای جەنگەکە لەکیس خۆمان بدەین!

لەدڵی خۆمدا وتم: ((نیگەرانی شتێك مەبە کەناتوانیت کۆنترۆڵی بکەیت)).

وا سەرلەبەیانی رۆژی پێنجشەممە(20ی مارس)ەو ئەبێت جەنگەکە دەستپێبکەین.لێدانەکەی دۆرە ئەونمونەیەی پەکخست, بەهاتنی سەعات 7,20 خولەکی رۆژی پێنجشەممە(20یمارس), کەیەکەم رۆژی ئۆپەراسیۆنی(ئازادیی عێراق)ە.

www.pertwk.com

ئەم ڕۆژەم بەخوێندنەوەی بروسکە و نامەکانی نوسینگەی وەزیری بەرگریی و(دیك مایەرز)و باڵیۆزەکانمان لەناوچەکە, و گەڕانەوەی(دیلۆنگ)و فەرماندەی هێزەکان بۆفەرماندەیی ناوەڕاست دەستپێکرد.

ماوەی سەعاتێکم بەسەیرکردنی ئەونامانەوە بەسەربرد و سەعات 8 ئەو کاغەزانەم تەواو کرد کە ستافەکەم هێنابوویان بۆنوسینگەکەم, کەپەناگەیەکی بێ پەنجەرە بوو وەك پەناگەکانی تر, و زۆرقایم دروستکرابوو,بۆ بینینی کۆنگرەی پەیوەندیی ڤیدیۆیی, لەڕێی چوارسکرینەوە کە بەدیوارەکانیدا هەڵواسرابوون.

مێزێکم هەبوو لەو سەری مێزی کۆبوونەوەکانەوە لەسەرشێوەی پیتی(T) و هەر لایەی پێنج کورسی لێدانرابوو.

(جۆن ئەبیزەید)لەوسەری مێزەکەی بەرامبەرم دانیشتبوو, و ژەنەراڵ(ستیف ویتکۆمب)ی سەرۆکی ئەرکان لەلای چەپییەوە و بەڕێوەبەرەکانیش لەملاولای منەوە دانیشتبوو.

دوای پیاچوونەوەیەکی خێرای ئۆپەراسیۆنەکانی زەمینی و دەریایی و ئاسمانیی هێزەکانی هاوپەیمان لەلایەن(جین رینوار)ەوە, ڕوومکردە(جیف کیمۆنز)و لێمپرسی: ((بەڕێوەبەری دەستەی ئەرکانی هاوبەش چیمان پێئەڵێت؟))

وتی: ((تائێستا لەبارەی لێدانی سەرانی ڕێژیمەوە هێندە زانیاریمان دەستکەوتووە. ڕاپۆرتەکانی کەم کەم ئەگەن.



زانیارییەکان بەکورتی و وێنەکانی فڕۆکەی سۆسەکەر, خانووی وێرانکراو و زیان و ئۆتۆمبیلی سوتاو لەو جۆرەی گاردەکانی سەدام حسێن و کوڕەکانی بەکاریدێنن، پیشان ئەدەن)).

جیف وتی: (( ڕاپۆرتی سیخوڕەکانمان ئاماژە بەوە ئەدەن کە سەدام بە زامی سەختەوە لەژێر داروپەردووی کۆشکەکە دەرهێنراوە و لەوانەیە هێشتا زیندوو بێت, و دەموچاوی بەماسکی ئۆکسجین داپۆشراوە. و ئەمبولانسیش پێکراوەکان ئەگوێزێتەوە)).

وتم: ((لێگەڕێن با تا سەرحەدی مەرگ ئەم تاڵییە نەچێژین, زەبرەکە وەشێنرا و سەرەنجام ئەزانین چی روویداوە. ئێوە هەستی من بەرامبەر ڕاپۆرتە سەرەتاییەکان ئەزانن)).

جۆن ئەبی زەید وتی: ((کەهەمیشە هەڵەن)). ئەوان پێشتر ئەم ڕایەی منیان بیستبوو.

دیارە ئاسایی بوو کەسەدام و دوو کوڕەکەی, وەك دواتر زانیمان لەگورزەکەی دۆرەدا بەرنەکەوتوون. بەڵام کارەکە بایی ئەو تەقەلایە ئەبوو کەدامان. چونکە جارێکی تر لەناو نزیکترین ڕاوێژکارەکانیشیاندا هەست بەدڵنیایی ناکەن. و ئەپرسن کێ خیانەتی لێکردوون و نهێنیی لەو شوێنەبوونیانی ئاشکرا کردووە؟

www.pertwk.com

جا یا لەناو کەسانی نزیکیاندا بەکرێگیراو هەیە, یا سیستەمی سۆسەکردنی هاوپەیمانان هێندە پێشکەوتووە کەبتوانێت سۆسەی جموجووڵەکانیان بکات. و ئیتر چەندین پرسیاریان لادروست ئەبێت, لەبابەتی:

ئایا لەرێی تەلەفۆنە مۆبایلەکانیانەوە شوێنەکەمان دەستنیشانکردووە؟ ئایا مانگە دەستکردەکانمان لەئاسمانەوە ئۆتۆمبیلەکانیانی ناسیوەتەوە؟ و گرنگ ئەوەیە وامان لێکردوون هەزار ختوورە بەدڵیاندا بێت.

فرۆکەوانە ئازاکانی فرۆکەکانی(ستیلس), و ئامێرەکانی(بوزموسلا)بۆ دەستنیشانکردنی ئامانجەکان, کەبەپێی زانیارییە هەواڵگرییەکان و لەکاتی دیاریکراودا ئەوگورزەیان وەشاند, ئەوەیان پیشانی سەدام و عودەی و قوسەی دا, کەشوێنێکی پارێزراو نییە خۆیانی تیابشارنەوە. بەواتایەکی تر: ئەگەر ئۆتۆمبیل ئەئاژوویت, یابەتەلەفۆن قسەئەکەیت, یانامەیەکی ئەلەکترۆنی ئەنێریت,یاتێبینییەك یاداشت ئەکەیت, و هەرشتێك ئەکەیت, ئەوا هاوپەیمانان چاودێریت ئەکەن.



**■ لەبەرچاوی من رامسفێڵد لەژەنەراڵێکی بەئەزموون ئەچێت.....هەندێك لەوەزیرەکانی بەرگریی خۆیان لە ئێمە پێ گەورەتر بوو,بەڵام ئەو هەستی نەئەکرد لە جیهانێکی تر بێت.**

رۆژی(7یمارسی 2001) یەکەم دیداری دورودرێژم ئەنجامدا لەگەڵ رامسفێڵد لەهۆڵی کۆبوونەوەکانی نوسینگەکەیدا. و توانی چەند سەعاتێك دابنیشێت, هەرچەندە چەند جارێك چوو بۆ شوێنی خواردنەوەکان و کوپەکەی پڕکردەوە لەقاوەی بێکافایین.

هەریەك لە(پۆل وۆلفۆیتز)جێگری وەزیر و(ستیڤ کامپۆن)ی یاریدەدەری, بەشداری دانیشتنەکە بوون.

بەرامسفێڵدم وت: (( سبەینێ بۆجارێکی تر ئەچم بۆ چاوپێکەوتنی کۆمیسیۆنی خزمەتی سەربازیی سەربە کۆنگرێس(ئەنجومەنی نوێنەران).))

کەپێموت: (( ئەمە دانیشتنی گوێگرتنی هەشتەمە لەبەردەم ئەو کۆمیسیۆنەدا لەماوەی کارکردنمدا کە هێشتا لەهەشت مانگ تێنەپەڕیوە)), جۆرێك لەنیگەرانی لەسیمای رامسفێڵد دا دەرکەوت و رووی کردە (کامپۆن)و داوای لێکرد دۆسیەی ئەو دانیشتنانەی گوێگرتن کەگەورە بەرپرسانی سڤیل و سەربازیی وەزارەتی بەرگریش ئامادەی ئەبن, لای خۆی بپارێزێت.

www.pertwk.com

پاشان روویکردەوە من و سەبارەت بەدوا گەشتم بۆناوچەکە پرسیاری لێکردم.

لەماوەی خزمەتی سەربازیمدا گەلێك کاربەدەستی سڤیلی وەزارەتی بەرگریم دیوە. زۆر لەوانە هەوڵیان داوە لەبەکارهێنانی وشە کورتکراوەکاندا(دەستەواژەی سەربازیی)بۆڕی لێپرسراوە سەربازییەکان بدەن. بەڵام رامسفێڵد کەسێکی جیاواز بوو. و پێموابێت تەنیا دووجار گوێم لێبوو کورتکراوەی دەستەواژەی تایبەت بەناوچەی لێپرسراوێتییەکان، واتە(AOR) بەکاربهێنێنت، وزیاتر پێیخۆش بوو بەشێوەیەکی گشتیی زمان و زاراوەی سڤیلیی بەکاربهێنێت.

دیارە ئەمە بەو مانایە نییە کەبایەخ بە لێپرسراوێتییە سەربازییەکەی خۆی نادات وەك وەزیری بەرگریی، بەڵکو تەواو بەپێچەوانەوە، ئەو وەك پشتیوان و لەهەمانکاتدا یەکخەری هێزە چەکدارەکان سەیری پۆستەکەی خۆی ئەکرد. و ئەتوانم بڵێم پێچەوانەی زۆربەی ئەوانەی پێشتر پۆستی وەزارەتی بەرگرییان پێسپێردراوە، ئەو ئەیەوێت بیرۆکە تایبەتەکانی خۆی لەپێناو بەدیهێنانی گۆڕانکاریدا بخاتەگەر. و هەر لەو سەرەتایەی وەرگرتنی پۆستەکەیەوە دەستی کردبوو بە گفتوگۆ سەبارەت بەچۆنیەتی گۆڕانکاریی و گەشەپێدانی پێویست لەناو سوپای ئەمێریکادا، بەشێوەیەك کە وەڵامدەرەوەی پێداویستییەکانی سەدەی بیستویەك بێت.



لەدڵی خۆمدا وتم: (( ئەم پیاوە(رامسفێڵد)ئەیەوێت شتەکان بگۆڕێت)).

دڵنیابووم کەرۆژانی داهاتوو کۆمەڵێك باس وخواس بەخۆوە ئەبینێت کەفەرماندەی هێزەکان نیگەران بکات، وەك چۆنیەتیی دابەشکردنی سەرچاوەکان(داهاتەکان)و چۆنییەتی پتەوکردن و نوێکردنەوەی بەشەکانیان، و چەندین گۆڕانکاریی تر.

هەندێك لەوەزیرانی پێشووی بەرگریی خۆیان لەگەورە ژەنەراڵە(چوارئەستێرە)کان بەرزتر ئەبینی، کەچی رامسفێڵد هەستی نەئەکرد پۆستەکەی لەئێمە بەرزتر بێت، وەك ئەوەی لەتەوەرەیەکدا بێت کەبەتایبەت بۆئەو تەرخان کرابێت.

ژەنەراڵ و ئەدمیراڵەکان فێرئەبن چۆن بەشێوەی ئاسۆیی و ستونیی بیر بکەنەوە، لەکاتێکدا مێشکی رامسفێڵد بەشێوازێکی جیاواز لە شێوازی باو کارئەکات. هەرلەوبارەیەوە لەلایەن هەندێك لەهاوکارانمەوە دەمەبۆڵەم بەرگوێ ئەکەوت، کەناڕازیی بوون و رامسفێڵدیان بەوەتاوانبار ئەکرد کەکاتێك قسەدێتە سەر تایبەتمەندیی و وردەکارییەکانی مەسەلەی بەرگریی نیشتمانیی،کەسێکی رەفتار سەیرە.

لەوانەیە ئەو قسەیە وابێت، بەڵام دیدارە سەرەتاییەکانم لەگەڵیدا ئەو بڕوایەی لەلا دروستکردم کە کەسێکی بەسوود ئەبێت بۆسوپای ئەمێریکا،چونکە جەماوەریی بوون و خۆشەویستیی ئەوانی تر لەرێزگرتن گرنگتر نین.

www.pertwk.com

لەوەڵامی پرسیارەكەی رامسفێڵد دا,باسی دواكۆبوونەوەكانی خۆمم بۆكرد لەهەریەك لەبەحرەین و قەتەر و ئیماراتیعەرەبیی.

پاشان پرسیاری لێكردم سەبارەت بەكاردانەوەی ئەو وڵاتانە بەرامبەر بەهێرشەكانی ئەمێریكا بۆسەر چەند ئامانجێك لەناو عێراقدا.كە وەڵامدانەوەی چەند هێرێشێكی عێراق بوو دژی فرۆكەكانمان بەموشەكی(SA-2).

بەبایەخ و بەوردیی رێوشوێنەكانی وەڵامدانەوەكەم(بەبێ بەكارهێنانی هیچ ناوێكی كورتكراوە)بۆ رامسفێڵد شیكردەوە, پێمراگەیاند كەهەڵوێستی وڵاتانی عەرەبیی هاوپەیمان لەرامبەر بەئەنجامەكان هاوسەنگە و بەگشتیی لەو راستییە تێئەگەن كەئێمە هەركاتێك بەپێویستی بزانین هێزبەكاردێنین.

لەرێگەی گەڕانەوەم بۆژوورەكەم لە هۆتێلێكی نزیك پینتاگۆن, هەوڵمدا بەوتێبینییانەدا بچمەوە كە تۆمارم كردبوون.

كۆبوونەوەكەمان پڕوكێنەر بەڵام سودبەخش بوو.ئێستا ئەكرێت لەوە تێبگەم كە بۆچی هەندێك لەژەنەراڵەكان رامسفێڵدیان خۆشناوێت و باوەڕیان پێی نییە! لەبەر ئەوەی كەس نایەوێت بچێتە نوسینگەكەی رامسفێڵد و كۆڵێك وێنەو نەخشەی شیكاریی كەشخەی ئامادەكراو لەگەڵ خۆی بەرێت,



چونكە لەوانەیە رامسفێڵد هەر لەگەڵ باسكردنی یەكەم نەخشەی شیكاریی(التوضیحیة), ئاراستەی گفتوگۆ و شیكردنەوەكە بەلایەكی تردا بەرێت.

وەزیری بەرگریی رێنمایی كردم كەبیر لەئایندە بكەمەوە, بەڵام من ئەركەكانی رۆژانەو هەفتانەو مانگانەی خۆم لەرێی بەرێوەبردنی فەرماندەییەكی چالاك و گەورەوە ئەنجام ئەدەم.

من سەفەر ئەكەم بۆئەنجامدانی ئەركەكانم لەبەرێوەبردنی فەرماندەیی ناوەڕاستدا.

من رێوشوێنەكانمان لەناوچەكانی دژەفڕین لەعێراق رێكئەخەم.

من چەندین سەعات بەسەرئەبەم لەگەڵ(مەیجەر ژەنەراڵ - جۆجین رۆنارت)ی بەرێوەبەری نوێی ئۆپەراسیۆنەكان و(بریگادێر ژەنەراڵ – جیف كیمۆنز)ی بەرێوەبەری نوێی هەوالگریی, بەمەبەستی دیاریكردنی چەندین ئامانجی گومانلێكراو لەبنكەو بارەگەكانی قاعیدە و تالیبان لەئەفغانستان.

www.pertwk.com

**■ پەیامەکەمان بۆسەدام ئەوەبوو: ئەمە شەڕە نەك دەرزیی پیاکردن..... بۆیە لەگەڵ بوش,وشە بە وشەی ئەو پەیامەمان هەڵبژارد کەئاڕاستەی‌جیهانی ئەکات.**

هیچ کاتم نەبوو, تەنانەت بۆ تەقاندنی پەنجەکانیشم, چونکە هەرهێندەم زانی رامسفێڵد هاتەسەر خەتی تەلەفۆن.لەبەر ئەوەی سەرۆك بڕیاری دابوو هەرلەگەڵ کۆتایی هاتنی بۆردومانەکەی کێلگەی دۆرە کۆنگرەیەکی رۆژنامەگەریی ببەستێت.

رامسفێڵد وتی: ((تۆم, ئامێری وتارنوسینەکە بکەرە گوێت, چونکە پێویستمان بەهاوکاریی تۆیە. رای تۆ چییە؟))

وتم: ((جەنابی وەزیر,بەغدا پڕیەتی لەرۆژنامەنوسی بێگانە,بۆردومانە و موشەکی تۆماهۆك لەنزیك رووبارەکە ئەتەقنەوە, و موشەکبارانی تریش ناوشاری بەغدا ئەگرێتەوە. ئێمە چاوەڕێی یەکێك لەساتە راستەقینەکانی کەناڵی(CNN) ئەکەین)).

رامسفێڵد دوای بیرکردنەوەیەك بۆبەوردیی هەڵبژاردنی وشەکانی, وتی: ((کەواتە تۆ پێت باشە سەرۆك گوتارێك بخوێنێتەوە؟ بەڕاتۆ گوتارێکی سەرۆکایەتیی نابێتە گرفت بۆ ئۆپەراسیۆنەکەت؟))

وتم: ((عێراقییەکان پێویستیان بە(CNN)نییە تاپێیان بڵێت هێرشە گەورەکان دەستیان پێکردووە)).



پاشان وتم: ((گەورەم, بەرای من سەرۆك وتەکەی پێشکەش بکات)).

رامسفێڵد هەڵوێستەکەی منی پێباشبوو, و وتی: ((باشە تۆم...ئامێرەکە بکەرە گوێت)).

بەو ڕستەودێڕانەدا چووینەوە کەسەرۆك لەوتەکەیدا ئەیڵێت.

رامسفێڵد دووپاتیکردەوە: ((پێمە نامانەوێت بەهیچ جۆرێك گرفت بخەینە بەردەم سەلامەتیی ئۆپەراسیۆنەکانت)).

لەکاتێکدا گوێم لەو وشانە ئەگرت کەبڕیارە سەرۆك لە وتارەکەیدا, بەراوردم ئەکرد لەنێوان ئاسایشی هێزەکان و کاریگەریی وتەکانی سەرۆك لەسەرئاستی جیهان. چونکە نەمانئەویست سەرۆك بوش بەشێوازێك قسەبکات کە بۆئەمێریکا و هاوپەیمانەکانی باش بێت,بەڵام بەبێمەبەست ببێتە گرفت بۆپلانە ئایندەییەکانمان.

دەنگێك لەئامێری فاکسەکەوە هات و رەشنوسی کۆتایی ئەو وشانەی لێهاتە دەرەوە کەهەڵمانبژاردبوو تا سەرۆك ئاڕاستەی گەلی ئەمێریکای بکات و تیایدا هاتبوو: ((خوشك و برایانی بەڕێز......... لەمکاتەدا هێزەکانی ئەمێریکا و هێزەکانی هاوپەیمان پێیان نایە قۆناغەکانی سەرەتای ئۆپەراسیۆنێکی سەربازیی بە مەبەستی

www.pertwk.com

چەکداماڵینی عێراق, و ئازادکردنی گەلی عێراق و پاراستنی جیهان لەمەترسییەکی مەزن)).

پێئەچوو دەستپێکێکی سەرکەوتوو بێت.بەتایبەت ئاماژەکردن بۆقۆناغەکانی سەرەتا کەبایەخێکی گەورەی هەبوو.

بەرامسفێڵدم وت: ((نامانەوێت دوژمن واتێبگات کەئەمەش هەر دەرزیی لێدانێکی تری هێرشی موشەکی تۆماهۆکە وەك جارەکانی تر کەبەخت یاوەری بوو,بەڵکو ئەمانەوێت عێراقییەکانیش لەم ساتەوە ئامادەبن بۆدەستپێکردنی هێرشێکی سەرتاسەریی)).

دوای چەند دێڕێك لەگوتارەکەی سەرۆکدا هاتبوو: ((ئەمە قۆناغەکانی سەرەتای هەڵمەتێکی فراوان و هاوئاهەنگە)).

بەرامسفێڵدم وت: ((ئەوە زۆر باشە جەنابی وەزیر.چونکە واپیشان ئەدات کەهەڵمەتی ئاسمانیی ماوەیەکی درێژ ئەخایێنێت.بەڵام بەسەرهاتێکی گەورەی کتوپڕ لە چاوەڕوانیی دوژمندا ئەبێت)).

دەقەکەم تاکۆتایی خوێندەوە و پتەو دیاربوو. و بەرامسفێڵدم وت: ((گەورەم بەلای منەوە تەواو پەسەندە)).



**■ دوای هێرش بۆسەر دووتاوەرەکە, یەکەم تەلەفۆنم لەشای ئوردون و جێنشینی بەحرەینەوە بۆکرا.**

لەگەڵ گەیشتنمان بەبواری ئاسمانیی ئیسپانیا,پینتاگۆن رێیدا بەفڕۆکەکەمان(سبار6)کە تا(تامبا) بەردەوام بێت. و گەڕامەوە سەرکارەکانم, و لەگەڵ ستافەکەم لەناو فڕۆکەکەدا و لەگەڵ گەورە ئەفسەرانی فەرماندەیی ناوەندیی سەرگەرمی لێکۆڵینەوەی ئەگەرەکانی جەنگ. پەیوەندییە تەلەفۆنییەکانجارجارە گفتوگۆکانیان ئەپچڕاند.

یەکەم تەلەفۆن لە(خاوەن شکۆ شاعەبدوڵا)ی پادشای ئوردونەوە بوو,کەهاوپەیمانێکی بەهێز و دۆستێکی تایبەتە. و پێیوتم: ((ئەتوانیت پەشتئەستوور بیت بەوەی ئوردون لەگەڵ ئەمێریکایە)).

وتم: ((ئەمە بۆ ئێمە زۆر ئەگەیێنێت گەورەم)).

پاشان (شێخ سەلمان بن حەمەد ئالخەلیفە)ی جێنشینی بەحرەین و فەرماندەی هێزەچەکدارەکانی ئەو وڵاتە تەلەفۆنی کرد, و وتی: ((بەحرەین لەگەڵتانە)).

ئاشکرایە هەوڵەکانی ئەم دواییەمان ئەنجامی هەبووە.و ئەو وڵاتانەی کەنداو لەماوەی داهاتوودا پاڵپشتی ئەمێریکا ئەبن.

هێشتا بەقاوە و (ئەدرینالین)خۆم بەبێداریی راگرتبوو, بەڵام ئەمزانی کەپێویستمان بەسەرخەو شکاندنێك هەیە.

www.pertwk.com

لەسەر کورسییەکەم پاڵکەوتبووم کە(کاسی)هاتەژوورەوە و(دایت کۆکاکۆلا)یەکی بەدەستەوە بوو.لەو کاتەدا قسەی لەگەڵ یەکێك لەکچەئەفسەرەکانی بواری پەیوەندییەکان(کۆمینیکەیشن)ئەکرد.کچەکە بە(کاسی)ی‌وت: ((ئاسمان مولْکی خۆمانە,بەڵام شەپۆلەکانی رادیۆیی بێدەنگ بوون, و هیچ جووڵەیەك لەسەر ئەتڵەنتیك نییە)).

لەپڕێکدا رووداوەکانی(16)سەعاتی رابردوو(کاسی)یان توشی شۆکێکی بەهێز کرد، و لێدوانە سادەکەی ئەو کچە ئەفسەرەی کرد بە دیمەنێکی تاریکی جیهانێکی نوێ کەبازرگانیی ئاشتییانەی تیانامێنێت. و هەستمکرد(کاسی)یش هەست بەگۆڕانێکی مێژوویی ئەکات.

دوای سەعات 3ی پاشنیوەڕۆی رۆژی سێشەممە لە(ماکدیل)نیشتینەوە.

لەماوەی(30)سەعاتی رابردوودا لە(4)سەعات زیاتر نەخەوتووم, و سەرەڕای ئەوەش چەندین شەو و رۆژی دورودرێژی ترم لەپێشە.

هاوکات لەگەڵ جێهێشتنی فڕۆکەکە لەگەڵ(جیف هاینز)قسەم کردو پێم وت: ((تکایە جێگەیەکم لەنوسینگەکەم بۆئامادەبکەن, ئەم ماوەیە لەبارەگەی فەرماندەیی ئەمێنمەوە)). لەکاتی قسەکردنمدا (کاسی)چاودێریی ئەکردم.



ژیانی هاوسەرێتیمان(33)ساڵە بەردەوامە و دووجەنگی بەخۆیەوە دیوە. واهەردووکمان پێکەوە رووبەڕووی جەنگی سێیەم ئەبینەوە. و ئەو زۆر بەباشیی فێری خووڕەوشت و شێوازی کارکردنی من بووە. و هەرگیز سکاڵای‌نەکردووە.

سەیری تابلۆیەکی دەستەڕاستی مێزەکەمم کرد کەنەخشەیەکی تەکتیکیی ئەفغانستانی لەسەرە, و لەلای چەپیش نەخشەیەکی عێراقی لەسەربوو, کەفەرماندەیی ناوەند لەناوچەی دژەفڕین لەگەڵ بەرگرییە ئاسمانییەکانی سەدام حسێن رووبەڕوو ئەبنەوە.

بۆ جاری دووەم لەدڵی خۆدا وتم: ((لەماوەی(30)سەعاتی رابردوودا بەهەمووی(4)سەعات خەوتووم و هێشتا چەندین شەو و رۆژی دورودرێژم لەپێشە)).

**■ لەکاتی(11ی سێپتەمبەر)دا گەیشتمە ئەو بڕوا یەی, پێویستە بڕیاربەدەستان, فێری زانست و هونەری جەنگ بن, ئینجا قسەبکەین لەسەر تێکشکاندنی(قاعیدە)و راماڵینی دەسەڵاتی تاڵیبان.**

لەسەربان لەسەر کورسییەکی پلاستیکیی دانیشتبووم و بیرم لەو وتەیەئەکردەوە کەرۆژی هەینیی رابردوو

www.pertwk.com

پێشكەشی ستافی هەوالگریی فەرماندەیی ناوەندیم كردبوو.

ئەمێریكا لەشۆكێكی قوڵدا بوو. تووڕەییەكی قووڵ دایگرتبوون لەدیمەنی ئەو فڕۆكانەی خۆیان كێشا بەباڵەخانەكاندا و پاشان داڕمانی هەردوو تاوەرەكە.

ئایا ئەتوانین هاووڵاتییانمان بێنینە سەرئەو باوەڕەی وازلەئازادییە تایبەتییەكانی خۆیان بێنن,كە لەپێناویدا تێكۆشاون, بۆئەوەی ئاسایشی زیاتر بەدەست بهێنن, لەجیهانێكدا,كەئاشكرایە ئاسایشی زۆر كەم تیایە؟

لەگەڵ هەستانمدا بیرۆكەیەك هات بەمێشكمدا. ئەمرۆ ئەمێریكام وەك(پیرل هاربۆر)هاتە پێش چاو. جیهان پێشتر شیوەیەكی هەبوو, كەئیتر بەو شێوەیەی لێنایەتەوە.

لەدڵیخۆمدا وتم: (( ئێستا لەدووڕیانێكی مێژوویدا وەستاوین)).

سەرلەبەیانی رۆژی دواتر,تیمی فڕۆكەكە لەچاودێریی ئاسمانی یۆنانەوە مۆڵەتی پێدرا لە(كریت)ەوە بەرەو خۆرئاوا بەرێبكەوێت. مۆڵەتی چوونە بواری ئاسمانیی ئەمێریكامان پێنەبوو,بەڵام دڵنیابووم كە ئەو مۆڵەتە وەرئەگرین.

لەدوای(90)خولەك و كاتێك لەخۆرئاوای دەریای سپی ناوەڕاست تێپەڕئەبووین.بەتەلەفۆنی(پارێزراو) لەگەڵ(هیۆ شیڵتۆن)قسەم كرد.



شیڵتۆن وتی: ((تۆمی, هەمووان لەواشنتۆن بەسەرۆكیشەوە ئەوكارەیان پێباشە)).

لێمپرسی: ((ئایا بیر لەئۆپەراسیۆنێكی راستەقینە بكەینەوە دژی(قاعیدە)وتاڵیبان؟))

وتی: ((بەدڵنیاییەوە,تۆم)).

قومێكم لەقاوەگەرمەكەم داو تەلەفۆنە دوگمە سورەكەم لەپشت مێزەكەوە هەڵگرت و تەماشام كرد: ئەم تەلەفۆنە بەجفرە زۆر نهێنییەكەی وتوانا پرۆگرام كراوەكەی بۆ پەیوەندیی ئاست بەرز, لەهەفتەكانی داهاتوودا ئەبێتە ئامرازێكی گرنگی پەیوەندیی لەگەڵ وەزارەتی بەرگریی و كۆشكی سپی.

پەنجەم نابەدوگمەیەكدا و(هیۆ شیڵتۆن)راستەوخۆ وەڵامی دامەوە. و وتی: ((سەرۆك سورە لەسەر ئەنجامدانی كارێك و رامسفێڵدی وەزیریش رێوشوێنی سەربازیی ئەوێت سەبارەت بەئەفغانستان)).

پرسیم: ((كەی ئەیەوێت؟))

وتی: (( هەموان لەكۆشكی سپی بەخێرایی لەجموجووڵدان.چۆن ئەتوانیت بەزووترین كات چەند بیرۆكەیەكی ئۆپەراسیۆنیی پێشكەش بكەیت؟))

چەندین بیرۆكە. نەك چالاكیی تۆڵەسەندنەوە, نەك هاویشتنی چەند موشەكێك بۆ سەر چەند چادرێكی چۆڵ, و

www.pertwk.com

نەك تێبینیی وردی هەراسانكەر.....پێش وەڵامدانەوە ئیستێكم كرد.

هەموو فەرماندەییە یەكگرتووە جەنگییەكان, ئەبوو پلانی چڕوپڕ دابنێن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ژمارەیەكی زۆر ڕووداوی كتوپڕ.

بۆنمونە, فەرماندەیی ئەمێریكا لە ئۆقیانووسی ئارام(پاسیفیك), چەندین پلانی ئۆپەراسیۆنیی چڕوپڕی لەتاقدا هەڵگیراوی هەبوو,بۆ وەڵامدانەوەی هەردوژمنكارییەكی كۆریای باكوور.

دەیان پلانی هاوشێوە لەفەرماندەیی باشوور و فەرماندەیی ئەوروپا هەبوو.

ئێمەش لەفەرماندەیی ناوەڕاست زیاد لە(10)پلانی دۆخی كتوپڕمان هەبوو. لەوانە پلانی ورد بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڕووداوی بارمتەگرتن, چۆڵكردنی باڵیۆزخانەكان, كردنەوەی تەنگەی هورمز, و دەستێوەردان گەر هاتو ڕێژیمی عێراق(هەندێك هێڵی سوری دیاریكراو)ی بەزاند.

چەندین ئامانجی قاعیدە و تالیبان لەئەفغانستان هەبوو, لەگەڵ پلانی بۆردومانكردنی ئەو ئامانجانە بە موشەكی(تۆماهۆك)و فڕۆكەی بۆمبهاوێژ. بەڵام فەرماندەیی ناوەڕاست هیچ پلانێكی دانەنابوو بۆ ئۆپەراسیۆنێكی زەمینیی لەئەفغانستان.



جگەلەوەش هیچ ڕێوشوێنێكی دیپلۆماتیك نەبوو سەبارەت بە بنكەی جێگیربوون و خاڵەكانی دەرچوون و فڕینی فڕۆكە و پەیوەندیی لەگەڵ دراوسێكانی ئەفغانستان.

بەكورتییەكەی پێشتر لەواشنتۆن هیچ ویستێك نەبوو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیەكی راستەوخۆ لەو وڵاتە دورەدەستە دواكەوتووەی هەرچواردەوری وشكانییە(ئەفغانستان سنوری دەریایی نییە) و ئەكەوێتە نیوەڕۆی دەوری جیهانەوە.

لانیكەم لەساڵی(1993)وە ویستی شەڕێكی لەوجۆرە نەبوو. و ئێستا لەتۆنی دەنگی(هیۆ شیلتۆن)دا ئاشكرابوو كەئەم راستییە لەگۆڕاندایە.

سوپای ئەمێریكا ئەچێتە جەنگەوە لەوڵاتێكدا,كەنزیكەی(20)ساڵ لەمەوبەر یەكێتیی سۆڤییەت (620000 – شەش سەدوبیست هەزار)سەربازی بۆ بردبوو, ولەماوەی نزیكەی(11)ساڵدا, (15000 – پانزەهەزار) سەربازی كوژرابوو, و(55000 – پەنجاوپێنج هەزار)برینداریشی هەبوو.

ئەمزانی كە(دۆناڵد رامسفێڵد) شێوازێكی زۆرجیاوازی ئۆپەراسیۆنی ئەوێت. و لەماوەی هەشت مانگی رابردوودا زۆر شت لەشێوازی بیركردنەوەی رامسفێڵد تێگەیشتبووم. و ئەو تەنیا وەزیرێكی باشی جەنگ بوو.

زۆر گیروگرفت هەبوو سەبارەت بەجەنگ لەئەفغانستانی شاخاوی و دورەدەست و گۆشەگیردا, بەجۆرێك پلانێكی

www.pertwk.com

کاریگەریەوای پێویستە کەشێوازی بیرکردنەوەی باو تێپەڕێنێت.

رامسفێڵد کاتێکی زۆری نەبوو بۆگوێگرتن لەچارەسەری کۆن بۆئەم رووبەڕووبوونەوە تازانە, و حەزی لەبیرۆکەی زیرەکانەی کتوپڕبوو. زۆر چاکیش پێشوازیی لەبیرۆکەی داهێنەرانە ئەکرد. و منیش چەندین ساڵ بوو لەبواری داهێنان و ئامادەکردنی تەکتیکی نەرمدا کارم ئەکرد. و ئێشتاکاتێکی گونجاوە بۆئەوەی بزانم ئایا ئەو کارانەم بەرهەمیان ئەبێت؟

لەبەرامبەریشدا سەرۆك سوربوو لەسەر ئەنجامدانی کارێك. و ئەمێریکا نیوەی رێوشوێنەکانی وەرگرتبوو، و ئێمەلەدۆخی جەنگدا بووین.

وتم: ((هیۆ, تاسبەینێ چەندین بیرۆکەمان لەبەردەستدا ئەبێت. من پلانێکی سوکەڵەت نادەمێ کەبریتی بێت لەچالاکیی فڕۆکە و موشەك.......بەڵکو پلانێك کەئەنجامی باشی هەبێت)).

وتی: ((تێئەگەم و منیش ئەوەم بەلاوە پەسەندە,تۆم)).

پێموت: ((پێویستم بەهەفتەیەك تا 10 رۆژ هەیە بۆئامادەکردنی کارنامەیەکی تەواو. و تائەوکاتەش پێویستە کەشتیی و فڕۆکە و هێزەکانمان ئامادەبکەین بۆدابینکردنی بارودۆخی گونجاو:



یەکەم: تێکشکاندنی(قاعیدە)لەئەفغانستان.

دووەم: رامالێنی رێژیمی تالیبان.

ئەبێت ئەم دووئەرکە, ئەرکی سەرەکیمان بن)).

هیۆ وتی: ((رازیم.بەڵام کاتیش گرنگە)).

هەرووکمان بیرمان لەئاگادارییەکانی هەوالگریی ئەکردەوە سەبارەت بەئەگەری هێرشی تیرۆریستیی تر. و بۆساتێك بیرمان لەوەکردەوە کەگورزێك بوەشێنین,پێش ئەوەی گورزی دووەممان لێبدرێت.کەواتە کات بەراستیی گرنگ بوو.

تەلەفۆنە سورەکەم داخستەوە و بۆساتێك بیرم لەوشێوازە تازەیەی هەڕەشە کردەوە کەئەمێریکا رووبەڕووی بووەتەوە.شێوازێکی نوێی جەنگ کەخەریك بووین ئەنجامیان ئەدا.

فەرماندە و لێکۆڵەرەوەکان بەردەوام باسی هونەری ئەنجامدانی جەنگ ئەکەن.بەڵام جگەلەوە هەموو جەنگێك پێکهاتووە لەتاوتوێکردنی چەندین راستیی سەرەکیی و دیاریکراو, و ئەمەش بریتییە لەزانستی جەنگ: چاکترین تێگەیشتن لەخاڵەبەهێزەکانی دوژمن, توانا و نیازەکانی, بایەخدانی تەواو بەو گۆڕەپانەی شەڕەکەی تیائەکرێت, و هەڵسەنگاندنی پێویستییەکانی گواستنەوە و پشتیوانیکردنی هێزەکان بەژمارەی پێویست,(لەگەڵ دۆخێکی وەك ئەوەی ئەفغانستان و هەڵکەوتە جیۆگرافیکەکەی), هەڵبژاردنی

www.pertwk.com

تێکەڵەیەکی چاکی یەکەسەربازییەکان بۆجێبەجێکردنی ئەرکەکە. و ئەمەش مەبەستی ئەو پلاندانانە سەربازییەیە کەپێی ئەوترێت(پێکەوەبەستنی هێزەکان),کەپێویستی بەبەراوردی نێوان چەك و تواناکانی خود و دوژمن هەیە. و هەموو ئەم توخمانە ئەکرێت بەشێوەیەکی نمونەیی گەڵاڵە بکرێن و لەکاتی شیکردنەوەی ئەزموونیدا بڕیاری یەکلاکەرەوەیان لەبارەوە بدرێت.

ئینجا ئەبێت ئەم هەموو(زانست) ە روونبکرێتەوە بۆ(دۆناڵدرامسفێڵد)و تیمی ئاسایشی نەتەوەیی و پاشان بۆ(جۆرج دەبلیو بوش). و پاش ئەوە قسەبکەین لەسەر(هونەر)ی جەنگ, واتە, گرنگیی مانۆڕی خێرا, قەبارەی هێز, کۆنترۆڵی هەوڵەکان, و سەرکێشی(مجازفە)و کات و بەدیهێنانی ئامانجەکان.

ئەشێت ئەوپلانەی پێشکەشی ئەکەم پێکهاتبێت لە(هونەر)و(زانست).

هەڵەکانی سۆڤییەت دووبارەناکەینەوە, و قاعیدە لەئەفغانستان تێکئەشکێنین و دەسەڵاتی تاڵیبان رائەماڵین.هەموو ئەمانە و توخمی کات زۆرگرنگە. یان وەك باوکم ئەیوت: (( زۆرکارت لەبەردەستدایە کە ئەبێت ئەنجامی بدەیت.....کەچی کاتێکی کەمت لەبەردەمدایە بۆ ئەنجامدانیان)).



■ **دوای پەلامارەکە دانم بەو راستییەدانا کەئەو تیرۆریستە سەرکەوتووترین زەبری لەوڵاتەکەم وەشاندووە.**

مشتم نوقاند,بەڵام جارێکی تر خووی سەربازێکی جەنگاوەرم گرتەوە,و لەگەڵ ئەوەی تووڕەبووم, بەڵام ئارام بووم.

تەنیا ئێستا لەهۆکاری تیرۆرکردنی(ئەحمەد شامەسعود)تێگەیشتم.چونکە(بن لادن)ئەیزانی دوای پەلامارەکەی, ئەمێریکا لەئەفغانستان تۆڵەی لێئەکاتەوە,بۆیە هەندێك هەنگاوی خۆپارێزیی نا بۆپەکخستنی هاوپەیمانیی باکوور بەتیرۆر کردنی کەسێتییەکی کاریگەری وەك(مەسعود).

دانیشم بەو راستییەدا نا: ئەو تیرۆریستەی سەدان کەسی کوشتووە لەدیپلۆماتەکانی ئەمێریکاو کەسانی سەربازیی و سڤیلی بێتاوان, سەرکەوتووترین هێرشی دژی وڵاتەکەم ئەنجامداوە لەناو خاکی ئەمێریکادا.

دیمەنێکی چاوەڕوان نەکراو بەمێشکمدا هات: (بن لادن)کەسێکی ترسنۆك نییە,بەڵکو دوژمنێکی سەرسەخت و فەرماندەیەکی ئازای هێزێکی بەتوانای خۆبەختکەرە.

www.pertwk.com

زەنگی تەلەفۆنەكە لەبارەگەی فەرماندەیی ناوەندیی لە(تامبا)لێیدا, (رایفل دیلۆنگ)قسەی ئەكرد.و وتی: ((ئەتوانین بەم تەلەفونە نەپارێزراوە قسەبكەین تاپسپۆڕانی پەیوەندییەكان,هێڵێكی تەلەفۆنی جفرەدار ئامادەئەكەن, كەبتوانین فەرمانی(Threat Con Delta) بۆهەموو هێزەكان دەرئەكەین,بەڵام ئەویش تەنیا كاتێك كە پێشبینیی هێرشێك بین,یا ئەگەر پەلامارێك ئەنجامدرا....

بەدواداچوونی تەلەفزیۆنیی بەبێ پچران بەردەوام بوو,بەشێك لەسەربانی پینتاگۆن دارِما,پاش چەند خولەكێك چەند دیمەنێكی لێڵ دەركەوت كەدوكەڵ لەناوچەیەكی كشتوكاڵیی باشووری خۆرئاوای (بیتسبێرگ) بەرزئەبووەوە,ئەوشوێنەی چوارەم فڕۆكەی رفێنراوی لێكەوتەخوارەوە. ئەو فڕۆكەیەگەشتی ژمارە(93)ی كۆمپانیای(یونایتد ئێرلایەنز)بوو,و بووەهۆی كوژرانی هەموو سەرنشینەكانی.

من نەمئەتوانی لەرِێی ئەوتەلەفۆنەوە كاربكەم.پێویستم بەپەیوەندییەكی پارێرزراو هەبوو بۆدەنگ و زانیاریی لەرِێی مانگی دەستكردەوە.

پسپۆڕانی پەیوەندییەكان پێیان وتم ئەمكارە سەعاتێك ئەخایێنێت تاكێبلەكان لەسەربانی هۆتێلەكەوە كە دیشی سەتەلایتەكەی لێدانراوە,رائەكێشنە خوارەوە.



وتم: (( بن لادن.....ئەی مەلعون.......ئەچم لەسەربان كارئەكەم)).

لەسەربانی هۆتێل(كایدۆن)لەسەركورسییەكی پلاستیكیی دانیشتم, ولەرِێی پەیوەندیی جفرەییەوەلەگەڵ ئەندامانی فەرماندەیی ناوەڕاستی لەفلۆریدا قسەم كرد. ورێنماییم دایە(جین رینوار) بۆ دەستنیشانكردنی ئامانجەكانمان لەئەفغانستان.

لەبەركەمیی زانیاریی هەواڵگریی,گرفتمان هەبوو لەدەستنیشانكردنی كامپەكانی مەشقی سەربە(قاعیدە) و ئۆردوگاكانی پشتیوانیی.

كۆمەڵێك ئامانجی دامودەزگا سەرەكییەكانی تاڵیبانمان دەستنیشانكرد,لەگەڵ بنكەی بەرگرییەكانی ئاسمانیی و تۆڕەكانی راداری ئاگاداركردنەوەی پێشوەخت.ئێستا كاتی جێبەجێكردنی ئەو هەنگاوانەیە.

پاشان رێنماییم دایە كارمەندانی تیمەكە بۆهاوئاهەنگیی لەگەڵ(جێگری ئەدمیراڵ – ویلیمۆر)بۆ مسۆگەركردنی ئەوەی هەمووكەشتییەكانمان لەناوچەكە سەردانی بەندەرەكان هەڵوەشێننەوە,و بگەرِێنەوە قوڵایی دەریا,چونگە دیمەنی كەشتیی(كۆڵ)م هێشتا لەبەرچاوە چۆن دووكەڵی لێبەرز ئەبووەوە.

www.pertwk.com

لەگەڵ دابەزینی پلەی گەرمای پاشنیوەڕۆ, ئەرکە پەلەکانی ناولیستەکەم یەك لەدوای یەك جێبەجێکرد.

لەکاتی کارکردنم لەپاڵ دیشی سەتەلایتەکەدا,(ڤان مۆنی)و یاریدەدەرەکەم(لیفتنانت کۆلۆنێل)ی مارینز,لە نزیکمەوە دانیشتبوون بۆسەرپەرشتیی تەلەفۆنەکان. وەڵامی تەلەفۆنەکانیان ئەدایەوەو فەرمان و زانیارییەکانیان ئەگەیاند.

هەمووان لەدوای شۆکی یەکەمی دیمەنە تەلەفزیۆنەکانی پەلامارەکە ئارام بوونەوە, و پیشەییانە کەوتنەوە کار.

ڕێنمایی بەپەلەم نارد بۆهەموو نوێنەرێکی سەربازیی گەورە لەناوچەکە,تا بۆم دووپات بکەنەوە کەفەرمانی چوونە قۆناغی(Threat Con Delta)یان وەرگرتووە,چونکە لەوانەیە(قاعیدە)پلانی هەبێت بۆ پەلاماردانی ئامانجی زیاتری ئەمێریکا,بە تایبەت دژی یەکە دوورەدەستەکان.

نەمئەویست فەرماندەکانمان توشی ڕووداوی کتوپڕبن لەکاتێکدا ئەگەر فەرمانەکانی (پینتاگۆن)یان پێنەگەیشتبێت.

لەبەرەبەیاندا گوێم لەدەنگێکی سەیر بوو,کەلەدەنگی ئەلەکترۆنیی ئەچوو,کەچی(کونەپەپوو)ی ئەسینا بوو(ئەوبالّدارە بچووکە چاو زلەی بۆیەکەم جار- 2500ساڵ



لەمەوبەر — لەپارەی- گریکدا — وێنەی کێشراوە)کەلەگەڵ خۆرهەڵاتندا ئەیخوێند.

بە(رایفل)ی یاریدەدەرمم وت: ((ئەمەوێت بەزووترین کات بگەڕێمەوە بۆ(تامبا.))

وتی: ((بواری ئاسمانیی ئەمێریکا داخراوە)). تیمی فڕۆکەکەش هەمان شتیان دووپاتکردەوە.

بیرم لەوەکردەوە لەگەشتەکەم بەردەوام بم و بچم بۆبینینی(سەرۆك موشەڕەف)لەپاکستان, چونکە ئەگەر پێوستمان بەگوشار بێت, ئەوە ئێستا کاتی هاتووە.

کە لەمانگی(کانوونی دووەمدا) لەپاکستان(موشەڕەف)م بینی,باسی یارمەتیی نێودەوڵەتیی کرد بۆمامەڵەکردن لەگەڵ تالیبان. و بێگومان ئەگەر بێتە پاڵمان لەشەڕەکەدا,ئەوا ئەمێریکا یارمەتی زۆری ئەدات. و سەرەڕای ئەوەی گۆشەیەکی تایبەتی هەیە لەجیهاندا,لەناوەڕاستی چالاکییە سەربازییەکانی ئەمێریکادا, ئەبێت بەزووترین کات رایگەێنێت کەلەگەڵ کام لادا ئەبێت.

بەڵام ئەشمویست بگەڕێمەوە بۆ تامبا, بۆیە بە(رایفل)م وت کە بە(هیۆ شیلتۆن)رابگەێنێت,من (6)سەعات چاوەڕێ ئەکەم پێش ئەوەی بریار بدەم بچم بۆ کوێ.

پاش ئەوە پەیوەندییەکی هاوبەشم لەگەڵ(رایفل)و (جیم رینوارت)کرد و پێموتن: ((بەرای من ئەمە کاری قاعیدە و

www.pertwk.com

ئوسامە بن لادنە,چونكە تەنیا ئەوان ئەتوانن هێرشێكی واگەورە ئەنجام بدەن. جین, ئەمەویت تۆ و (جیف كیمۆنز)ئامانجەكان لەئەفغانستان چاكتر دیاریبكەن)).

دوا ساتێك بیركردنەوە پرسیم: ((دوا مەزەندەی ژمارەی قوربانییەكان چەندە؟))

(رایفل دیلۆنگ)لەگەڵ شاردنەوەی هەستی خۆی وەڵامی‌دایەوە: ((دەزگەكانی راگەیاندن باسی(6 تا 10)هەزار كوژراو ئەكەن تەنیا لەنیویۆرك, وهەرچەندە مەزەندەكان كەمتر ئەبنەوە, بەڵام هەر ژمارەیەكی زۆر ئەبێت)).

پاشان وتی: ((چەند سەد كەسێك لەپینتاگۆن بێسەروشوێنن, و تائێستا كوژرانی(80)كەسیان دووپاتكراوەتەوە)).

وتم: ((كەواتە بائامانجەكانمان لەسەر پێنج گریمانە دیاریبكەین:

یەكەم: هێرشەكەی سەرئەمێریكا لەرێی(قاعیدە)وە كەلەئەفغانستانە ئەنجامدراوە.

دووەم: ئەوانەی پلانەكەیان داناوە و فەرمانی ئەنجامدانی هێرشەكەیان دەركردووە لەئەفغانستانن.

سێیەم: بڕیارێكی نەتەوەیەكگرتووەكان دەرئەچێت بۆ وەشاندنی گورزێك.



چوارەم: هۆكاری هەڵسوكەوتمان لەلایەنی قانونییەوە هیچ گرفتێكی نییە.

پێنجەم: رەزامەندیی و هاوكاریی هەموو سەركردە ناوچەییەكان بەدەست ئەهێنین بۆ پەلاماردانی ئەفغانستان)).

(جیم)وتی: ((زۆر تەواوە گەورەم)).

وتم: (( كەواتە با بكەوینە خۆ)).

(ڤان مۆنی)راپۆرتی دۆخی نهێنیی موشەكەكانی(تۆماهۆك)ی بۆهێنام كەپێشتر داوامكردبوو.

لەماوەی(24)سەعاتدا(80)موشەك لەدەریای عەرەب ئامادە ئەبێت بۆبەكارهێنان و لە(48)سەعاتدا نزیكەی(200)موشەك ئامادە ئەبێت.

كە من سەیری راپۆرتەكەم ئەكرد,ژێردەریاییە هێرشبەرەكانمان لەجۆری(لۆس ئەنجلس)و كەشتییە تێكشكێنەرەكانی جۆری(بۆرك) بەخێرایی بەرەو (تەنگەی هورمز)بەرێوەبوون.

تاریك داهات و شنەباكە بەتەواوی وەستا و خوێندنی كونەپەپووەكە دەستیپێكردەوە, و من بەردەوام بووم لەكاركردن لەسەردواخاڵەكانی كارنامە بەپەلەكە.

ئەم هەنگاوە كردەوەییانە یارمەتییاندام بۆپارێزگاریكردنی زنجیرەی بیركردنەوەم, بەڵام

ئەمەکارێکی ئاسان نەبوو. و مێشکم زۆر بەخێرایی ئاڵوگۆڕی ئەکرد.

توانای هێزەکانمان لەناوچەکەدا چەندە؟ ئامادەییان چۆنە؟ ئەو دەستەو تاقمانە چەندن کەقاعیدە ئەتوانێت بیانهێنێتە شەڕەوە؟ ئایا هەوڵی تەواومداوە بۆ پاراستنی هێزەکانمان؟ ئایا هیچکام لەهاورێکانم لەپینتاگۆن کوژراون؟ و بیرەکان هەروەك دەنگی کونەپەپووەکەی ئەسینا یەك بەدوای یەکدا ئەهاتن.

**■ هەر لەگەڵ خۆکێشانی فڕۆکەکە بەتاوەری دووەمدا, وتم: ئوسامە بن لادن هەی مەلعون! و لەگەڵ بیستنی هەواڵی کوژرانی(مەسعود)یش وتم: ئەمە لەئیشی قاعیدە ئەچێت.**

- کەنداوی سودا – دورگەی کریت – یۆنان – 11ی سێپتەمبەری 2001:

راپۆرتێکی هەواڵگریم بەدەست گەیشت,تیایدا هاتبوو: (ئەحمەدشامەسعود)ی فەرماندەی هاوپەیمانیی باکووری ئەفغانستانی دژی تاڵیبان,تیرۆر کرا.

دووعەرەب بەناوی رۆژنامەنووسەوە بۆمبێکیان لەکامێرایەکی ڤیدیۆدا چاندبوو, و لەبارەگاکەی نزیك سنووری ئۆزبەکستان خۆیان تەقاندبووەو کوشتبوویان.و ئەم کارە لەشێوازی کارەکانی(قاعیدە)ئەچێت.



من لای‌خۆمەوە هیچ پێم سەیرنەبوو,چونکە ئوسامە بن لادن و مەلاعومەری سەرکردەی تاڵیبان, بەلاوازکردنی هاوپەیمانی باکوور دەسکەوتی گەورە بەدەست دێنن.

خۆزگەم خواست ئەم هەواڵەم چەند رۆژێك پێشتر لەواشنتۆن پێبگەیشتایە,پێش دیدارەکەم لەگەڵ ژەنەراڵ(محەمەد ئەحمەد)ی بەڕێوەبەری هەواڵگریی گشتیی پاکستان, کەگفتوگۆیەکی(بێ پێچ و پەناو کراوە)مان (وەك دیپلۆماتەکان ئەڵێن)ئەنجامدا. بەواتایەکی تر دیدارەکە زۆر سەنگین بەڵام راستەوخۆ و لەڕووبوو.

پاکستان پێویستی بەپارچەی یەدەك هەبوو بۆ فڕۆکە بۆمبهاوێژەکانی جۆری(F-16)ی ئەمێریکایی و فڕۆکەی بارهەڵگری جۆری(C-130)و فڕۆکەی چاودێریی دەریایی جۆری(B-3). ئێمەش پێویستمان بەزانیاریی هەواڵگریی دروست بوو لەسەر قاعیدە و ئوسامە بن لادن.زانیارییەك کەبتوانین لەرێیەوە ئامانجەکانمان دیاریبکەین.

هەربۆیە بە(ژەنەراڵ محەمەد)م راگەیاند کەهاوکاریکردن دووسەرەیە.

دیارە لەپەیامەکە تێگەیشت و بەڵێنیدا سەرۆك موشەڕەف لەناوەڕۆکی کۆبوونەوەکە ئاگادار بکاتەوە.

منیش بە رەزامەندیی رامسفێڵد و بەهاندانی(جۆرج تینیت) بەڕێوەبەری ئاژانسی هەواڵگریی‌ناوەندیی (CIA) ئەم قسانەم بەژەنەراڵ وت.

www.pertwk.com

ئێستا و دوای ئەوەی لە(كریت)نیشتینەوە, (كاسی) هاوسەرم ئەوجانتایەی داگرت كەتایبەتە بەمانەوەی یەك شەومان لە (سوویت)ەكەی خۆمان لەهۆتێل(كایدۆن)كەئەڕوانێت بەسەر بەندەرێكی(فینیقی)ی سەدەكانی ناوەڕاستدا.

پاشان رووومانكردە بازاڕ بۆكڕینی پێداویستییەكانمان.

لێدانی دەرگەی ژووری هۆتێلەكە لەخەو رایپەڕاندم. هەستام و سەیری كاتژمێرەكەمم كرد.سەعات چواری پاش نیوەڕۆ بوو.

دیارە شتێك نائاساییە چونكە ئەبوو سەعات پێنج بێدارم بكەنەوە.

بانگیانكردم: (( ژەنەراڵ فرانكس)). دەنگی(ڤان مۆنی) بوو. دەرگەكەم كردەوە,بەدەموچاوێكی شێواوەوە پێیوتم: (( گەورەم, تەلەفزیۆنی ژوورەكەت داگیرسێنە,هەر ئێستا فڕۆكەیەك خۆی كێشا بەیەكێك لەتاوەرەكانی سەنتەری بازرگانیی جیهانیدا لە نیویۆرك)).

جلەكانم پۆشی و (كاسی)هاوسەرم(ریمۆت كۆنترۆڵ)ەكەی دۆزییەوە و تەلەفزیۆنەكەم داگیرساند و وتم: (( ئوسامە بن لادن)).



ئەچم بۆ هۆڵی پەیوەندییەكان......لەسەنتەری پەیوەندییەكان لەهۆڵەكەدا, چەندین هێڵی تەلەفۆنی سڤیل و تەلەفزیۆنێكی گەورەی لێبوو كە خرابووە سەر كەناڵی(CNN).

ژوورەكە پڕبوو لەئەندامانی ستافەكەم. بەبێدەنگیی سەیری تەلەفزیۆنمان ئەكرد, كەدیمەنی تاوەرە هەوربڕە ئاگرگرتووەكەی بلاو ئەكردەوە.

لێدوانەكان, هەروەك لەدۆخێكی لەو جۆرەدا,بێسەرووبەرە, و هەندێكجار دژبەیەك بوون. و بەئاسانی دیمەنە تۆماركراو و راستەخۆكانمان بۆلەیەك جیانەئەكرایەوە.

لەپڕ لەسكرینەكەدا فڕۆكەیەكی تر دەرەكەوت و خۆی كێشا بەتاوەری باشووردا.

لەكاتەدا كەسەیری زمانەی ئاگرەكە و دووكەڵە ڕەشەكەم ئەكرد, تابلۆیەك لەبەشی خوارەوەی سكرینەكە دەركەوت: ((ئەمێریكا رووبەڕووی هێرش ئەبێتەوە)).

هەر ئەوكاتە, و یەكسەر وتم: ((ئوسامە بن لادن, ئەی مەلعون)).

www.pertwk.com

## زنجیرەی بڵاوکراوەکانی خانەی وەرگێڕان لە ساڵی 2005

| ناوی کتێب | زمان | نووسەر | بابەت | وەرگێڕ |
|---|---|---|---|---|
| ئەفغانستان و پێنج ساڵ دەسەڵاتی تاڵیبان | فارسی | وحید مژده | سیاسی | عەلی بیروەندی |
| تۆپەکە | ئینگلیزی | سی. ئێس. فۆریستەر | ڕۆمان | ئەمین شوان |
| ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمەریکا لەسەدەی (21) | | ئا/( ئە نجومەنی داڕشتنی ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا ) | سیاسی | دلاوەر عەبدوڵلا، مجید سالەح - ئارا شێخ عوسمان |
| نهێنی یاری کاغەز | دانیمارکی | یۆستاین گاردەر | فەلسەفە | بەهرۆز حەسەن |
| کلتوری بەجیهانی بوون و بەجیهانی کردنی کلتور | عەرەبی | د.بورهان غلیۆن /د. سەمیر ئەمین | کۆمەڵناسی | خەبات مەحمود |
| چەند لاپەڕەیەك لە سەربوردەی خۆم | فارسی | سەدرەدین عەینی | ژیاننامە | عەزیز گەردی |
| ڕەوشی ئابووری وکۆمەڵایەتی کوردی رواندز | | ئی. ئار. لیچ | کۆمەڵایەتی | عەزیز گەردی |
| تێگەیشتنی تیۆرە سیاسییەکان | فارسی | تۆماس ئارتۆر سپراگێنز | سیاسی | فەرشید شەریفی |
| التنین | کوردی | محەمەد موکری | ڕۆمان | نەبەز کەمال |



| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| پلاندانان و پلاندانانی ڕاگەیاندن | عەرەبی | د.عماد محمد حسین الهلالی | ڕاگەیاندن | دلاوەر عوسمان سالح |
| تۆماری شێتێك | ڕووسی | ن. گۆگۆڵ | شانۆ | جەلال تەقی |
| جوگرافیاو پەیوەندییە سیاسییە نێودەوڵەتییەکان | عەرەبی | محمد عبدالغنی سعودی | جوگرافی | جەزا تۆفیق تالیب ئەحمەد عەلی ئەحمەد |
| گەمییەکەی نوح | تورکی | یەشار کەمال | ڕۆمان | ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل |
| گوتارو وەرگێڕان | فارسی | عەلی سوڵحجوو | وەرگێڕان | کۆساری فەتاحی |
| رینێ دیکارت | ئەڵمانی | رینێ دیکارت | فەلسەفی | د. حەمید عەزیز |
| ڕۆژی شۆڕش | ئینگلیزی | ڕاجی عمر | مێژووی | شیاو محمود کاوە سەباح |
| دۆنی ئارام | عەرەبی | میخائیل شلۆخۆف | ڕۆمان | محەمەد حەمە سالح |
| دووبرا | ڕووسی | لێرمەنتۆف | شانۆ | جەلال تەقی |
| هونەری وانەگوتنەوە | عەرەبی | محمد عبد الرحیم عدس | پەروەردەی | محەمەد سالح مەلا حەسەن هۆرێنی |
| کلیلی دەسەلاتی چوارەم | عەرەبی | د.فاروق عمر علی | ڕاگەیاندن | هیوا سالح ئەحمەد |
| هنری کیسنجەر | عەرەبی | هنری کیسنجر | سیاسی | نەبەز کەمال نوری |
| شیخوخة کلیوباتراو أطفال المطر | کوردی | لەتیف هەڵمەت | هۆنراوە | لەتیف هەڵمەت |
| سەرچاوەکانی دیموکراسی | عەرەبی | لاری دا یمۆند | سیاسی | دلێر میرزا |
| خۆڕاگرەکان | عەرەبی | بۆریس گۆرباچۆڤ | ڕۆمان | خانەی ڕادوگا- مۆسکۆ |
| سۆفیگەرێتی | عەرەبی | نێکۆس کازەنتزاکیس | | ڕەئوف حەسەن |
| نەریتی فاشیزم | فارسی | جۆن وایس | مێژووی | کارزان کاوسێن |
| کورتە مێژووی گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵناسی | فارسی | بۆتۆڵ | کۆمەڵناسی | فەرشیدی شەریفی |
| تاو | عەرەبی | لاوتزۆ و چوانگ تزۆ | فەلسەفی | دیاری عەلی و ڕەئوف حەسەن |
| خاڵە ساڤا | ڕووسی | أ.پ.چیخۆف | شانۆ | جەلال تەقی |
| الأنفال الکورد و دولة العراق | کوردی | شۆڕش حاجی رسول | بەڵگەنامە ی | خانەی وەرگێڕان |
| ڕاوچی | عەرەبی | یەشار کەمال | چیرۆك | تەها ئەحمەد ڕەسول |
| زانستی کیمیا بۆ هەمووان | ئینگلیزی | جی.بی. شولپین | زانستی | د.بایەزید حەسەن |
| صفحات من تاریخ کفاح الشعب الکوردي ج1 | کوردی | فاتح ڕەسول | مێژووی | کەمال غەمبار |
| لەدەربارەی شاوە بۆ زیندانی شۆڕش | عەرەبی | إحسان نرغی | سیاسی | ئەحمەد قادر سەعید |
| ڕۆڵی کارکردن لەگۆڕینی مرۆڤ بۆ مە یمون | ئەڵمانی | فردریك ئەنگڵس | کۆمەڵناسی | کەریم مەلا ڕەشید |
| هونەری شیعر | ئەڵمانی | ئەریستۆتلس | فەلسەفە | د.حەمید عەزیز |
| کۆمەڵگەی نەریتیو کۆمەڵگەی مۆدێرن | فارسی | مالکوم واترز | فەلسەفە | عبدوڵلا ڕەسوولی |

www.pertwk.com

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| خمسون قصيدة مترجمة عن الشعر الأنكليزى الحديث | ئینگلیزی | الأدب الأنكليزى | هۆنراوە | وفاء عبداللطيف زين العابدين |
| حەوت گوتار دەربارەی وەرگێڕان | فارسی | كورش صفوی | وەرگێڕان | رفعت مرادی |
| دیموکراسییەتی ڕاگەیاندن و پەیوەندیکردن | عەرەبی | د. محمد عبدالقادر حاتم | ڕاگەیاندن | مەم بورهان قانع |
| دڵشاد | عەرەبی | سەلیم بەرەکات | ڕۆمان | جەوهەر کرمانج |
| گوڵبژێرێك لە پەندو سەرهاتە ناوازەکان | عەرەبی | هادی عەلەوی | پەند | حسێن عوسمان نێرگسەجاڕی |

| ناوی کتێب | زمان | نووسەر | بابەت | وەرگێڕ |
|---|---|---|---|---|
| چەردەیەکی کۆمەڵایەتیانە لە مێژووی نوێی ئێراق /2 | عەرەبی | د. عەلی وەردی | کۆمەڵناسی | کوێستان جەمال |
| چەردەیەکی کۆمەڵایەتییانە لەمێژووی نوێی ئێراق/5 | عەرەبی | د. عەلی وەردی | کۆمەڵناسی | حەسەن جاف |
| چەردەیەکی کۆمەڵایەتییانە لە مێژووی نوێی عێراق بەرگی (6) | عەرەبی | علی وردی | کۆمەڵناسی | دلێر میرزا |
| چەردەیەکی کۆمەڵایەتییانە لە مێژووی نوێی عێراق پاشکۆی بەرگی (6) | عەرەبی | علی وردی | کۆمەڵناسی | دلێر میرزا |

# زنجیرەی بڵاوکراوەکانی خانەی وەرگێڕان لەساڵی 2006

| ناوی کتێب | زمان | نووسەر | بابەت | وەرگێڕ |
|---|---|---|---|---|
| شانۆی هاوچەرخی سویدی | عەرەبی | د. فازڵ جاف | شانۆی | دلێر میرزا |
| چیرۆکی میللی کوردی Kurdish Folktales | کوردی | محەمەد حەمە ساڵح | چیرۆك | ویلەر سانکستون |
| مارکسیسمی فەلسەفی و ئایدیالیستە هێگلییەکان | فارسی | حوسێن بشیریە | فەلسەفی | مەنسووری تەیفوری |
| کۆمەڵناسی جەنگ | فارسی | گاستۆن بۆتۆڵ | کۆمەڵناسی | مەنسووری تەیفوری |
| یەکەمین ترپە عاشقانەییەکانی دڵم | فارسی | فروغ فەڕوغزاد | ئەدەبی | ئەبوبەکر قەرەداغی |
| سەفەرنامەی هێنری بێندەر | فارسی | هێنری بێندەر | مێژووی | ئەبوبەکر خۆشناو |
| ماڵی بووکە شووشە | ئینگلیزی | هێنریك ئیبسن | شانۆی | تەیمور تاهیر |
| چیرۆکەکانی دۆن | فارسی و عەرەبی | میخائیل شۆلۆخەف | چیرۆك | ئەکرەم عەلی |
| ژیان manای چییە؟ | فارسی | برادلی ترور گریو | فکر | موسلیم ئەحمەد |
| داستانەکانی شانامەی فیردەوسی | فارسی | ئەسەدوللای شەعبانی | مێژووی | دلێر میرزا |
| سەرهەڵدان و دارمانی زلهێزەکان | ئەڵمانی | پاول کێنەدی | مێژووی | د. کوردۆ عەلی |
| صفحات من تأريخ كفاح الشعب الكوردي ج2 | کوردی | فاتح ڕەسول | مێژووی | کەمال غەمبار |
| صفحات من تأريخ كفاح الشعب الكوردي ج3 | کوردی | فاتح ڕەسول | مێژووی | کەمال غەمبار |



| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| هاونەتەوەیی قەومی کوردو ماد | فارسی | حەبیبوللاّ تابانی | مێژووی | جەلیل گادانی |
| ژیارو تازەگەری | فارسی | هەڤپەیڤینێك لە نێوان جەمشیدی بێهنام و رامینی جەهانبەگلوو | فکر | هیوا عەزیزی |
| سەربازێکی ئەمێریکایی | عەرەبی | ژەنەراڵ تۆمی فرانکس | یاداشت | باسط حەمە غەریب |